WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (336) دووشەممە 2014/12/1 10ی سەرماوەزی 2714 (750) دینار

پرۆفیسۆرێکی ئەمریکی:

## کۆنگرێس یاسای پڕچەککردنی پێشمەرگە پەسەند دەکات

**ڕووداو- واشنتن**

پرۆفیسۆر مایکڵ گەنتەر، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی تەکنۆلۆژیی تێنەسی، ڕایگەیاند کە لەو باوەڕەدایە کۆنگرێسی ئەمریکا ئەو پرۆژە یاسایە پەسەند بکات کە ڕێ بە حکومەتی واشنتن دەدات ڕاستەوخۆ و بێ گەڕانەوە بۆ بەغدا، چەکی پێشکەوتوو بۆ هێزی پێشمەرگە بنێرێ. ئێد ڕۆیەس، سەرۆکی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی کۆنگرێس، هەفتەی ڕابردوو ئەو پرۆژە یاسایەی خستە بەردەم کۆنگرێس.

ئێد ڕۆیەس بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم یاسایە دواجار ڕێگە دەدات کە ئەو 190 هەزار پێشمەرگەیەی کوردستان چەکی پێویستیان پێبگات".

هەر لەوبارەوە مایکڵ گەنتەر کە 11 کتێبی لەسەر کورد نووسیوە، گوتی "ئەو یاسایە ئێستا لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، بەڵام پێموایە تێدەپەڕێت".



3 »



ئەسیل نوجێفی:

### ڕۆڵی پێشمەرگە لە گرتنەوەی مووسڵ ناڕاستەوخۆ دەبێت

5



### سوێدییەک پشووی ساڵانەی لە کۆبانی بەسەردەبات

11

### هەڤاڵ ئەبوبەکر دەبێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی

4

بەپێی ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا

# کوردستان ڕۆژانە 450 هەزار بەرمیل نەوت دەداتە عێراق

3 »





## پاسەوانی کۆمپانیایەک خۆی دەکوژێت



**دیمەن بورهان- هەولێر**

رائید کاروان عەبدولکەریم، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند "کاژێر 1:30ـی شەوی 2014/11/30 پێشمەرگەیەکی زێرەڤانی بەناوی (ع.خ.ی) تەمەن 43 ساڵ، کە خەڵکی تەقتەقە و لە یەکێک لە کۆمپانیاکانی نەوت لە کەورگۆسک ئێشکگر بووە، لەکاتی ئێشکگریدا گوللەیەکی لەسەری خۆی داوە و دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە". گوتیشی "ئێمە وەکو پۆلیسی پارێزگای هەولێر چووینە شوێنی رووداوەکە و تەرمەکەمان گواستەوە بۆ نەخۆشخانەی رزگاری و دۆسیەی لێکۆڵینەوەشی بۆ کراوەتەوە".

ئوسامە جەمیل:

# داعش پێیانگوتم زمانت نەگری دەیبڕین



**سیروان عەباس**
**رووداو- هەولێر**

ئوسامە جەمیل، کادیری دیاری یەکگرتووی ئیسلامی لە شاری هەولێر و ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی، دەڵێت داعش بە زمانی کوردی هەڕەشەیان لێکردووە و پێیانگوتووە "ئەگەر زمانی خۆت نەگری زمانت دەبڕین".

ئوسامە جەمیل لە کاتی بەشداریکردنی لە بەرنامەی گوتوبێژ لە رادیۆی (رووداو) گوتی "من یەکێکم لەو کەسانەی کە راستەوخۆ لەلایەن داعشەوە هەڕەشەم لێکراوە و پێیانگوتووم ئەگەر منداڵەکانی مەلا جەمیل بێدەنگ نەبن زمانیان دەبڕین".

مەلا جەمیل عەلی کە (پێنج) کوڕ و (دوو) کچی هەن، منداڵەکانی دەستێکی باڵایان هەیە لە نێو راگەیاندنی یەکگرتوو، تەنانەت کچەکانیشی لە راگەیاندنی یەکگرتوو کاریان کردووە.

ئوسامە جەمیل باسی ناوەڕۆکی ئەو "هەڕەشە"یەی داعشی کرد کە لێیکراوە و گوتی "نامەکەم لە رێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەرەوە پێگەیشتووە و بە زمانی کوردی نووسرابوو: ئەگەر منداڵەکانی مەلا جەمیل بێدەنگ نەبن زمانیان دەبڕین". بەڵام دەڵێت وەڵامی نەداونەتەوە و بەردەوامە لەسەر رێچکەی سیاسی خۆی و قسەی خۆی کردووە لە دەزگاکانی راگەیاندن. هەروەها گوتی "هەڵوێستی منیش هەڵوێستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە".

ناوبراو هۆکاری ئەو هەڕەشەیەی داعش رووندەکاتەوەو دەڵێت "هۆکاری هەڕەشەکانی داعش لە من ئەوەیە کە من هەمیشە گوتوومە داعش بارودۆخی خەڵکی کوردستان و عێراقی تێکداوە، نە خزمەت بە پرۆژەی ئیسلامی دەکات، نە خزمەت بە سوننە دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوەندەی خزمەت بە شیعە دەکات، بە هیچ لایەنێکی دیکەی ناکات".

ئوسامە جەمیل گوتی کە نازانێت ئەو لایەنگرانەی داعش لە ناوەوەی کوردستانن یان لە دەرەوە و دەڵێت "گومانم لە هیچ کەس و لایەنێک نییە لەبەرئەوەی کە کوردستان بارودۆخی زۆر ئارامە، من ناترسم، بەڵام دەبێت ئیحتیاتی خۆم وەرگرم".

عێراق..

# بە دوو مانگ 381 ملیۆن دۆلار بۆ بواری سەربازی خەرج کراوە

**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

وا بڕیاربوو رۆژی شەممەی رابردوو 2014/11/29 ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق دوایین کۆبوونەوە بۆ تاوتوێکردنی بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی 2015 بکات، بەڵام بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان و کورتهێنان لە بودجە کۆبوونەوەکە سەرکەوتوو نەبوو، بودجە پەسەند نەکرا و رەوانەی پەرلەمانی عێراقیش نەکرا.

دەرباز محەممەد، وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بە (رووداو)ی گوت "لیژنەیەکی وەزاری بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانی بودجە دروستکراوە، چونکە نرخی نەوت بە 70 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک حیسابکراوە، بەڵام ئەو نرخە ئێستا لە بازاڕەکانی جیهان کەمتر لە 65 دۆلارە، پاشان بودجەی گشتی ساڵی 2015 بە 155 تریلیۆن دینار خەمڵێنراوە کەچی 48 تریلیۆن دینار کورتی هێناوە، ئەمەش پێویستی بە چارەسەکردن هەیە چونکە ژمارەکە زۆرە".

### 23%ی بودجە بۆ بەرگری و ناوخۆیە

بەپێی زانیاریەکانی (رووداو)، دوای جێگیرکردنی نرخی نەوت و پڕکردنەوەی کورتهێنانەکان بودجەی گشتی تەخمینکراو 108 ترلیۆن دینار دەبێت، بەبێ لێدەرکردنی بودجەی سیادی و 17%ی پشکی هەرێمی کوردستان.

بەپێی قسەی هۆشیار زێباری وەزیری دارایی عێراق، لە بودجەی گشتی 2015 رێژەی 23%ی بۆ بواری بەرگری و ئاسایش تەرخانکراوە.

ئەحمەد حاجی رەشید، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت "زیاتر لە 31 تریلیۆن دینار لە بودجەی گشتی بۆ بواری بەرگری و ئاسایش دانراوە، بەجۆرێک ئەم بودجەیە زیاتر بودجەیەکی عەسکەری و ئەمنییە".

شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت "لە خولی رابردووش کاتێک بودجە هاتە پەرلەمانی عێراق هەمان ئەو بڕە پارە زۆرە بۆ بواری ئاسایش و بەرگری تەرخانکرابوو لە کاتێکدا ئەوکات شەڕی داعش نەبوو، ئێستاش پارەکە بە هەمانشێوەیە، بەڵام پەرلەمان سەڵاحیەتی گواستنەوەی هەیە بۆ بوارەکانی دیکە، بەڵام ئەو کارە زۆر زەحمەتە چونکە خەرجییەکانی شەڕی داعش زۆر لەسەر عێراق دەکەوێت".

### بە دوو مانگ 380 ملیۆن دۆلار خەرجکراوە



التخصيصات التي وافق السيد رئيس الوزراء عليها ضمن صلاحياته في القرار ٣٢/لسنة ٢٠١٤

| ت | المبلغ المخصص | العملة | الجهة المخصصة لها | الغرض | رقم الكتاب | التاريخ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٣٩٦,٨٤٥ | دولار | وزارة الداخلية | الوات احتياطية لعجلات الهامفي | ٢٠٩٧ | ٢٠١٤/١٠/٣٠ |
| ٢ | ٦٨,٣٣٥,٠٢٢ | دولار | الدفاع/قيادة القوة الجوية | شراء صواريخ هيل فاير | ١٥٩٧ | ٢٠١٤/١٠/٢٢ |
| ٣ | ٢٢,٠٩٢,٣٠٨,٠٠٠ | دينار | الدفاع/قيادة عمليات بغداد | شراء معدات هندسية | ١٩٥١ | ٢٠١٤/١٠/٢٨ |
| ٤ | ٢٧٥,٥٨١,١٨٩,٢٠٠ | دينار | وزارة الداخلية | ادامة زخم المعركة | ٣٠٧٥ | ٢٠١٤/١١/١٩ |
| ٥ | ٢٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | دينار | محافظة صلاح الدين | دعم المتطلبات الامنية | ٢٨٢٥ | ٢٠١٤/١١/١٢ |
| ٦ | ٢٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | دينار | محافظة كربلاء | لمقتضيات الوضع الامني | ٢١٣٥ | ٢٠١٤/١١/١ |
| ٧ | ٢٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | دينار | محافظة كربلاء | تغطية مصاريف الزيارة المليونية | ١٦٧٤ | ٢٠١٤/١٠/٢٣ |
| ٨ | ١٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ | دينار | محافظة الانبار | دعم المتطلبات الامنية | ٣١٩٩ | ٢٠١٤/١١/١٨ |

مجموع الدولار/ ٦٨,٧٣١,٨٦٧ مليون دولار (فقرتان)

مجموع الدينار/ ٣٧٧,٦٧٣,٤٩٧,٢٠٠ مليار دينار (ست فقرات)

بەپێی بەڵگەنامەیەک کە دەستی (رووداو) کەوتووە، لە ماوەی دوو مانگی رابردوودا بە بڕیاڕی حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، بڕە پارەیەکی زۆر بۆ بواری ئەمنی و بەرگری خەرجکراوە، بە جۆرێک بڕی 68 ملیۆن و 731 هەزار دۆلار لە شوێنێک، هەروەها لە شوێنێکی دیکە 377 ملیار و 673 ملیۆن دینار کە دەکاتە زیاتر لە 314 ملیۆن دۆلار، لە دوو مانگی رابردوودا لە بواری ئەمنی بۆ وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ خەرج کراوە، زۆربەی ئەم پارانەش بۆ کڕینی مووشەک و ئۆتۆمبێلی هامفی و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی بەغدا و رێوشوێنەکانی زیارەتی ملیۆنیی شیعەکان بۆ کەربەلا و پاڵپشتی شەڕی دژ بە داعش خەرجکراوە.

عێراق بەهۆی شەڕی دژی داعشەوە تووشی قەیرانێکی دارایی گەورە هاتووە کە دابەزینی نرخی نەوت لە سەرووی 100 دۆلارەوە بۆ کەمتر لە 70 دۆلار لەماوەیەکی زۆر کورتدا هێندەی دیکە ئەو قەیرانەی سەخت کردووە.

زیانەکانی عێراق لەدوای دەستبەسەرداگرتنی هەردوو پارێزگای نەینەوا و سەڵاحەدین لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ لەلایەن داعشەوە و تێکشکاندنی سوپای عێراق لەو دوو پارێزگایە بەشێوەیەکی دراماتیکی، بەگوێرەی هەندێ مەزەندە خۆی لە 25 ملیار دۆلار دەدات.



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (336) دووشەممە 2014/12/1



## نێچیرڤان بارزانی: پێشمەرگە ناکەینە قوربانی بۆ موسڵ

**ڕووداو- هەولێر**

ڕێناس جانۆ، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی، لەکاتی بەشداریکردنی لە بەرنامەی گوتووێژی ڕادیۆی ڕووداودا ڕایگەیاند " نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەی شەهید و بریندار و گیراوانی پێشمەرگەی لە شەڕی گرووپی داعش داوەتە بەرپرسانی عێراق و پێیگوتوون پێشمەرگە ئەم قوربانییانەی پێشکەشی عێراق کردووە، ئەی حکومەتی عێراق چی پێشکەشی پێشمەرگە دەکات". لەبارەی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵیش بارزانی گوتوویەتی "هەرێمی کوردستان ئامادە نییە بۆ گرتنەوەی موسڵ پێشمەرگە بە کوشت بدات، لە کاتێکدا خەڵکی موسڵ خۆیان ئامادەنین شارەکەی خۆیان کۆنترۆڵ بکەنەوە".



### بەپێی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا

# کوردستان ڕۆژانە 450 هەزار بەرمیل نەوت دەداتە عێراق

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- بەغدا**

دواجار قوفڵی نەوتی کوردستان بە تەواوەتی کەوتە دەستی کورد، چونکە حکومەتی بەغدا کە لەساڵی 1927ەوە نەوتی کەرکووک دەردەهێنێ و دەیفرۆشێت، ڕازی بووە کورد ئەو نەوتە دەربهێنێت و لە ڕێگای کۆمپانیای سۆمۆوە هەناردەی بکات، لە بەرامبەریشدا پشکی تەواوی خۆی لە بەغدا کە 17%ی بودجەی گشتی عێراقە وەربگرێت. بەڵام کورد هێشتا دڵنیا نییە لە نەرمی نواندنی بەغدا.

سەردانەکەی عادل عەبدولمەهدی وەزیری نەوتی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان، کەمێک لە بەستەڵەکی پەیوەندییە ساردو سڕەکەی نێوان هەولێر و بەغدای تواندەوە، لەو سەردانەدا ڕێککەوتنێکی سەرەتایی کرا، کە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 150 هەزار بەرمیل لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە هەناردە بکات و بەغداش بڕی 500 ملیۆن دۆلار بۆ کوردستان بنێرێت، هەردوولا بەڵێنەکەیان بردەسەر، ئەمەش ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ سەردانی وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا.

ڕۆژی 30/11/2014 شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدای کرد، یەکەم دیداری نێچیرڤان بارزانی و شاندەکەی لەگەڵ حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو. هەر دوای سەردانەکە نووسینگەی حەیدەر عەبادی ڕایگەیاند "حەیدەر عەبادی و نێچیرڤان بارزانی بەوردی باسی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدایان کردووە و هەردوولا پەیامی خۆیان گەیاندووەتە شاندی بەرامبەر".

لەو دیدارەدا حەیدەر عەبادی و نێچیرڤان بارزانی باسی مەترسییەکانی داعشیان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان کردووەو عەبادی ئاماژەی بەوە داوە کە "هەڕەشەکانی داعش وامان لێدەکات ڕێکبکەوین".



هەر بەپێی ئەو ڕاگەیێندراوە، سەرۆک وەزیران نێچیرڤان بارزانی بە عەبادی گوتووە: "هەنگاوەکانتان هاندەرن بۆ هەموو عێراقییەکان". گوتووشیەتی "هەڕەشەی داعش لەسەر هەموومانە و تەنیا بیر لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان ناکەینەوە".

ئەوەی تاوەکو ئێستا لە ڕاگەیاندنەکان لەبارەی کۆبوونەوەی هەولێر و بەغدا بڵاوکراونەتەوە زۆرتر شتی گشتین، بەڵام (ڕووداو) بەشێک لە وردەکارییەکانی کۆبوونەوەی نێوان هەردوولای دەستکەوتووە.

### دەبێت کوردستان 450 هەزار بەرمیل نەوت بداتە بەغدا

بودجەی گشتیی عێراق کە زۆرتر پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت بۆ ساڵی 2015 بە 160 ترلیۆن دینار خەمڵێنراوە. نرخی هەر بەرمیلێک نەوت بە 70 دۆلار خەمڵێنراوە.

حکومەتی عێراق لە مانگی 3ی ئەمساڵەوە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕیوە، تەنیا لە مانگی ڕابردوودا بڕی 500 ملیۆن دۆلاری بۆ کوردستان ناردووە. بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت بەغدا بڕی 16 تریلیۆن دیناری لەلایە. بەپێی ڕێککەوتنی نێوان بەغدا و هەولێر ئەگەر سەربگرێت، دەبێ بەغدا ئەو قەرزەی هەولێر بداتەوە. ئەندامێکی شاندی دانوستاندنکاری کوردی لە بەغدا کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "حەیدەر عەبادی بەوە ڕازی بووە کە ئەم مانگەش بڕی 500 ملیۆن دۆلار بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت، ئەگەر کوردستان بەردەوام بوو لەسەر هەناردەکردنی 150 هەزار بەرمیل نەوتەکە لەڕێگەی سۆمۆ".

هەر ئەو ئەندامەی شاندی دانوستاندنکاری کورد لە بەغدا گوتی "بەغدا داوای لە هەرێمی کوردستان کردووە لە ساڵی داهاتوودا ڕۆژانە 450 هەزار بەرمیل نەوت بخاتە نێو بۆرییەکانی هەناردەکردنی نەوت، 150 هەزار بەرمیل لە نەوتی هەرێمی کوردستان و 300 هەزار بەرمیل نەوتیش لە نەوتی کێڵگەکانی کەرکووک، ئینجا حکومەتی عێراق بڕی 17%ی بودجەی گشتی دەداتە هەرێمی کوردستان". بەڵام دوای دەرکردنی نەفەقاتی سیادی و حاکیمە.

بەپێی زانیاری (ڕووداو) ئەو خاڵە (هەناردەکردنی 450 هەزار بەرمیل نەوت لەلایەن کوردستانەوە) لە پرۆژە یاسای بودجەی گشتی عێراق جێگیرکراوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە کورد دژی پرۆژەی بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2014 وەستایەوە، هەرچەندە پرۆژەکە پەسەند نەکرا، بەڵام بەپێی پرۆژەکە دەبووایە کورد ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل لە نەوتی هەرێمی کوردستان بداتە بەغدا. ئەندامەکەی شاندی دانوستاندنکاری کورد لە بەغدا گوتی "کورد 3 پێشنیازی داوەتە بەغدا لەبارەی نەوتی کەرکووک". بەڵام باسی سێ پێشنیازەکەی نەکرد.

بەپێی پرۆژەی بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی 2015 نەفەقاتی سیادی 34 تریلیۆن دینارە و نەفەقاتی حاکیمەش 11.7 تریلیۆن دینارە، دوای لێدەرکردنی نەفەقاتی سیادی و حاکیمە بودجەی عێراق 114.3 تریلیۆن دیناری لێ دەمێنێتەوە. بەمەش پشکی کورد لەو بودجەی عێراق زیاتر لە 15 تریلیۆن دینار دەبێت.

هەروەها حکومەتی عێراق ڕازی بووە بڕی 2 تریلیۆن دینار لە نەفەقاتی حاکیمە کە پشکی کوردە، بداتە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی خۆی دەرمان و بەشە خۆراکی هاووڵاتیانی پێ بکڕێت.

هەر بەپێی زانیاری ئەو ئەندامەی شاندی دانوستاندنکاری کورد، بەغدا ڕازی بووە بڕی 3 تریلیۆن دینار بداتە هەرێمی کوردستان وەکو مافی ئەو کۆمپانیایانەی لە کوردستان نەوت دەردەهێنن.

دەبێت لە ساڵی داهاتوودا بەغدا 20 تریلیۆن دینار بداتە کوردستان (15 تریلیۆن دینار لە بودجەی گشتی، 2 تریلیۆن دینار لە بودجەی حاکیمە و 3 تریلیۆن دیناریش مافی کۆمپانیاکانی نەوت).

### چارەنووسی 170 هەزار بەرمیل نەوتەکەی کوردستان

ئێستا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە بڕی 320 هەزار بەرمیل نەوت هەناردە دەکات لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکی. بەڵام لەمەودوا دەبێت 150 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕێگەی سۆمۆوە بنێرێت و بەمەش هێشتا 170 هەزار بەرمیلی نەوت دەمێنێتەوە کە دەتوانێت ڕۆژانە بینێرێتە دەرەوە.

ئەندامەکەی شاندی دانوستاندنکاری کورد گوتی "هەولێر و بەغدا گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتەش دەکەن، کە ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەم 170 هەزار بەرمیل نەوتە بنێرێتە دەرەوە یان نا".

### عەبادی لە ڕێگەی کوردەوە شەڕی مالیکی دەکات

ئێستا لە هەموو کات زیاتر بەغدا و هەولێر پێویستیان بە ڕێکەوتنە. چونکە دەرکەوت بەهۆی بڕینی بەشە بودجەکەی لەلایەن بەغداوە، کوردستان تووشی چ گوشارێکی ئابووری بوو، هەروەها بەشێکی زۆری نەوتی عێراق کەوتووەتە دەست داعش.

ئەندامەکەی شاندی دانوستاندنکاری کورد گوتی "عەبادی دەیەوێت بە هەر شێوەیەک بێت لەگەڵ کورد ڕێکبکەوێت، چونکە لە لاوازترین مەوقیفدایە، تاوەکو ئێستا 50%ی دەسەڵاتەکانی حکومەتی عێراق بەدەست نووری مالیکییەوەیە. عەبادی دەیەوێت لە ڕێگەی کوردەوە خۆی بەهێز بکات و دەسەڵاتەکانی مالیکی لە نێو حکومەتەکەی کەم بکاتەوە". هەروەها گوتی "کورد پێویستی بە پارەیە بۆیە ناچارە لەگەڵ بەغدا ڕێکبکەوێت".

گوتیشی "ئەمریکا گوشارێکی زۆری لەسەر هەردوولا هەیە بۆ ئەوەی بگەنە ڕێکەوتن".

---

### پرۆفیسۆرێکی ئەمریکی:

# کۆنگرێس یاسای پڕچەککردنی پێشمەرگە پەسەند دەکات

**یەریڤان سەعید**
**ڕووداو- واشنتۆن**

لەگەڵ لێژبوونەوەی عێراق بەرەو کەناری دابەشبوون، شارەزایان لە واشنتن پێیانوایە سیاسەتی ئەمریکا بەشێوەیەکی لەسەرخۆ بە ئاراستەی کورد دەگۆڕێ. بەڵام دەڵێن گۆڕانکارییەکە بەگوێرەی خێرایی ڕووداوەکانی ناوچەکە نییە.

"ئێستا پرۆژەی یاسایەک لە کۆنگرێسدا تاوتوێ دەکرێ، نازانم یاساکە تێدەپەڕێ یان نا، بەڵام بەپێی ئەو یاسایە حکومەتی ئەمریکا ڕاستەوخۆ چەکی قورس دەداتە هەرێمی کوردستان. ئەو یاسایە ئێستا لەژێر لێکۆڵینەوەدایە، بەڵام پێموایە تێدەپەڕێت". ئەمە قسەی پرۆفیسۆر مایکڵ گەنتەر، مامۆستای زانستە سیاسییەکانە لە زانکۆی تەکنۆلۆژیی تێنەسی کاتێک لە پانێلێکدا لە تینک تانکێکی واشنتن گوتارێکی لەژێر ناوی "داهاتووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" پێشکەش کرد.

"بە شێوەیەکی نافەرمی ئێمە هاوکاریمان بۆ هەرێمی کوردستان ناردووە و پێموایە ئەوە بەردەوام دەبێت و زیاتریش دەبێت. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین سیاسەتی ئەمریکا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام گۆڕانەکە بەپێی پێویست خێرا نییە".

هەفتەی ڕابردوو، سەرۆکی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی کۆنگرێس، ئێد ڕۆیەس یاسایەکی خستە بەردەم کۆنگرێس بۆ ئەوەی ڕێگە بدرێت کە چەک بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێ گەڕانەوە بۆ ڕەزامەندی بەغدا ڕەوانەی هەرێمی کوردستان بکرێت.

"هاوبەشی گرنگمان لە شەڕی دژی داعشدا چەکی زۆر کەمترە لەچاو داعش. سەرەڕای ئەوەی کە چەکەکانیان زۆر کۆنە، بەڵام هێزی پێشمەرگە پێشانی داوە کە کاریگەرترین هێزی زەمینی دژی داعشە. چەندین مانگە من هانی حکومەتی ئەمریکا دەدەم بۆئەوەی ڕاستەوخۆ چەک بداتە کورد. کەسانی دیکەش لە کۆنگرێس هەمان داواکارییان کردووە. ئەم یاسایەی بەردەستمان دواجار ڕێگە دەدات کە ئەو 190 هەزار پێشمەرگەیەی کوردستان چەکی پێویستیان پێبگات".

بە وتەی گەنتەر کە 11 کتێبی لەسەر کورد نووسیوە، چیدی وڵاتێک بە ناوی عێراق نەماوە.

"من گوتوومە عێراق تەواو. ئێستا دەبێت بگوترێت عێراقی پێشوو". مایکڵ گەنتەر هەروەها گوتی "ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێشتا هەوڵدەدات درێژە بە تەمەنی عێراق بدات. بەڵام ئەمە هەوڵێکی شکستخواردووە.. ئێستا عێراق سێ وڵاتی جیاوازە، شیعەستان کە بانگەشەی ئەوە دەکات عێراقە، سوننەستان کە لەژێردەستی داعشە و لەگەڵ هەرێمی کوردستان".

بەرەکانی شەڕ و هێڵەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لە ناوخۆی عێراق سنووری نێوان پێکهاتەکانی عێراقیان کێشاوە. وڵاتەکە بە کردەوە بۆ سێ ناوچەی سەرەکی لە باشوور و ناوەڕاست و باکوور دابەش بووە. ئەمریکا بەردەوامە لەسەر هەوڵەکانی بۆ هێشتنەوەی عێراقێکی یەکگرتوو، بەڵام تێچووی ئەم بەردەوامبوونە لە خوێن و پارە زۆر بەرزە. هەر ئەم هیوای بەردەوامییەشە کە وا دەکات واشنتن ڕاستەوخۆ چەک بۆ هێزی پێشمەرگە نەنێرێت.

مایکڵ گەنتەر دەڵێت "ئەمریکا پێویستە چەکی زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت. بەڵام ناتوانێت چونکە یاسای ئەمریکا دەڵێت پێویستە هاوکاریی سەربازی لەڕێگەی بەغداوە بنێردرێت و بەغداش نایەوێت هاوکاری سەربازیی زۆر ڕادەستی کوردستان بکرێت".

ئەمریکا هەروەها نیگەرانی ئەوەیە کە بەهێزکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە سەربەخۆیی ڕاستەقینە و یەکجارەکی نزیکتری



■ (فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

بکاتەوە. ئەوەش ئەو شتەیە کە ئیدارەی ئۆباما لێی دەترسێ، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە کە کاریگەریی ئێران لەسەر بەشەکانی دیکەی عێراق زیاتر بکات.

گەنتەر هەروەها بوونی داعش بە هەڕەشەیەکی جدی لەسەر هەرێمی کوردستان دەزانێت بەهۆی هێزی سەربازیی داعشەوە کە زۆر زیاترە لەوەی کوردستان.

"داعش هەڕەشەیەکی جدییە. داعش خەریک بوو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەناوببات، ئەوەش شۆکێک بوو بۆ هەموومان. کێشەکە ئەوەیە حکومەتی ئەمریکا نوێترین تەکنەلۆژیای سەربازی ڕادەستی داعش کردووە لە ڕێگەی سوپای عێراقەوە، بەڵام کورد لە تەکنەلۆژیای سەربازی بێبەش کراون. لەبەرئەوە بوو کە داعش تاوەکو نزیکەی (30 کیلۆمەتر) لە فڕۆکەخانەی هەولێر نزیک بووەوە.

دەربارەی دەرکردنی ناوی PKK لە لیستی تیرۆری یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا، ئەوانەی کە ئامادەی پانێلەکە بوون، پێیانوابوو کە سەرەڕای ئەوەی پەکەکە شەڕی داعش دەکات، هێشتا هەر لەناو لیستی تیرۆردا دەمێنێتەوە.

پرۆفیسۆر ڤێرسا ئیکاریەس کێڵی، سەرۆکی کۆلێژی سیەنا لە نیویۆرک هەر لەو پانێلەدا ڕایگەیاند کە دەرکردنی ناوی پەکەکە لە لیستی تیرۆر ئەگەری کەمە. ئەو پێیوایە کاتێک کە ئەمریکا هاوکاری یەپەگەی کرد، جیاوازیەکی ڕوون و ئاشکرای لەو دۆخەی ئێستادا بینی. بەڵام نیگەرانییەکی زۆر لەمەڕ پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا هەیە. لەبەرئەوە، هەڵسەنگاندنی من لەسەر دەرکردنی ناوی پەکەکە لە لیستی تیرۆر ئەوەیە کە ئەمریکا حەزێکی زۆری بۆ ئەوە نییە.

گەنتەریش پێیوابوو کە پەکەکە لە لیستی تیرۆردا دەمێنێتەوە، بەڵام هانی تورکیای دا کە ناوی پەکەکە لە لیستی تیرۆری خۆی دەربێنێت بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ وڵاتانی دیکەش خۆش بکات هەمان کار بکەن.

ئەو پێیوایە تاوەکو تورکیا ناوی پەکەکە لە لیستی تیرۆردا بهێڵێتەوە، ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپاش بەهەمان شێوە ناوی پەکەکە لە لیستی تیرۆردا دەهێڵنەوە "کارەکە لەلای تورکیایە بۆ ئەوەی کە یەکەم هەنگاوی بۆ بنێت. من هانی حکومەتی تورکیا دەدەم کە ناوی پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەربکات، چونکە تورکیا لەگەڵ تیرۆریست گفتوگۆ ناکات و ئێستا لەگەڵ پەکەکە لە گفتوگۆدایە. یەکەم هەنگاو لای تورکیایە، هەر کە تورکیا ئەو کارەی کرد یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکاش بەدوای ئەودا ئەوە دەکەن".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (336) دووشەممە 2014/12/1



### گلەیی لە کۆمەڵ و یەکگرتوو دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

عەلی حەمەساڵح، پەرلەمانتاری بزووتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ڕەخنە لە یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان دەگرێت و دەڵێت، تەنانەت نەیانتوانی بەئەرکی دینی خۆیان هەڵسن و موسڵمانێکی مولتەزیمی وەک د. هەڤاڵ بۆ پارێزگاری سلێمانی دیاری بکەن. لە نووسینێکدا کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاویکردووەتەوە، عەلی حەمەساڵح دەڵێت کۆمەڵ و یەکگرتوو گەورەترین خزمەتیان بە یەکێتی کرد "من نازانم ئەمە ڕێکەوتنێکی نهێنی بوو یان نا؟ ". ئەو هەروەها دەڵێت "بەهۆی بێ هەڵوێستیان شەش مانگە یەکێتی حوکمی 100%ی سلێمانی دەکات".

## یەکێتی و گۆڕان لەسەر پۆستی پارێزگاری سلێمانی ڕێککەوتن

# هەڤاڵ ئەبوبەکر دەبێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی

**ئەرکان عەلی و جەمال ئەحمەد**
**ڕووداو- سلێمانی**

دوای حەوت مانگ چاوەڕوانیی خەڵک و کۆبوونەوەی یەک لەدوای یەکی یەکێتی و گۆڕان و ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، خەریکە گرێکوێرەی پێکهێنانی حکومەتە ناوخۆییەکەی سلێمانی دەبێتەوە.

دوو پارتە ڕکابەرەکە (یەکێتی و گۆڕان) لە سلێمانی کە بە هۆکاری دواکەوتنی پێکهێنانی ئیدارەی سلێمانی دادەنرێن، لەسەر پۆستەکانی پارێزگاکە ڕێککەوتن، ڕێککەوتنێک کە بە پێچەوانەی پێشبینییەکانی زۆر کەس بوو. چونکە بزووتنەوەی گۆڕان وەک براوەی یەکەمی سلێمانی و خاوەنی 12 کورسی، لە گەڕی دووەمدا ئەو پۆستانە وەردەگرێت کە پێش 7 مانگ خەڵک لەسەر سندووقەکانی دەنگدان بۆی دیاری کرد.

لەتیف شێخ عومەر، گوتەبێژی شاندی گفتوگۆکاری یەکێتی نیشتمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لەگەڵ گۆڕان گەشتوونەتە ڕێککەوتنی کۆتایی و تەنیا ئەوەی ماوە کە بە فەرمی ڕاییگەیەنن "بەم نزیکانە کۆدەبینەوە و ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنە ڕادەگەیەنین"، بەڵام ئەندامێکی فراکسیۆنی یەکێتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، بەر لەو کۆبوونەوەیەی لەتیف شێخ عومەر باسی دەکات، ئەنجامی ڕێککەوتنی حیزبەکەی لەگەڵ گۆڕان بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد.

ڕێکەوت زەکی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە فراکسیۆنی سەوز بە (ڕووداو)ی گوت "ڕێککەوتنەکە بە جۆرێکە کە دوو ساڵی سەرەتا بۆ یەکێتی دەبێت و سەرۆکی ئەنجوومەنیش بۆ گۆڕان و لە دووساڵی دواتردا ئەو دوو پۆستە پێچەوانە دەکەینەوە". بەڵام ئەندامێکی شاندی گۆڕان دەڵێ "هێشتا ماوە بگەینە ڕێککەوتنی کۆتایی".

ئاکۆ حەمەکەریم، ئەندامی شاندی بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی گوت "چەند کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ برادەرانی یەکێتی ئەنجامداوە و لێکدی نزیک بووینەتەوە، بەڵام ئەنجامی کۆتاییمان ماوە".

بەپێی زانیارییەکانی ڕووداو، گۆڕان داوای دووساڵی یەکەمی پۆستی پارێزگاری هەڵەبجەی کردووە، بەڵام هێشتا یەکێتی بەوە ڕازی نەبووە و بەگوتەی لەتیف شێخ عومەر پۆستەکانی ئەو پارێزگایە تێکەڵی سلێمانی ناکەن "ئەو بابەتەمان هەڵگرتووە بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو".

لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، جگە لە گۆڕان و یەکێتی کە براوەی یەکەم و دووەمن، فراکسیۆنی خزمەتیش کە لە دوو پارتە ئیسلامییەکە (کۆمەڵ و یەکگرتوو) پێکدێت، چوار کورسییان هەیە، پارتیش سێ کورسی، ئەوانیش داوای پۆستی گرنگ دەکەن.

فەیسەڵ ئیبراهیم، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی خزمەت بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کێشەی ئەوان پۆست و کورسی نییە بەقەد ئەوەی کە خەمی ڕێککەوتنی نێوانیان و بەڕێکردنی کاروبارەکانی خەڵکیان هەیە. دەشڵێت "بەڵام بەپێی مافی خۆمان پۆستی سەرەکیمان دەوێت."

### هەڤاڵ ئەبوبەکر: دەبمە سەرۆکی ئەنجوومەن

هەڤاڵ ئەبوبەکر کە لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا لە بازنەی پارێزگای سلێمانی سەرۆکی لیستی گۆڕان بوو، توانی نزیکەی 250 هەزار دەنگ بهێنێت. بزووتنەوەی گۆڕان لە پێش پرۆسەی هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردنیش بەردەوام جەختیان لەوە دەکردەوە کە هەڤاڵ ئەبوبەکر تاکە کاندیدی ئەوانە بۆ وەرگرتنی پۆستی پارێزگاری سلێمانی، هەندێک لە بەرپرسانی یەکێتیش لە لێدوانەکانیاندا دەیانگوت ڕازی نابن بە دانانی هەڤاڵ ئەبوبەکر بۆ پارێزگاری سلێمانی.

بەڵام ئێستا بەپێی ڕێککەوتنەکەی گۆڕان و یەکێتی، پۆستەکەی هەڤاڵ ئەبوبەکر سەرەتا دەدرێت بە یەکێتی، کاندیدی یەکێتیش بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە تاوەکو ئێستا تەنیا دکتۆر ئاسۆ فەرەیدوونە کە سەرۆکی لیستی یەکێتی بوو لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی.

هەڤاڵ ئەبوبەکر، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەگەر بەپێی ئەم ڕێککەوتنە بێت، من پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا وەردەگرم بۆ ئەوەی لە دووساڵی داهاتوودا لەنێوئەنجوومەنەکە مافی خۆپاڵاوتنم بۆ پۆستی پارێزگاری سلێمانی نەفەوتێ".

یەکێتی و گۆڕان 7 مانگیان بەبێ پارێزگار بەڕێکرد، بۆیە ئێستا ماوەی 3 ساڵ و نیویان لەبەردەستدا ماوە تاوەکو هەڵبژاردنی داهاتوو، (ڕووداو) زانیویەتی ئەو دوو حیزبە لەسەر ئەوە کۆکن کە 7 مانگە فەوتاوەکە بەسەر هەردوولایاندا دابەش بکرێت.

فەیسەڵ ئیبراهیم، ئەوەی ئاشکرا کرد کە هەردوو حیزب ڕێککەوتوون لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان، بەشێوەیەک 2 ساڵی یەکەم بۆ یەکێتی بێت و دوو ساڵی دووەمیش بۆ گۆڕان. گوتیشی ئەو ماوەی فەوتاوە دابەشدەکرێت لەنێوان هەردوو لایەندا. واتە ئەو ماوەی لەتەمەنی کارکردنی ئەنجوومەنی پارێزگا تا هەڵبژاردنی داهاتوو ماوە بەشێوەیەکی یەکسان دابەش دەکرێ.

ناوبراو گوتیشی، بزووتنەوەی گۆڕان لەبەرامبەر دەستبەرداربوونی لە 2 ساڵی یەکەم داوای پۆستێکی گرنگی ئیدارەی خۆجێیی شارەکەی کردووە. فەیسەڵ ئیبراهیم، باس لەوەش دەکات هەردوو لایەنەکە باسیان لەوە کردووە کە دەبێت سەرجەم حیزبەکان بەشدار بن لەبەڕێوەبردنی ئیدارەی شارەکەدا.

### گۆڕان داوای نیوەی قایمقامەکان و ناحیەکانی سلێمانی دەکات

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) گۆڕان لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا چەند پۆستێکی لە بەڕێوبەرە گشتییەکانی سلێمانی بەردەکەوێت لەوانەش ئاسایشی گشتی، ئەمە سەرباری ئەوەی کە لەکۆی 16 قایمقام و 46 بەڕێوەبەری ناحیە داوای زیاتر لە نیوەی کردووە.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## یەکگرتووەکانی بادینان گۆمەکەیان شڵەقاند

# یەکگرتوو بڕیاری دا قەرەبووی بادینان بکاتەوە

**عوبەید ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**

دواجار یەکگرتووەکانی بادینان گۆمە مەنگە پڕ لە کێشەکەی یەکگرتوویان شڵەقاند و سەرکردایەتی ئەو حیزبەیان ناچار کرد کۆبوونەوەیەک سازبکات بۆ باسکردنی کێشەکانیان، لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا کۆنگرەی حیزب پێشبخرێت.

ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبە کە لە بادینانە، دەڵێت "داوامانکرد کۆنگرە دوای شەش مانگی دیکە ببەسترێ، بەڵام ئەوان ڕازیبوون دوای ساڵێکی دیکە کۆنگرە ببەسترێ".

دەمێکە دەنگی ناڕەزایی یەکگرتووەکانی بادینان بەرزبووەتەوە، تاوەکو کار گەیشتە ئەوەی یەکێک لە کۆڵەگەکانی یەکگرتوو کە د.دیندار نەجمان دۆسکیە، هەڕەشەی جیابوونەوە و دامەزراندنی حیزبێکی نوێ بکات.

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو یەکگرتووی ئیسلامی لە هەولێر کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەست، بەپێی زانیاریی (ڕووداو) یش یەکێک لە بابەتەکانی کۆبوونەوەکە باسکردنی کێشەی یەکگرتووەکانی بادینان بوو. لە بەلاغی کۆبوونەوەکەشدا کە ڕاگەیاندنەکانی یەکگرتوو بڵاویانکردەوە، هاتووە "سەبارەت بەداخوازییەکانی دەڤەری بادینان ئەوانەی کە لە دەسەڵاتی سەرکردایەتی بوو، بڕیاری جێبەجێکردنی درا".

لە بەشێکی دیکەی بەلاغی کۆبوونەوەکەدا هاتووە "ئەنجوومەنی سەرکردایەتی گفتوگۆیەکی چڕوپڕی لەسەر بارودۆخی ناوخۆی حیزب کرد و هەمووان یەکدەنگ بوون لەسەر بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و پڕۆژەی ئیسڵاحی حیزب کە بەرهەمی خەبات و چالاکیی چەندین ساڵەی کاروانی یەکگرتووە".

خەلیل ئیبراهیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە کۆبوونەوەکەدا زۆر بە ئیجابی دانوستاندن لەسەر داواکاریی یەکگرتووەکانی بادینان کرا و گوتی "گەیشتینە ئەوەی کە بڕیارێک دەربکەین بۆ پێکهێنانی لێژنەیەک بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بۆ هەموو پۆستەکان بکات، ئەگەر غەدرێک لە دەڤەرێک کرابێت ڕێگەچارەیەکی بۆ بدۆزینەوە".

سەبارەت بە دەسەڵاتی ئەو لێژنەیە، ناوبراو گوتی "ئەو لێژنەیە تەنیا زانیاری کۆدەکاتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات، بەڵام ئەگەر غەدرێک هەبوو چارەسەر دەکرێت، هەتا ئەگەر بە گۆڕینی وەزیرێکیش بێت".

یەکگرتووی ئیسلامی لەم کابینەیەدا دوو وەزیری هەیە کە یەکێکیان خەڵکی سلێمانییە و ئەوی دیکەشیان خەڵکی هەولێرە. لە حکومەتی عێراقیش وەزارەتێکیان هەیە کە وەزیرەکەی خەڵکی سلێمانییە، ئەوەش نیگەرانی یەکگرتووەکانی لێکەوتووەتەوە و پێیانوایە غەدریان لێکراوە، چونکە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگێکی زۆریان بۆ یەکگرتوو کۆکردەوە.

دوای ئەوەی یەکگرتووی ئیسلامی دەستبەرداری وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بوو بۆ گۆڕان، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا وەزیرێکی هەرێم بۆ کابینەکەی زیاد بکات و بیداتە یەکگرتوو.

خەلیل ئیبراهیم ئاشکرای کرد کە "ئەو وەزیری هەرێمەی بڕیاری زیادکردنی دراوە بۆ یەکگرتوو دەبێت و یەکگرتووش کەسێکی بادینی بۆ ئەو پۆستە دادەنێت".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو کە خۆی خەڵکی دهۆکە دەڵێت "لە مەودوا دوو پرەنسیپ دادەنرێن بۆ دابەشکردنی پۆستەکانی ناو حیزب و حکومەت".

سەبارەت بەو پرەنسیپانە خەلیل ئیبراهیم دەڵێت "پۆستەکانی ناو حیزب بەپێی ڕێژەی ڕێکخستنەکانی ناوچەکان دەبن و پۆستەکانی حکومەتیش ڕێژەی دەنگەکانی ئەو دەڤەرە تەحەکومی پێدەکات، کە چەند پۆست و چ پۆستێکیان بەردەکەوێت، ئەمەش شتێکی باشە بۆ ئەوەی خەڵکی هەر ناوچەیەک کاربکەن بۆ ئەوەی زیاتر دەنگ بێنن".

یەکگرتووی ئیسلامی چوار ساڵ جارێک کۆنگرە دەبەستێ، دوایین کۆنگرەشی لە ناوەڕاستی ساڵی 2012 بەست، بەم پێوەرە بێت دەبێ یەکگرتوو لە ناوەڕاستی ساڵی 2016 کۆنگرە ببەستێ. بەڵام بەهۆی زیادبوونی کێشە ناوخۆییەکانی ئەو حیزبە و کەمبوونەوەی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنەکانی دوایی، یەکێک لە داواکارییەکانی کادیرانی یەکگرتوو لە بادینان پێشخستنی وادەی کۆنگرەی داهاتووە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتوو لە دەڤەری بادینان کە لەبەر هەستیاریی بابەتەکە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "پرسی کۆنگرە بە ئاشکرا لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی باسکراوە، ئێمە وامان بە پێویست زانی کە دوای شەش مانگی دیکە کۆنگرە ببەسترێ، بەڵام دواتر وا بە پەسەند زانرا کە دوای ساڵێکی دیکە کۆنگرە بکرێت".

خەلیل ئیبراهیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو کە یەکێک بوو لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە، سەبارەت بە کاتی بەستنی کۆنگرەی یەکگرتوو گوتی "وا بە باش زانرا کە لە ئێستاوە ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی داهاتوو بکرێت و باسی کاتیش کرا، بەڵام خۆی دەبێت لە ساڵی 2016دا بکرێت، بۆیە بەپێوستی نازانم باسی کات بکەین".



## ئەسیل نوجێفی، پارێزگاری مووسڵ بۆ (ڕووداو):

# ڕۆڵی پێشمەرگە لە گرتنەوەی مووسڵ تەنیا ناڕاستەوخۆ دەبێت

**1200 چەکداری ئێزدیمان هەیە**

**ئەسیل نوجێفی پارێزگاری مووسڵ ڕایدەگەیەنێت دەرهێنانی مووسڵ لە چنگی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش) ئەرکێکی قورس نابێت. نوجێفی لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا شاری مووسڵی جێهێشت پاش ئەوەی چەکدارانی داعش شارەکەیان کۆنترۆڵ کرد. ئەو گوتی کە لە ئامادەکاریدایە بۆ گەڕانەوە لەکاتێکدا هێزی گەورەی سەربازی کە لەلایەن ئەمریکاوە مەشقیان پێدەکرێت، لە هەوڵی بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدان. کوشتنی پارێزگاری دانراوی داعش بۆ مووسڵ لەلایەن فڕۆکە ئاسمانییەکانی ئەمریکاوە یەکەم هەنگاوی ئەو پرۆسەیەیە. نوجێفی گوتی کە داعش لەو شارە لە تەنگژەدایە پاش ئەوەی چەکدارە توندڕەوەکانی ئەو گرووپە ئەندامانی ئەو گرووپانەیان کوشت کە هاوکاریان بوون لە داگیرکردنی شاری مووسڵ. لەکاتێکدا هەڵمەتی سەربازی بۆ گرتنەوەی شارەکە ڕەنگە زۆر نەخایەنێ، بەڵام کۆڕینی دڵ و بیری خەڵکەکە ڕەنگە چەندین ساڵ بخایەنێ. نوجێفی دەڵێت "بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری بیری توندڕەوی، کۆشش و خوێندەواری پێویستە".**

**هەڤپەیڤین: یودیت نیورینک**

**ڕووداو: داعش لە مانگی حوزەیرانی ڕابردووەوە مووسڵی داگیر کردووە، لەوکاتەوە بارودۆخی مووسڵ چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە؟**

**ئەسیل نوجێفی:** هێشتا داعش لە مووسڵ باڵادەستە، بەڵام پشتگیری زۆری لەدەستداوە. لەسەرەتاوە خەڵک دڵشاد بوون بە حوکمی خەلافەت. ئەوە خەون و بەهەشت بوو بۆ ئەوان. بەڵام کاتێک خەلافەت هات، بینییان جگە لە خوێن و برسێتی و نەبوونی خزمەتگوزاری و کوشتن و ژن ڕفاندن و تاڵانکردنی ماڵی خەڵک، هیچی دیکەی لەگەڵ خۆی نەهێناوە. ئێستا داعش پشتگیری خەڵکەکەی لەدەستداوە، بەڵام هێشتا گرووپێک لە تورکمانی سوننە لە تەلەعفەر پشتگیریی دەکەن لەترسی هاتنەوەی تورکمانە شیعەکان و بەشەڕهاتن لەگەڵیان.

**ڕووداو: بەپێی قسەی بەرپرسێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەواوی ژمارەی چەکدارانی داعش خۆی لە 200 هەزار چەکدار دەدات. ژمارەیان چەندە لە مووسڵ، لەکوێی عێراق باش گەشەی کردووە؟**

**ئەسیل نوجێفی:** لە پارێزگای مووسڵ ئەندامانی داعش لە 20 هەزار تێپەڕ ناکات. بەبڕوای من لەناو شاری مووسڵ ژمارەکە تەنیا 5 هەزار چەکدارە. مەبەستم لە ژمارەی هەموو ئەو خەڵکانەیە کە لەناو شارەکە کار لەگەڵ داعش دەکەن. هەروەها نزیکەی 600 چەکداری بیانی داعش لەناو شارەکە هەن.

هاوپەیمانیی داعش ڕوو لە پارچە پارچە بوونە. لەناو مووسڵ هەندێک گرووپ کە لەگەڵ داعش کاریان دەکرد ئێستا هەوڵدەدەن خۆیان بێلایەن بگرن. شەڕی تایفی لەوێ نییە. بەڵام بارودۆخەکە لە شوێنەکانی دیکەی عێراق جیاوازە. لە پارێزگاکانی دیالە و ئەنبار تەواوی گرووپە سوننەکان لەگەڵ داعش کاردەکەن لە دژی میلیشیا شیعەکان.

**ڕووداو: بەڕەچاوکردنی ئەو ژمارەیە، گرتنەوەی مووسڵ ئاسان دەبێت؟**

**ئەسیل نوجێفی:** شەڕێکی گەورە نابێت. ئازادکردنی مووسڵ ئاسان دەبێت. لەناو شاری مووسڵ ئێستا هێزی سەربازیمان هەیە کە بتوانێ شەڕی داعش بکات و کێشەیان بۆ دروست بکات. هەندێک لەو چەکدارانە لەو گرووپانەن کە بڕیاری وەستانی هاوکارییان لەگەڵ داعش داوە، بەڵام نایانەوێ ناویان ئاشکرا بکرێت لەبەرئەوەی داعش هەموو شتێک لەبارەی ئەو کەسانەوە دەزانێ. بەڵام ئێستا لەگەڵ ئێمە کاردەکەن.

ئێستا لەهەوڵی دروستکردنی هێزی چەکدارین بۆ هۆزەکان و سوپا و پۆلیس. لە کارکردندایین بۆ دروستکردنی هێزێکی 20 هەزار کەسی. لە هێزی پۆلیس ئێستا 5 هەزار کەسمان هەیە کە 1200 یان ئێزدین و پاشان مەسیحی و تورکمان و عەرەب.

بۆ هێزی پۆلیس خەریکی دروستکردنی بنکەی مەشقین، بەڵام بۆ سوپا تەنیا ناویان تۆمار دەکەین. داوامان لە هاوپەیمانان کردووە مەشقیان پێبکەن. ئەو مەشقانەش لەناو هەرێمی کوردستان دەبێت. کار لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەین کە لەنێو ڕیزەکانی سوپا و پۆلیس بوون و هیچ پەیوەندییەکیان بە داعشەوە نییە و ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئاوارەن. ئەو کەسانە ماڵ و حاڵیان لەدەستداوە و هۆکارێکی باشیان هەیە بۆ شەڕکردن لەدژی داعش. لەبەرئەوەی ئەم کەسانە ئەزموونیان هەیە، مەشقپێکردنیان لە مانگێک زیاتر ناخایەنێ.

**ڕووداو: سەبارەت بە هۆزەکان، چۆن ڕێکیاندەخەن؟ ئایا ئەم هۆزانە دەبنە سەحوەیەکی دیکە کە لەساڵی 2006 و 2007 بەیارمەتی ئەمریکا شەڕیان لە دژی قاعیدە کرد؟**

**ئەسیل نوجێفی:** دەمانەوێ هۆزەکان بەرگری لەناوچەکانی خۆیان بکەن. دەمانەوێ ئەوان لە گوندەکانی خۆیان لەدژی داعش شەڕبکەن لەکاتێکدا ئێمە لەهەوڵی کارکردندایین لەناو مووسڵ. سەحوەیەکی نوێ بۆ مووسڵ گونجاو نییە. پێویستە هۆزەکان لەخۆمان بگرین، بەڵام پشتیان پێنەبەستین. باشترە ئەوانمان هەبێت وەک فاکتەرێکی یارمەتیدەر. پێویستە لەچوارچێوەی سیستمێکدا کۆنترۆڵیان بکەین، چونکە ڕۆحی تۆڵەسەندنەوە و کێشەی زۆر لەنێوانیاندا هەیە. ئاسان نییە چەک بدرێتە دەستیان لەکاتێکدا کەمینەکانی وەک ئێزدی و مەسیحی بەشێکن لە کۆمەڵگاکە.

**ڕووداو: ئایا هیچ ڕۆڵێک هەیە بۆ پێشمەرگە لە گرتنەوەی مووسڵ؟**

**ئەسیل نوجێفی:** ڕۆڵی پێشمەرگە پشتگیریکردن دەبێت، بەڵام ڕاستەوخۆ نا. ئەوان دەتوانن پشتگیری هێزە عەرەبییەکان بکەن. باش نابێت بۆ ئەوان بەناوی خۆیان و هێزی خۆیانەوە بێن. دەزانین پروپاگەندەی ئەوە بڵاوە کە کورد مووسڵ ئازاد دەکات. باشترە وێنەیەکی وا هەبێت کە هێزەکانی مووسڵ ڕۆڵی سەرەکییان دەبێت لە ئازادکردنی مووسڵ نەک شیعە یان کورد.

**ڕووداو: تۆ ئاماژەت بەوەکرد کە گرتنەوەی مووسڵ کارێکی قورس نابێت. بەڵام چۆن دووبارە دڵی خەڵکەکە دەبەنەوە؟**

**ئەسیل نوجێفی:** زۆر لە پشتیوانانی داعش خەڵکی گوندەکانن و هاتوونەتە مووسڵ. کەمیی خوێندەواری هۆکارە بۆ پەیوەندیکردنیان بە داعشەوە. دەزانین کە گوندنشینان دوای هەرکەسێک دەکەون لەدەسەڵاتدا بێت. بۆیە لەگەڵ داعش نامێننەوە. پێویستە خوێندنیان بۆ دابین بکەین و تێیانبگەیەنین کە ئیسلامی ڕاستەقینە چییە. کێشەکە ئەوەیە کە زۆرینەی پیاوە ئاینییەکانمان بێدەنگن لە بەرامبەر ئەوە. پێشەوایانی ئاینی مۆدێرن دەبێت قسەیان بۆ بکەن. هەروەها دەبێت پێشەوا ئاینییە توندڕەوەکان کۆنترۆڵ بکرێن و چیدی نەتوانن بەئارەزووی خۆیان قسە بکەن. پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ژیانی شارستانی کە تێیدا ڕێز لە ئاینەکانی دیکە بگیرێت. ئەوە دەکرێت چونکە مووسڵ هەرگیز بیری سەلەفیەتی قبوڵ نەکردووە. کاتێک محەممەد عەبدولوەهاب لە سعودیەوە هات، خەڵکەکە ڕەتیانکردەوە. خەڵکی مووسڵ زیاتر بیری سۆفیگەرییان پێ باشە.

هەروەها سیاسییەکان دەبێت ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لە ڕێنماییکردنی ئیمامەکان. پێویستە ئەوانیش کردەوەیان هەبێت. بێگومان گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە و ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگە ئاسان نابێت. هەروەها دەبێت ئەو فشارە لەسەر کۆمەڵگا کەمبکەینەوە لەلایەن ئەو کەسانەوە کە پێیانوایە مردن لەژیان باشترە. پێویستە کار و داهاتوویان بۆ دابین بکەین. پێویستە زاڵبین بەسەر هەژاری و نەخوێندەواریدا.

**ڕووداو: چی بەسەر ئەو عەرەبە گوندنشینانە دێت کە لەگەڵ داعش کاردەکەن لەپاش دەرکردنی ئەو گرووپە؟**

**ئەسیل نوجێفی:** گرنگە بۆ هەموو کەس و لایەک کە بتوانن بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. گوندنشینەکان دەترسن لەمانەوە لەناو شاری مووسڵ. ئەوان هاتوونەتە ناو مووسڵ لەبەرئەوەی وایاندەزانی داعش بەرگرییان لێدەکات، بەڵام ئەو خاوەن ماڵانەی کە خانووەکانیان دەستی بەسەرداگیراوە لەلایەن حکومەتەوە دەپارێزرێ. بۆیە هیچ شوێنێکیان نابێت لێی بژین و دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان.

هیچ چانسێک لەبەردەمیان نابێت جگە لەپێکەوە ژیان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، بەڵام دەبێت بزانن چۆن ئەوە دەکەن. کاتێک گەڕانەوە دەبێت لەلایەن خوێندەوارە عەرەبەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێن نەک لەلایەن ئەوانەی کە کاریان لەگەڵ داعش کردووە.

**ڕووداو: ئایا دەکرێت داعش بەتەواوی ڕیشەکێش بکرێت؟**

**ئەسیل نوجێفی:** بێگومان لەڕووی سەربازییەوە ئەرکێکی قورس نابێت، بەڵام لە ڕووی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە چەندین ساڵی دەوێت، چونکە ئەوان تەنیا لە عێراق نین، بەڵکو لە هەموو جیهان هەن. پێویستە ئەو ئیسلامە توندڕەوە بگۆڕین. پێویستە خەڵک فێربکەین کە ئیسلامی ڕاستەقینە چییە.



**داعش تەنیا 5 هەزار چەکداری لە نێو مووسڵدا هەیە**

**هێزێکی 20 هەزار کەسی دروست دەکەین**

**ئازادکردنی مووسڵ شەڕێکی گەورەی ناوێت**

**600 چەکداری بیانی داعش لەناو مووسڵن**

## 20%ی ئاوارەکانی مووسڵ پارەکەی بەغدایان وەرنەگرتووە

# ملیۆنەکەی بەغدا کەمدەکرێتەوە بۆ 700 هەزار دینار

**نێچیرڤان حوسێن**
**ڕووداو - دهۆک**

بەشێک لەو ئاوارەکانی شاری مووسڵ کە دوای داگیرکردنی پارێزگای نەینەوا لەلایەن داعشەوە ئاوارەی دهۆک بوون، دەڵێن هێشتا ئەو ملیۆنە دینارەیان وەرنەگرتووە کە حکومەتی عێراق بۆ ئاوارەکانی تەرخان کردبوو.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لە ئاوارەکانی پارێزگای مووسڵ دەستیکەوتووە، تەنیا 80%ی ئاوارەکانی مووسڵ کە لە دهۆک نیشتەجێن، ئەو ملیۆن دینارەیان وەرگرتووە کە لەلایەن حکومەتی بەغداوە بۆیان نێردراوە. سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ دەڵێ "بەهۆی گەندەڵیی لیژنەکانی بەغدا هەموو کەسێک پارەکەی وەرنەگرتووە".

بەشار کیکی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ دەڵێ "لەسەر ئەو لیژنانە ڕاپۆرتێکمان داوەتە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکراوە، سەرئەنجام لیژنەکە لەلایەن پەرلەمان داواکرا و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێ، چونکە هەڵەی زۆر گەورەیان کردووە".

مووسڵ وەک دووەم گەورەترین پارێزگای عێراق دوای دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی، ئێستا ئیدارەکەی لە پارێزگای دهۆکەوە کارەکانی ڕایی دەکات و ڕۆژانە ئاوارەکان سەردانی ئەو نووسینگەیە دەکەن، بۆ جێبەجێکردنی کارەکانیان.

حکومەتی عێراق بڕیاری داوە بڕی یەک ملیۆن دینار بداتە ئاوارەکانی ناوخۆ، بەڵام بەشێک لەو ئاوارانە بە تایبەتی ئەوانەی ڕوویان لە کوردستان کردووە، تاوەکو ئێستا ئەو بڕە پارەیەیان وەرنەگرتووە.

ڕەڤو داود، یەکێکە لە ئاوارەکانی مووسڵ و لەو نووسینگەیە خەریکی مامەڵەی وەرگرتنی هاوکارییە، ئەو گوتی "یەکەمجار پێیانگوتین ملیۆنێک دینارتان دەدرێتێ، بەڵام ئێستا پارەکە کەم کراوەتەوە و دەڵێن 700 هەزار دینارتان دەدەینێ، لە کاتێکدا نزیکەی 10 هەزار کەس ماوە و پارەی وەرنەگرتووە، نازانین هۆکارەکەشی چییە". ئەو کەسانەی پارەیان وەرنەگرتووە، بەردەوام ڕۆژانە سەردانی ئەو نووسینگەیە دەکەن بۆ وەرگرتنی پارەکە، وەکو خۆیان باسیدەکەن، ڕەنگە هەندێکیان نزیکەی ملیۆنێک دیناریان لە ڕێگەی هاتوچۆ بۆ وەرگرتنی ملیۆنەکە خەرجکردبێ.

لە نووسینگەکەی پارێزگای دهۆک هەزاران فایلی زەرد و سوور و شین لەسەر یەک دانراون و چەند کارمەندێکیش کارەکان بەڕێوەدەبەن، بەڵام ئاوارەکان گلەیی دەکەن کە تاوەکو ئێستا تەنیا فایلیان پێ پڕدەکەنەوەو هیچ هاوکارییەکیان وەرنەگرتووە. بەپێی ڕێنماییەکانی ئەو نووسینگەیە، ئەو کەسانەی فایل پڕدەکەنەوە، بۆ وەرگرتنی هاوکارییەکان، دەبێ ڕەگەزنامەی عێراقی و ناسنامەی باری کەسی و فۆڕمی خۆراک و کارتی زانیارییان پێبێت، بەڵام بەشێک لە ئاوارەکان نەیانتوانیوە ئەو پێداویستیانە لەگەڵ خۆیان بێنن.

مازن عەبدوڵڵا، یەکێکە لە ئاوارەکانی مووسڵ و تەنیا ڕەگەزنامەی عێراقی پێیە، بۆیە تاوەکو ئێستا هاوکارییەکەی وەرنەگرتووە. ئەو دەڵێ "پێمان دەڵێن ئەگەر ئەو چوار بەڵگەنامەیەت پێنەبێ، ناتوانین هاوکارییەکانت پێبدەین، هەیانە هیچ کام لەمانەی پێ نییە، ئەی ئەوانە چی بکەن!".

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ ناڕازییە لەو مامەڵەیەی کە بەغدا لەگەڵ ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ دەیکات و دەڵێ "ئێمە داوامان لە هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق کردووە و پێمانگوتوون سەردانی دهۆک بکەن و لە ڕەوشی ئاوارەکانی دهۆک بپرسنەوە کە خەڵک لە چ ژیانێکدایە".

سەیدۆ چەتۆ، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای مووسڵ دەڵێ "بەشێک لە ئاوارەکان لە نێو بینا تەواونەکراوەکاندان، ئەوانە هاوکارییان وەرنەگرتووە، داوامان لێکردوون داواکاری پێشکێش بکەن تاوەکو ئێمەش سەرووی خۆمان ئاگادار بکەینەوە".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

## دەزگای شێخ سەعید لە ئامەد دەکرێتەوە



**رووداو- ئامەد**

محەممەد فورات قاسم، سەرۆکی دەزگای کولتووری و لێکتێگەیشتنی شێخ سەعید لە ئامەد لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند بڕیاریانداوە بەناوی شێخ سەعید دەزگایەک دابمەزرێنن. ماڵباتی شێخ سەعیدیش پشتگیرییان لە هەوڵەکە کردووە. ناوبراو رایگەیاند ئەندامە کاتییەکانی بەڕێوبەرانی رێکخراوەکە لە 30 مانگی رابردوو داواکارییەکیان پێشکەشی پارێزگاری ئامەد کردووە ئەوانیش بە ئەرێنی وەڵامی داواکارییەکەیان داوەتەوە ئێستا دەزگایەکە بەفەرمی کراوەتەوە.گوتیشی ئامانجیان لە کردنەوەی ئەو دەزگایە پارێزگاری کردنە لە بەها نەتەوەیی، مەعنەوی و مێژووی شێخ سەعید و هاوڕێکانی.

# نازم دەباغ داوای لێبووردن لە حیزبەکانی رۆژهەڵات دەکات

**حدکا: نازم دەباغ نوێنەری هەرێمی کوردستانە یان پاسداران؟**

**حدک: نازم دەباغ وەکو فەرماندەیەکی سوپای پاسداران رەفتار دەکات**

**ناسر پیرۆتی**
**رووداو — هەولێر**

هەڤپەیڤینێکی نازم عومەر دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران لەگەڵ رۆژنامەیەکی ئێرانی کاردانەوەی توندی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەدوای خۆیدا دێنێ، ئەویش لە رێگەی (رووداو)ەوە داوای لێبووردن لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات، ئەگەر بە قسەکانی نیگەران بووبن.

نازم عومەر دەباغ لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (هەمشەهری) ئێرانی لەبارەی کەسایەتی قاسم سلێمانی و رۆڵی لە پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستاندا ئاماژەی بەوە داوە کە بنکەی حیزبەکانی کۆمەڵە و دیموکرات لە خاکی باشووری کوردستاندان، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان رێککەوتنی لەگەڵ ئەو لایەنانە و هەروەها لەگەڵ ئێران کردووە کە خاکی باشووری کوردستان بۆ هێرشکردنە سەر یەکتری بەکارنەهێنن.

دەباغ هەروەها گوتبووی ئەگەر ئێران بەڕاستی پابەندی ئەو رێککەوتنە نەبێ، دەتوانێ بە تەقاندنەوەی نارنجۆکێک لە بنکەکانی کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات، ئەو رێککەوتنە بشکێنێت. بەگوتەی نازم دەباغ، لە سایەی سەری ئێرانە کە ئەو رێککەوتنە ناشکێنرێت، چونکە وەک خۆی دەڵێت، قاسم سولەیمانی کە نوێنەری ئێران بووە بۆ ئەو رێککەوتنە، پیاوێکی راستە و ئەگەر بەڵێنێکی دا جێبەجێی دەکات.

### "دەباغ نوێنەری کوردستانە یان پاسداران؟"

بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک)، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران رەخنە لە ناوەڕۆکی ئەو هەڤپەیڤینە دەگرن و داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەگەر قسەکانی نوێنەری خۆی لە تاران بە گونجاو نازانێ "روونکردنەوە بدات".

رۆژنامەی کوردستان کە ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە، لە وتارێکدا لەژێر ناونیشانی "دەباغ، نوێنەری هەرێمی کوردستان یان سوپای قودسی پاسداران؟". قسەکانی نازم دەباغ بە "پێداهەڵگوتن" بە کاربەدەستانی ئێران وەسف دەکات و رەخنەش لەوە دەگرێ کە لە قسەکانیدا، کوردستانی بە قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسداران بەراورد کردووە و لە وەڵامی رۆژنامەوانەکەدا گوتوویەتی "ئێمە کوردستانمان هەیە و ئێوەش قاسم سلێمانی".

### "دەتوانین رۆژهەڵات لە قاسمەکان پاک بکەینەوە"

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەروەها دەڵێت کە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا چالاکی چەکدارییان بەشێوەی کاتی راگرتووە، تەنیا لەبەر پاراستنی دەستکەوتەکانی نەتەوەی کورد و سەقامگیربوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە "ئەگەر بە قسەی نازم دەباغ، قاسم سلێمانی بتوانێ بە هاویشتنی نارنجۆکێک هەموو شتێک تێکبدا، بزووتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر تێڕوانینێکی هاوشێوەی هەبوایە دەیتوانی بە قوربانیکردنی دەستکەوتەکان و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد لە باشوور، رۆژهەڵاتی کوردستان لە قاسم سلێمانییەکان پاک بکاتەوە".

حدکا ئەو جۆرە قسانەش بە سووکایەتی بە حەوت دەیە خەباتی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێ و دەڵێت "حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر ئەو لێدوانانەی نوێنەری خۆی لە ئێران بە بۆچوون و سیاسەتی فەرمی خۆی نازانێ، دەبێت وەڵامێکی شیاو بەو بۆچوونانە بداتەوە".

### "دەباغ وەکو فەرماندەیەکی سوپای پاسداران قسە دەکات"

حیزبی دیموکراتی کوردستانیش لە رۆژنامەی کوردستان، زمانحاڵی ئەو حیزبەدا، دەڵێت نازم دەباغ لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا "رۆڵی خۆی لێتێکچووە". لە جیاتی ئەوەی وەک نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان قسە بکات و بجووڵێتەوە "وەک فەرماندەیەکی سوپای پاسداران دژی حیزبەکان و تێکۆشەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان قسە دەکا و دەجووڵێتەوە".

ناوەندی راگەیاندنی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیش نووسیویەتی، نکۆڵی لەوە ناکرێت کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ سیاسەتی هاتوچۆی دیپلۆماسی و هاوردە و هەناردەی بازرگانی لەسەر بنەمای خێری نیشتمانیی بگرێتەبەر، بەڵام ئەم خاڵە هەتا ئەو جێگایە دەتوانێ رەوا بێت و بەلای کوردی پارچەکانی دیکە و بە تایبەت کوردی رۆژهەڵاتەوە جێگای قبوڵ بێت کە سنووری بەها نیشتمانییەکان نەبەزێنێ.

### داوای لێبووردنیان لێدەکات

لە بەرامبەر ئەو کاردانەوەیەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران دەڵێت، خوێندنەوەی هەڵە بۆ قسەکانی کراوە و "بە مەبەست" لێکدانەوەی خراپیان بۆ کردووە.

نازم دەباغ بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەو پێیوایە هەم حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و هەمیش حکومەتی ئێران پابەندی رێکەوتنەکە بوونە و ئەو هەنگاوەشیان جێگەی سوپاسکردنە "چونکە هەردوولا ئەگەر بیانەوێ دەتوانن رێککەوتنەکە پێشێل بکەن".

ئاماژە بەوەشدەکات وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر چالاکییەکانی حیزبەکانی رۆژهەڵات و هەروەها هەوڵەکانی حکومەتی ئێران بۆ پێشێلنەکردنی رێکەوتننامەکە چاوکراوەن.

ئەو هەروەها دەڵێت ئەگەر تێگەیشتنی هەڵە لە قسەکانی کراوە داوای "لێبوردن دەکات" و ئەو هیچکات نایەوێ ئەو لایەنانە نیگەران بکات و رێز لە رابردوو و خەباتیان دەگرێ. دەباغ گوتیشی "راگرتنی چالاکییە چەکدارییەکانی ئەو حیزبانە کاریگەری زۆری لەسەر سەقامگیری و دابینبوونی ئاسایش لە باشووری کوردستان هەبووە". بۆیە ئەوان بە چاوی رێزەوە دەڕواننە ئەو هەنگاوانەی حیزبەکانی رۆژهەڵات.

### داوای روونکردنەوەی لێدەکەن

نازم دەباغ ئاماژەی بەوەشدا کە حکومەتی ئێران لە بەرامبەر هەر چەشنە چالاکییەکی چەکداری حیزبەکانی رۆژهەڵات داوای روونکردنەوە لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران دەکات و دەڵێت بۆ چالاکییەکانی ئەمدواییەی پێشمەرگەکانی رۆژهەڵاتیش بانگیانکردوون و داوای روونکردنەوەیان لێکردوون.

سەبارەت بە رۆڵی ئێران و قاسم سلێمانیش کە بە گوتەی حیزبەکانی رۆژهەڵات زۆر زەق دەکرێنەوە، نوێنەری حکومەتی هەرێم لە تاران دەڵێت "کۆماری ئیسلامی لە ناوچە نەخشی هەیە و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دیکەش وەکو ئەمریکا دان بەو رۆڵە دادەنێن و هاوکارییەکانی ئێرانیش لەرێگەری سوپای قودسەوەیە کە قاسم سلێمانی سەرۆکایەتی دەکات".



**دەیانەوێت لە لیستی تیرۆر دەریبێنن**

# چەپەکانی ئەوروپا واژۆ بۆ PKK کۆدەکەنەوە

**دەنیز سەرینجی**
**رووداو- کۆپنهاگن**

پێری لۆرێنت، سەرۆکی پارتی چەپی ئەوروپا دەڵێت، هەموو ئەو کەسانەی کە ئاشتییان دەوێت و دژی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) دەوەستنەوە، پێویستە دان بەوەدا بنێن کە PKK هاوکاریانە.

لۆرێنت کە لە هەمانکاتدا سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنساشە بە (رووداو)ی گوت "هەموو ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئاشتییان دەوێت لەو ناوچەیەدا و بەپێویستی دەزانن کە دژی داعش بوەستنەوە، پێویستە دان بەوەدا بنێن کە PKK هاوبەشیانە".

لە گردبوونەوەیەکدا کە سەرەتای ئەم مانگە لە ئەسینای پایتەختی یۆنان بەڕێوەچوو، پارتی چەپی ئەوروپا کە ئەندامیان لەسەرانسەری ئەوروپادا هەیە، کامپینێکیان بۆ دەرکردنی ناوی PKK لە لیستی تیرۆری ئەوروپا دەستپێکرد و داوای دابینکردنی هاوکاری دارایی و سیاسییان بۆ کۆبانی کرد.

پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لەلایەن یەکێتی ئەوروپا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە وەکو رێکخراوێکی "تیرۆریستی" ناسراوە. بەڵام رووداوەکانی ئەمدواییانەی کۆبانی PKK یان بەجۆرێکی جیاواز پێشاندا. پارتی یەکێتی دیموکراتی کە هاوبیری PKKیە، لەلایەن ئەوروپاوە هەندێک هاوکاری چەک و تەقەمەنی بۆ نێردراوە و ئەمریکاش بە هێرشە ئاسمانییەکانی پشتگیری PYD لە شەڕی دژی داعشدا دەکات.

PKK لەماوەی 30 ساڵی رابردوودا شەڕی لە دژی دەوڵەتی تورکیا کردووە و ئەو شەڕە تاوەکو ساڵی رابردوو بەردەوام بوو. لە ئاداری 2013دا، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی زیندانیکراوی PKK پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ تورکیادا راگەیاند.

لۆرێنت دەڵێت پارتی چەپی ئەوروپا هیچ کات پشتگیری لە کوشتنی خەڵکی سڤیل ناکات، بەڵام پارتی کرێکارانی کوردستان شەڕی لەدژی تورکیا راگرتووە.

ئەو دەڵێت ناسنامەی تیرۆر لەسەر PKK چیدی مانایەکی نەماوە "چونکە لە تورکیا پرۆسەیەکی ئاشتی دەستپێکردووە".

هەندێک لە چاودێران دەڵێن لابردنی ناوی تیرۆر لەسەر PKK جیاوازییەکی ئەوتۆ دروست ناکات و تورکیا دەستی بە پرۆسەی ئاشتی کردووە لەگەڵ ئەو پارتە، سەرەڕای ئەوەی کە یەکێتی ئەوروپا تاوەکو ئێستا ئەوان وەکو "رێکخراوێکی تیرۆریستی" دەناسێ.

بەڵام ناسینی PKK وەکو تیرۆریست شەرعیەتی لەکەدار دەکات و گفتوگۆی راستەقینە لەگەڵی ئەستەم دەکات و وا دەکات کە ئەو لایەنانەی ئاشتییان ناوێت بەهێز ببن. بە وتەی لۆرێنت "بوونی ناوی PKK لە لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکاندا شتێکی باش نییە و هێز دەبەخشێتە ئەو لایەنانەی کە ئاشتییان ناوێت".

لۆرێنت دەڵێت بۆئەوەی ناوی PKK لە لیستی تیرۆر دەربهێنرێت، پارتی چەپی ئەوروپا بەشێوەیەکی "سیستەماتیک" ئەو بابەتە لە هەموو گردبوونەوە و گفتوگۆ و چالاکیەکانیدا دەخاتە بەرباس.

"لە فەرەنسا، پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی بڕیاری داوە واژۆ لە هاووڵاتیان کۆبکاتەوە بۆ داواکارییەکە. پێموایە هەنگاوێکی لەو جۆرە لە کردن دێت".

پارتی چەپی ئەوروپا بڕیاری داوە بابەتی PKK بخاتە نێو کامپینی کۆبانییەوە. لە سەرەتای مانگی نۆڤێمبەر پارتی چەپی ئەوروپا شاندێکی ناردە سەر سنووری کۆبانی و سەردانی ئاوارەکانی ئەوێیان کرد.

نیکۆلای ویلیەمسن، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یونیتی لە پەرلەمانی دانیمارک و ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا دەڵێت پارتی چەپی ئەوروپا دەتوانێت لەم رووەوە کاریگەری دروست بکات و داواکارییەکەی پەرەپێبدات.

پارتی چەپی ئەوروپا ئەندامی لە پارتە سۆسیالیست و کۆمۆنیست و سوور و سەوز و دیموکراتەکاندا لەسەرانسەری ئەوروپادا هەیە.


پارتی چەپی ئەوروپا 27 ئەندامی هەمیشەیی و 11 ئەندامی چاودێری هەیە. هەروەها 38 ئەندام پەرلەمانی ئەوروپا لایەنگری پارتی چەپن.

ویلیەمسن کە ئەندامی پارتی چەپەکانی ئەوروپایە، دەڵێت "هەرچەندە پشتگیریمان نییە، بەڵام هێشتا هەر بەردەوام دەبین لەسەر هەوڵەکانمان کە PKK پێویست نییە لەناو لیستی تیرۆر بێت، چونکە ئەوان لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕدان لەگەڵ داعش". ئەو هەروەها گوتی "هێشتنەوەی ناوی تیرۆریست لەسەر PKK شەڕی دژە داعش لاواز دەکات".



عارف روشدی، راوێژکاری مەکتەبی سیاسی پارتی بۆ (ڕووداو):

# ئێستاش خەڵکی یەکێتی لەرێگەی منەوە دەبنە پارتی



عارف روشدی، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، وەکو سەرکردەی بێ رکاربەری یەکێتی لە دەڤەری بادینان دەناسرا، پاش 38 ساڵ کارکردن لەناو ئەو حیزبە، لە 8/3/2014 دەستی لەکارکێشایەوە و چووە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە. ئێستا خۆی وەکو راوێژکاری مەکتەبی سیاسی پارتی دەناسێنێ و دەڵێت پارتی وەکو ئەندامێکی سەرکردایەتی مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

عارف روشدی بەرلەوەی لە یەکێتی جیاببێتەوە، بەرپرسی مەڵبەندی مووسڵ-ی یەکێتی بوو، دوای ئەویش چەند کادیرێکی دیکەی یەکێتی لە مووسڵ و دهۆک چوونە نێو پارتی. عارف روشدی کە ئێستا لە هەولێر دادەنیشێ، لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت "ئێستاش خەڵکانێک لەنێو یەکێتی پەیوەندیم پێوە دەکەن و دەبنە پارتی".

هەڤپەیڤین: بەهرۆز فەرەیدون
ڕووداو - هەولێر

## لە سلێمانی هێزێکی چەکدار دەستی بەسەر هەردوو خانووەکەمدا گرت

**ڕووداو: ئێستا ئێوە یەکێکن لە راوێژکارانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی لەچیدا راوێژ بە ئێوە دەکات؟**

**عارف روشدی:** زیاتر لەکاری رێکخراوەیی یان سەبارەت بەناوچەی بادینان، ئەوەی ئێمەش پێمان باشبێت قسەمان لەسەر کردووە، من لە مەکتەبی سیاسی پارتی دەوام دەکەم و رۆژانە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەبینم.

**ڕووداو: ئێوە راوێژکارن، بەڵام هەر لەسەرەتای پەیوەندیکردنتان بە پارتییەوە، خۆت گوتت وەک ئەندامێکی سەرکردایەتی ئەو حیزبە مامەڵەم لەگەڵ دەکەن، بەڵام روونکردنەوەی زیاترت نەدا؟**

**عارف روشدی:** پێش هەموو شتێک وەک تێکۆشەرێکی کۆنی کوردایەتی دەمبینن، هەموو مافێکی ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبەم هەیە، ئەندامبوون لە پارتی لەسەر بنەمای کوردایەتییە، کوردایەتیش وای لە من کردووە حیزبایەتی بکەم، ئەگەر کوردایەتی نەبێت من پێویستم بە حیزبایەتی نییە.

**ڕووداو: ئێوە پێشتر بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی بوون لە مووسڵ، پارتی و مەکتەبی سیاسییەکەی لەسەر مووسڵ راوێژیان پێکردوون؟**

**عارف روشدی:** ئێمە رۆژانە قسە دەکەین، زۆر جار باس لەچۆنیەتی کارکردن لە مووسڵ کراوە و زۆربەی ئەو برادەرانەش ئاگاداری بارودۆخی مووسڵن و کارێکی ئەوەندە قورس نییە.

**ڕووداو: بەپێی ئەوەی ئێوە ماوەیەکی زۆر لە مووسڵ کاری سیاسیتان کردووە، پێشبینییەکانی ئێوە چی دەڵێت دەربارەی ئایندەی داعش لە مووسڵ؟**

**عارف روشدی:** داعش هێزێکی تیرۆریستی رێکخراوە، تەنیا رێکخراوێکی تیرۆریستی نییە، بەڵکو دەوڵەتێکە. بیر لەوە دەکەنەوە جیهانگیربن، دوا کاریان دروستکردنی دراوی تایبەت بە خۆیانە، نابێت بەو ئاسانییە تەماشای داعش بکەین، ئەمریکایەکی گەورە کە ئەمرۆ سەرکردایەتی هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی دەکات، دەڵێت پێویستمان بە سێ ساڵە بۆ بچووککردنەوەی داعش، هەر بۆیە تەنیا بەکاری سەربازی کۆتایی بە داعش نایەت.

**ڕووداو: دەگوترا ئێوە زانیوتانە داعش دێت بۆ مووسڵ، بۆیە وازتان لە یەکێتی هێناوە؟**

**عارف روشدی:** ئێمە پرۆژەیەک بووین بۆ شەهیدبوون، هەموو دەربەدەری و ناخۆشییەکانمان بینیوە، نە لە داعش و غەیرە داعش ترسمان نەبووە و نابێت، بەڵام کاتێک یەکێتیم بەجێهێشت، درێژەپێدانی خەباتی خۆم لە ناو پارتی بەباشتر دەبینم.

**ڕووداو: دەڵێن پارتی مووچەیەکی زۆرت دەداتێ، باسی مووچەی 10 هەزار دۆلار دەکرێ؟**

**عارف روشدی:** ئەسڵ و ئەساسی نییە، وابزانم دوو شت باش نییە بپرسیت، تەمەنت چەندە و مووچەکەت چەندە.

**ڕووداو: لەسەروبەندی وازهێنانت لە یەکێتی، چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی قسەیان لەسەر ئێوە کرد، جۆرێک لەوەڵام و وەڵامکاری هەبوو، هەندێ کاتیش ئێوە بێدەنگ دەبوون، دوای ئەو ماوەیە ئێستا قسەیەکتان بۆ گوتن هەیە؟**

**عارف روشدی:** ئێستا نە من باسی ئەو حیزبە دەکەم و نە ئەوانیش باسم دەکەن، ئێستا خەریکی نووسینەوەی یادەوەری و سەرگوزشتەی ژیانی سیاسی خۆمم، هەر قسەیەکم هەبێت لەوێ دەینووسمەوە، ئێستا رۆژانە ئەوەی لێم روودەدات دەینوسمەوە، تەنانەت ئەو هاتنەی ئێوەش دەنووسمەوە.

**ڕووداو: بەلای ئێوەوە کارێکی ئاساییە کەسێک ئەندامی سەرکردایەتی حیزبێک بێت و بچێتە حیزبێکی دیکە؟**

**عارف روشدی:** زۆر ئاساییە، ئەوە هەر لێرە هەیە کە ئەوە بە شتێکی نائاسایی دەزانن، لەراستیدا حیزب ئامانج نییە، حیزب رێگایەکە و بەرەو ئامانجێکت دەبات.

**ڕووداو: یەکێتی ئەو رێگایە نەبوو؟**

**عارف روشدی:** بەگونجاوم نەدەزانی، وازمهێنا و گوتم ماڵتان ئاوەدان و خوداحافیز.

**ڕووداو: بەشێک لە یەکێتییەکان باس لەوە دەکەن، ئێوە لە دوا کۆنگرەی ئەو حیزبەدا دەنگی پێویستتان نەهێناوە و بە بڕیاری مام جەلال بوونەتە ئەندامی سەرکردایەتی؟**

**عارف روشدی:** من لە سێ کۆنگرە بەشداربووم، کۆنگرەی یەک و دوو 50+1ی دەنگم بەدەستهێنا، بۆ کۆنگرەی سێیەم، لەئەنجامی ئەو ململانێیەی هەیە لەناو یەکێتی و خۆشتان دەزانن لەناو یەکێتی باڵباڵێن هەیە، ئێمەش لەگەڵ ئاراستەی چاکسازی بووین لەسەر بنەمای رێزگرتن لە پەیڕەو و پرۆگرام، لەسەر ئەم جۆرە گفتوگۆیە لە کۆنگرەی سێ ململانێیەکی نارەوا لەگەڵ من کرا، سەرباری ئەو ململانێیە من توانیم بەدەنگی حەڵاڵی خۆم دەربچم، پەیڕەوی یەکێتی دەڵێت 45 ئەندامی سەرکردایەتی و 5 ئەندامی سەرکردایەتی یەدەگ، من 45هەمین کەس بووم، رێژەیەکیان بۆ ژنان دانابوو وەک کۆتا 20% بوو، ویستیان ئەو پێنج ژنە بێننە سەرەوە، بلێسە جەبار فەرمان و رێواز فایەق هەمان دەنگیان هەبوو وەکو یەک، هەر بۆیە قورعە لەنێوان ئەو دوو ناوەدا کراو بلێسە جەبار فەرمان دەرچوو.

**ڕووداو: ئێوە باسی چاکسازیتان کرد، باڵە جیابووەکەی نەوشیروان مستەفا بەهەمانشێوە باسیان لە چاکسازی دەکرد، چۆن بوو لەگەڵ نەوشیروان مستەفا نەرۆشتی و پارتی دیموکراتی کوردستانت هەڵبژارد؟**

**عارف روشدی:** هیواخوازین ئەوانەی چاکسازیخوازن سەربکەون.

**ڕووداو: پێتانوایە نەوشیروان مستەفا چاکسازیخوازە؟**

**عارف روشدی:** وادەڵێت، نەوشیروان مستەفا پیاوێکی تێکۆشەرە و لەسەردەمی کۆمەڵە سکرتێری من بووە و پیاوێکی پاکە.

**ڕووداو: ئەی بۆ لەگەڵ نەوشیروان مستەفا نەچووی ئەو کاتەی یەکێتی جێهێشت؟**

**عارف روشدی:** ئەو رێبازی کارکردنەی لەناو پارتی هەیە نزیکترە لە تواناکانی من.

**ڕووداو: دڵواری کوڕتان ئێستا لەکوێیە؟**

**عارف روشدی:** لەگەڵ من کار دەکات و فەرمانبەرە لە مەکتەبی سیاسی پارتی.

**ڕووداو: دەگوترا دڵواری کوڕتان بەرپرسی فایلی ئێران بووە لە دەزگای زانیاریی یەکێتی؟**

**عارف روشدی:** ئەوەی لەوبارەیەوە دەگوترا ئەسڵ و ئەساسی نەبوو.

**ڕووداو: ئەی کوڕەکەی دیکەتان، کاروان؟**

**عارف روشدی:** ئەو فەرمانبەر بووە لە نووسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران و ئێستاش هەر لەوێیە.

**ڕووداو: ئێوە ماوەی 38 ساڵ لەنێو یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا کارتان کردووە، دەکرێت پێمان بڵێن جیاوازی یەکێتی و پارتی چییە؟**

**عارف روشدی:** کاتی خۆی جیاوازی زۆر بوو، ئەوسا جیاوازی بیرکردنەوە هەبوو، بەڵام ئێستا زۆربەی حیزبەکان لەتەوەرێکی گشتیدا کاردەکەن، ئەویش کوردایەتییە.

**ڕووداو: ئەی ئەگەر وایە بۆ لەناو یەکێتی نەمانەوە؟**

**عارف روشدی:** لەوێ کێشەمان هەبوو، ئەگەر من بمەوێت کار بکەم و نەهێڵن، دەبێت هەوڵ بدەیت ئەو توانایەی کە هەتە لە جێگەیەکی دیکە برەوی پێبدەیت بۆ ئەوەی تواناکانت نەمرێت.

**ڕووداو: بەڵام ئێوە بەرپرسی یەکێک لە مەڵبەندەکانی یەکێتی بوون، ئەندامی سەرکردایەتی بوون، چ جۆرە گرفتێکتان هەبوو؟**

**عارف روشدی:** گرفتم لەکارکردندا هەبوو، ئەو بیروباوەڕەی هەمبوو دەرفەتی جێبەجێکردنیم نەبوو، ئەو ململانێیەی لەنێو یەکێتیدا هەیە رێگر بوو، لە کۆنەوە هەر وا بووە، چەندین باڵ لەو حیزبەدا هەیە، ئیدی گەیشتمە ئەو بڕوایەی ئەوەی من بڕوام پێیەتی لە یەکێتیدا جێی نابێتەوە و گەیشتە ئێرەم (دەست بۆ نێوچەوانی دەبات)، بیرم کردەوە حیزبێکی دیکە هەیە و کراوەترەو باشتر دەتوانیت کاری تێدا بکەیت. ئەوەی لەناو پارتیدا هەیە خەباتێکی کوردانەیە لەپێناو دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، مافی چارەی خۆنووسین وەک ئامانجێک دانراوە و کاری بۆ دەکرێت، من ئەوە لەنێو پارتیدا دەبینم.

**ڕووداو: لەنێو یەکێتیدا ئەوەتان نەدەبینی؟**

**عارف روشدی:** نەمبینی، ئەگەر بمبینیانە نەدەهاتمە ناو پارتی، پارتی لە هەموو حیزبەکانی دیکە راشکاوانەتر دەڵێت ئەوە بەرنامەی ئێمەیە و کاری بۆ دەکەین.

**ڕووداو: لەنێو یەکێتیدا ئێوە سەر بە چ باڵێک بوون؟**

**عارف روشدی:** ئێمە لە یەکێتیدا باڵی چاکسازی بووین، بەڵام پیاوی کەس نەبووین.

**ڕووداو: ئەوکاتەی ئێوە دەست لەکارکێشانەوەی خۆتان لەیەکێتی راگەیاند، باس لەوە دەکرا هێزێک دەستی بەسەر ماڵەکەی ئێوەدا گرتووە لە سلێمانی؟**

**عارف روشدی:** بەڵێ راست بوو، کۆمەڵێک چەکدار دەستیان بەسەر هەردوو خانووەکەمدا گرت لە گەڕەکی بەکرەجۆی شاری سلێمانی. پێم سەیر بوو، خۆ من بۆ وڵاتێکی دیکە رامنەکردبوو، دواتر بەهەوڵی برادەرانی لقی چوار و سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی کێشەکە چارەسەر کرا. ئێستا خانووەکان چۆڵن و کەسیان تێدا نییە.

**ڕووداو: لەو کاتەوە چەند جار چوونەتەوە سلێمانی؟**

**عارف روشدی:** هەر نەچووم.

**ڕووداو: بۆ نەچوویت؟**

**عارف روشدی:** کارم هەیە بۆیە نەچووم، کەی بمەوێت دەچم.

## هەتا مام جەلال تەندروستی باش بوو لەو حیزبەدا دیموکراسی زیاتر هەبوو

**ڕووداو: پێتوانییە، بەشێک لەکێشەکانی نێو یەکێتی پەیوەندی بە نەخۆشکەوتنی جەلال تاڵەبانییەوە هەیە؟**

**عارف روشدی:** کێشەکانی ناو یەکێتی لە غیابی مام جەلالدا زەق بوونەوە، تا مام جەلال تەندروستی باش بوو لەو حیزبەدا دیموکراسیەتێکی زیاتر هەبوو، قسە هەبوو، ئاراستەکان دیارتربوون.

**ڕووداو: هەوڵتداوە چاوت بە جەلال تاڵەبانی بکەوێت؟**

**عارف روشدی:** هیوای زوو چاکبوونەوەی بۆ دەخوازم، هەرکاتێکیش دەرفەت هەبێت دەمەوێت چاوم پێیبکەوێت.

**ڕووداو: ئێوە زۆر باستان لەوە کرد کە خاوەنی بیروبۆچوونی خۆتانن، بەڵام کاتێک لەیەکێتی دەستتان کێشایەوە، چەند کەسێکی دیکەش لەگەڵ ئێوە دەستیان لەکارکێشایەوە؟**

**عارف روشدی:** من بە کەسم نەگوتووە و ئەوان خۆیان وازیان هێناوە، ئێستاش خەڵکی دیکەی ناو یەکێتی پەیوەندیم پێوە دەکەن و لەرێگەی منەوە دەبنە پارتی، بەڵام من نەهاتووم کودەتا بکەم، قەناعەتم بەو حیزبە نەما و بەرێزەوە جێمهێشتووە و بەرێزەوە هاتوومەتە ناو ئەم حیزبە.

### عارف روشدی کێیە؟

لەدایکبووی ساڵی 1952ی زاخۆیە، پەیمانگای باڵای پیشە تەندروستییەکانی لە بەغدا تەواو کردووە. ساڵی 2006 بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە زانکۆیی سلێمانی بەدەستهێناوە. ساڵی 2011 بڕوانامەی ماستەری لە مێژووی هاوچەرخی کورد وەرگرتووە. ساڵی 1969 چووەتە ریزی پارتی و بەرپرسیارێتیی لە لیژنەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان وەرگرتووە.

ساڵی 1982 پەیوەندی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە لە هەولێر. لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی 1992 بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و هەر ئەو ساڵە کرا بە لێپرسراوی مەڵبەندی 4ی بادینان و لەماوەی 1993 بۆ 1994 لێپرسراوی مەڵبەندی 7ی ئاکرێ بوو. لە کۆنگرەی دووەم بە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لە ساڵی 2001 هەڵبژێردرایەوە. کاتێک وازی لە یەکێتی هێنا بەرپرسی مەڵبەندی مووسڵی ئەو حیزبە بوو.

- ئەگەر دەرفەت هەبێت پێمخۆشە سەردانی مام جەلال بکەم
- لە نێو پارتی هەموو مافێکی ئەندامی سەرکردایەتیم هەیە
- پارتی وەکو ئەندامی سەرکردایەتی هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکات
- لەوەتای وازم لە یەکێتی هێناوە نەچوومەتەوە سلێمانی
- خەریکی نووسینەوەی یاداشتەکانی خۆمم

## سایلۆی سلێمانی دەڕوخێندرێت



**ڕووداو- خەندان**

بەهۆی قەرەباڵغی لەناوچەی دوڕیانی سەرچنار و گەورەبوونی شاری سلێمانیەوە، بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران سایلۆی سلێمانی دەڕوخێنرێت و دەدرێتە کەرتی تایبەت بۆ دروستکردنی پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان، بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی سلێمانیش رایدەگەیێنت، تا سایلۆی سەیدسادق نەکرێتەوە، بینای سایلۆی سلێمانی تێک نادرێت. فەرمان غەریب، بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی رایگەیاند "زەوی سایلۆی سلێمانی بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا دراوەتە کۆمپانیای (هیوا رەئوف) لە بەرامبەریشدا کۆمپانیاکە سایلۆیەکی دیکە لە شارۆچکەی سەیدسادق دروست دەکات کە ئێستا 70%ی کارەکانی تەواو بووە، لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی فەرمانگەکان لە ناوچەی (هەواری شار) لە شاری سلێمانی کە ئەوەش کراوەتەوە".

## تەنیا 215 هەزار پوورەهەنگ هەن

# کوردستان توانای بەخێوکردنی یەک ملیۆن پوورە هەنگی هەیە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

شارەزایەکی بواری هەنگەوانی دەڵێت ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ یارمەتی هەنگەوانان بدات، بە تایبەتیش لە کۆنترۆڵکردنی ئەو نەخۆشیانەی تووشی هەنگ دەبن، لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا دەتوانن بەشی ناوخۆ هەنگوین دابین بکەن.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 10 هەزار و 177 هەنگەوان لە کوردستاندا هەن کە سەرجەمیان 214 هەزار و 414 پوورە هەنگیان هەیە. ئەم هەنگەوانانە ساڵانە 770 تۆن هەنگوین بەرهەم دێنن، بەڵام لە کوردستان ساڵانە 1200 تۆن هەنگوین دەخورێت.

بەگوێرەی پلانە 5 ساڵییەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ دەبوایە لە ساڵی رابردووەوە چیدی کوردستان پێویستی بەهەنگوینی هاوردەکراو نەمابا.

عەبدوڵڵا عومەر، بەڕێوەبەری پێشکەوتووی کشتوکاڵ لەبەشی پاراستنی رووەک- هۆبەی بەخێوکردنی هەنگ دەڵێت، وەزارەتی کشتوکاڵ بەمەبەستی پەرەپێدانی بەرهەمی هەنگوین لەساڵی رابردوودا 724 ملیۆن دینار و ئەمساڵیش 346 ملیۆن دیناری تەرخان کردووە بۆ کڕینی پێداویستییەکانی هەنگەوانان، وەک شەمێ ء دەرمانی قرکەر، بەردەوامیش لەرێگەی خولی راهێنانەوە لەهەوڵی رۆشنبیرکردنی هەونگەوانانداین بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی هەنگەکانیان بەخێو بکەن.

ئەو کارانەی ئەو بەڕێوەبەرە ئاماژەی پێدەدا، بۆ ئەوەیە کە بەرهەمی هەنگوینی خۆماڵی لە ساڵی 2018دا بگاتە 947 تۆن، ئەمەش تەنیا 65%ی پێداویستی ناوخۆ پڕدەکاتەوە، چونکە ئەوکات پێویستیی کوردستان دەگاتە 1474 تۆ هەنگوین لەساڵێکدا.

### دەرمانەکەی وەزارەت ئێکسپایەرە

ڕەفیق تۆفیق، خاوەنی 300 پوورە هەنگە لە قەزای پێنجوێن، بەرهەمی ساڵانەی دەگاتە نزیکەی 4 تۆن هەنگوین. ڕەفیق گوتی "دوو ساڵە بەهۆی نالەباریی کەشوهەوا و بوونی نەخۆشی ژمارەیەکی زۆر لە هەنگەوانان بەهۆی مردنی هەنگەکانیان زەرەرمەندبوون، بۆیە بەرهەمیشمان وەک پێویست باش نییە".

ڕەفیق تۆفیق، وەک هەنگەوانێک دڵخۆشە بە هاوکارییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڵام رەخنەی لەجۆر و کەمیی هاوکاری ء یارمەتییەکان هەیە. ئەو دەڵێت "هاوکارییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ هەندێ ساڵ بەرادەیەک کەمە وەک نەبوو وایە، ئەو دەرمانەشی بۆ مێرووی ڤارواش دەیبەخشن ئێکسپایەرە و مێرووەکە ناکوژێت".

لەهەرێمی کوردستاندا لە هەر پارێزگایەک کۆمەڵەیەکی هەنگەوانان هەیە، کۆمەڵەکانیش لەچوارچێوەی تۆڕێک خۆیان رێکخستووە، بەئامانجی هەماهەنگی لەنێوان کۆمەڵەکان و هەنگەوانان و خستنەڕووی گرفتەکانی بۆ بەردەم وەزارەتی کشتوکاڵ.

سەبارەت بەژمارەی هەنگەوانان و ئەو پوورە هەنگانەی کە هەیانە. عارف عەبدوڵڵا، سەرۆکی تۆڕی کۆمەڵەی هەنگەوانانی کوردستان گوتی "بەهۆی نەبوونی سەرژمێری و ئەندامنەبوونی هەندێ لەهەنگەوان لە کۆمەڵەکان، ژمارەیەکی دروستی هەنگەوانانمان نییە، بەڵام پێشبینی دەکەین 13 هەزار و 500 هەنگەوان لە کوردستاندا هەبن، نزیکەی 10 هەزار و 600 هەنگەوان ئەندامن لە کۆمەڵەکان، ژمارەی پوورەە هەنگەکانیشیان دەگاتە نزیکە 275 هەزار پوورە هەنگ، کە بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە نزیکەی 650 تا 800 تۆن".



عارف عەبدوڵڵا باسی گرفتەکانی بەردەم بەخێوکردنی هەنگی کرد و گوتی "ساڵانی رابردوو بەهۆی تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکان لەلایەن تورکیا ء ئێران، هەنگەوانان ژمارەیەکی زۆر لە هەنگەکانیان لەدەستدا، ئێستاش گرفتی سەرەکیمان بڵاوبوونەوەی هەندێ نەخۆشییە کە بەهۆیەوە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر هەنگ لەناودەچن". گوتیشی "هاوکارییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ بەهۆی کەمیی بودجە وەک پێویست نییە، تەنیا دەتوانێ 25%ی پێداویستی دەرمان دابین بکات، ئەو دەرمانەشی لەبازاڕ هەیە زۆر باوەرپێکراو نییە".

عارف عەبدوڵڵا باسی گرفتێکی دیکە دەکات و دەڵێت "نرخی هەنگوینی هاوردە بەراورد بەنرخی هەنگوینی خۆماڵی زۆر هەرزانە، بەم هۆیەشەوە بەشێک لە هەنگەوانان گرفتی ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان هەیە".

### متمانەیان بە هەنگوینی قوتو نییە

بەمەبەستی بەبازاڕکردنی بەرهەمی ناوخۆ بەشێوەیەکی زانستیانە، لەساڵی 2010وە وەزارەتی کشتوکاڵ کارگەیەکی لە قوتونان ء لێکجیاکردنەوە ء تاقیگەی هەنگوینی لەقەزای شەقڵاوە دروستکرد و چەند کارگەیەکی دیکەش لەلایەن کەرتی تایبەت دامەزراون، بەڵام زۆر بەکەمی بەرهەمی لە قوتونراوی هەنگوینی خۆماڵی لەبازاڕەکان دەبینرێ.

عارف عەبدوڵڵا دەڵێت "خەڵکی ئێمە متمانەیان بەهەنگوینی لەقوتونراو نییە، بۆیە هیچ خاوەنی هەنگێک پەنا ناباتە بەر لەقوتونانی هەنگوینەکەی، چونکە لەبازاڕ کەس لێیناکرێت و دەڵێن هەنگوینی ساختەیە".

پسپۆڕانی بواری بەخێوکردنی هەنگ دەڵێن ژینگە و کەشوهەوای کوردستان زۆر لەبارە بۆ بەخێوکردنی هەنگ، دەتوانرێت تا یەک ملیۆن پوورە هەنگ لەکوردستان بێ گرفت بەخێوبکرێت.

د.عەبدولباست محەمەدئەمین، شارەزا لەبواری بەخێوکردنی هەنگ ء سەرۆکی بەشی رەزگەری لەکۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین دەڵێت تاوەکو ئێستا بە دیدێکی ئابووری سەیری بەخێوکردنی هەنگ لەکوردستان ناکرێت "70%ی هەنگەوانەکان بەشێوەیەکی نازانستی هەنگ بەخێودەکەن". گوتیشی "ژینگەی کوردستان ئەوەندە لەبارە بۆ بەخێوکردنی هەنگ، کە توانای لەخۆگرتنی یەک ملیۆن پوورە هەنگی هەیە".

سەبارەت بە هۆکاری هەڵکشان و داکشانی بەرهەمی هەنگوینیش لە ساڵێک بۆ ساڵێکی دیکە، د.عەبدولباست گوتی "ئەوە پەیوەستە بە شارەزایی هەنگەوان و پاڵپشتییەکانی دەوڵەت بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی هەنگەوان لەدەرمانی قرکەری نەخۆشییەکان و رێنمایی و دواتریش کاریگەری باری کەشوهەوا و باران بارین، بۆیە پێویستە لەسەر وەزارەت دەستکراوەتربێت بۆ هاوکارییەکان و هەنگەوانانیش باپەند بن بەرێنماییەکانی شارەزایانی بواری هەنگ".

**بەرهەمی هەنگوین لە6 ساڵی رابردوودا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بە تۆن**

| پارێزگا | 2008 | 2009 | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 410 | 351 | 333 | 376.5 | 258 | 450 | 2.178.5 |
| دهۆک | 94.980 | 75.735 | 165 | 222.640 | 110.792 | 165 | 834.147 |
| سلێمانی | 17 | 13 | 9 | 20 | 11 | 137 | 207 |
| گەرمیان | 12.57 | 11.600 | 12.463 | 11.787 | 14.647 | 15 | 79.067 |
| کۆی گشتی | 535.46 | 451.335 | 519.463 | 630.927 | 394.439 | 767 | 3.298.624 |

# ئەو پیازەی لە کوردستان دەخورێت تەنیا 40%ی خۆماڵییە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرەڕای بوونی ناوچەیەکی فراوانی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان، کە بەبڕوای شارەزایەکی بواری رەزگەری، کەشوهەوا و خاکەکەی زۆر گونجاوە بۆ چاندنی پیاز، بەڵام هێشتاش 60%ی پێداویستی ناوخۆ لە بەرهەمی پیاز هاوردە دەکرێت.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، تێکڕای بڕی بەرهەمی پیاز لە 5 ساڵی رابردوودا نزیکەی 219 هەزار و 474 تۆن بووە، ئەم بڕەش دەکاتە نزیکەی 46%ی بڕی بەکاربراو کە 471 هەزار و 956 تۆن بووە لەم ماوەیەدا. هەر بەپێی هەمان ئامار، پارێزگای هەولێر پلەی یەکەمی وەرگرتووە لە رووی زۆرترین بڕی بەرهەم و بەکاربردنەوە.

سەمیر ئیسماعیل، بەڕێوەبەری باخداری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "بڕی بەرهەمی پیازی جوتیاران بەگوێرەی کەشوهەوا و رووبەری چاندن لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە دەگۆڕێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمی ساڵانەی پیاز لەکوردستان توانای دابینکردنی نزیکەی لە40%ی پێداویستی ناوخۆی هەیە، کە ساڵانە بڕی بەکاربراوی پیاز خۆی دەدات لە نزیکەی 100 هەزار تۆن".

پیاز بەهۆی ئەو بەها خۆراکی و سوودە تەندروستییەی هەیەتی، بە یەکێک لە ناسراوترین و بەرفراوانترین ئەو بەرهەمە خۆراکییە کشتوکاڵیانە دادەنرێت، کە زۆربەی وڵاتانی جیهان گرنگی تایبەت بەخواردن و چاندن و بەرهەمهێنانی دەدەن، بەم هۆیەشەوە بەرهەمی پیاز لەرووی بەکارهێنانەوە لەسەر ئاستی جیهاندا ریزبەندی چوارەمی وەرگرتووە لەدوای تەماتە، پەتاتە و خەیار.

سەمیر ئیسماعیل دەڵێت لەساڵی رابردوو تەنیا هاوکاری وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ بەرهەمهێنانی پیاز بریتی بوو لە قەدەغەکردنی هاوردەی پیاز لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەم، بەڵام ئەمساڵ وەک ئاوڕدانەوەیەک لەم بەرهەمە بەپڕۆژەیەکی بچووک دەستمان پێکردووە کە بریتییە لەهێنانی سێ جۆر تۆوی باوەڕپێکراو، بۆ چاندنیشی لەهەر پارێزگایەک چەند جوتیارێکمان هەڵبژاردووە کە زەوی پێویست و سەرچاوەی ئاویان هەیە.

بەپێی ئەم پڕۆژەیە وا بڕیاربوو رووبەری 410 دۆنم پیاز بەهاوکاری جوتیاران لەهەرسێ پارێزگاو ئیدارەی گەرمیان بچێنن (160 دۆنم بۆ 16 جوتیار لەدهۆک، 80 دۆنم بۆ 8 جوتیار لە هەولێر، 20 دۆنم بۆ 5 جوتیار لەسلێمانی و 150 دۆنم بۆ 60 جوتیار لەئیدارەی گەرمیان) بەڵام لەهەولێر بەهۆی کێشەی دارایی پڕۆژەکە جێبەجێ نەکرا.

سەمیر ئیسماعیل باسی پاڵپشتییەکانی خۆیان دەکات بۆ جوتیاران و دەڵێت "بریتین لەدابینکردنی تۆوی پیاز، پەین، ئامێری ئاودان، دەرمانی قرکەری مێروو و نەخۆشییەکان بە پاڵپشتی لە 75%ی نرخەکەی".

مەروان عومەر، 33 ساڵ، جوتیارێکی ناوچەی بەردەڕشە، یەکێکە لەو جوتیارانەی وەزارەتی کشتوکاڵ پاڵپشتی کردووە. ئەو کە 10 دۆنم پیازی چاندووە گوتی "من دڵنیام ئەم پڕۆژەیە سەرکەوتوو دەبێت، چونکە پێشتر لەگەڵ هەمان تیم پەتاتەم چاند، قازانجێکی باشم کرد".

مەروان، گوتیشی "ئەگەر ئەم تۆوە بەرهەمی باشیدا لەبازاڕ خواستی لەسەر بوو، ساڵی ئاییندە 50 دۆنم پیاز دەچێنم".

بەهۆی بچووکی قەبارە و رووبەری پڕۆژەکە و پسپۆڕانی بوارەکە لەو بڕوایەدانین پڕۆژەکە کاریگەری لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمی پیاز هەبێ، بەڵام سەمیر ئیسماعیل گەشبینە بە ئاییندەی پڕۆژەکە و دەڵێت "راستە پڕۆژەکە بچووکە، بەڵام لەو بڕوایەدام لەئاییندەدا تەکانێکی باش بەچاندن و بەرهەمهێنانی پیاز دەدات".

پسپۆڕان دەڵێن کەشوهەوا و خاکی هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە بۆ چاندنی پیاز، ئەگەر بەشێوەیەکی زانستانە بچێنرێت دەتوانرێت باشترین بەرهەم بە بەرزترین کوالێتی بدات.

د.شلێر مەحمود، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە بەشی رەزگەری کۆلێژی کشتوکاڵ لە زانکۆی سەلاحەدین دەڵێت "پیاز پێویستی بە کەشوهەوایەکی نیمچە سارد و خاکێکی قوڕینی سوک و تێکەڵی لماوی هەیە، ئەم جۆرە خاک و کەشوهەوایەش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان هەیە، بۆیە چاندی پیاز زۆر گونجاوە لە هەرێمی کوردستان".

ئەم پسپۆڕەی بواری بەروبوومی میوە و سەوزە، رەخنە لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەگرێ بەوەی کە وەک پێویست نەیتوانیوە پلانێک بۆ گەشەپێدانی سەرجەم بەرهەمەکان دابنێ و دەڵێت "پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ پلانی گشتگیری بۆ گەشەپێدانی سەرجەم بەرهەمەکان هەبێت، نەک بەرهەمێک بگەیەنێتە لوتکە و بەرهەمێکی دیکەش فەرامۆش بکات، بۆ نمونە لەرێگەی خانووی پلاستیکی خەیاری گەیاندە لوتکە، بەڵام هیچ گرنگی بە بەرهەمی پیاز نەداوە، ئەمە لەکاتێکدایە ساڵانە بە سەتان تۆن پیاز هاوردە دەکرێت".

ناوبراو هەروەها دەڵێت "ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ پلانێکی توکمەی بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی پیاز هەبێت و هاوکاری جوتیاران بکات لە دابینکردنی تۆی باش و پەین و دەرمانی قرکەر بۆ مێروو و نەخۆشییەکان بەنرخی پاڵپشت، رێگایەکیش بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان بدۆزێتەوە، بەهۆی گونجاوی کەشوهەوای کوردستان و بوونی دەیان جوتیاری دڵسۆز دەتواندرێت تەنیا لە ماوەی چوار ساڵدا بەرهەمی پیاز بگاتە ئاستێک کە پێویستمان بەهاوردەکردنی نەبێ".



**بڕی پیازی بەکاربراو لە5 ساڵی رابردوودا لە کوردستان (بە تۆن)**

| بەروبوومی بەکاربراو | 2009 | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خۆماڵی | 35.634 | 31.607 | 52.140 | 46.639 | 53.454 | 219.474 |
| هاوردە | 39.444 | 64.312 | 44.856 | 42.815 | 61.055 | 252.482 |
| کۆی گشتی | 75.078 | 95.919 | 96.996 | 89.454 | 114.509 | 471.956 |

**بڕی پیازی بەکاربراو لە کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکان لە 4 ساڵی رابردوودا (بە تۆن)**

| پارێزگا | 2010 | | | 2011 | | | 2012 | | | 2013 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | خۆماڵی | هاوردە | کۆی گشتی | خۆماڵی | هاوردە | کۆی گشتی | خۆماڵی | هاوردە | کۆی گشتی | خۆماڵی | هاوردە | کۆی گشتی |
| هەولێر | 20.866 | 33.914 | 54.780 | 34.585 | 19.405 | 53.990 | 31.635 | 15.891 | 47.526 | 32.377 | 12.228 | 44.605 |
| دهۆک | 4.882 | 14.225 | 19.107 | 7.528 | 12.095 | 19.623 | 5.215 | 9.427 | 14.642 | 14.062 | 26.803 | 40.865 |
| سلێمانی | 4.594 | 13.418 | 18.012 | 6.565 | 10.705 | 17.270 | 7.395 | 11.731 | 19.126 | 6.308 | 10.466 | 16.774 |
| گەرمیان | 1.265 | 2.755 | 4.020 | 3.462 | 2.651 | 6.113 | 2.394 | 5.766 | 8.160 | 707 | 11.558 | 12.265 |
| کۆی گشتی | 31.607 | 64.312 | 95.919 | 52.140 | 44.856 | 96.996 | 46.639 | 42.815 | 89.454 | 53.454 | 61.055 | 114.509 |

# دوو هێزی شیعە لە نزیک کەرکووک جێگیر دەکرێن

**هیوا حوسامەدین**
**ڕووداو- کەرکووک**

چەکدارە شیعەکان دوو سریەی نوێ دروست دەکەن و بۆ شەڕی دژی داعش دەهێنرێنە دەوروبەری کەرکووک. ئەو دوو سریەیە بارەگایەکی کاتی لە نێوان شارەدێی تازە و داقوق دروست دەکەن، بۆ پاراستنی خۆشیان خەندەق لە چواردەوری بارەگاکانیان لێدەدەن.

ئەو دوو سریەیە یەکێکیان ناوی (سریەی نەسرە) و ئەوی دیکەشیان ناوی (ئەحبابوڵڵا)یە. هەر سریەیەکیشیان لە 250 چەکدار پێکدێن کە سەرجەمیان شیعەی ناوچەی ئامرلی و جەلەولا و حلێوە و سلێمان بەگن. بارەگای ئەو دوو هێزە تەنیا 15 کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری کەرکووک دوورە.

بەپێی زانیاریەکانی (ڕووداو) ئەو دوو هێزە لەلایەن بەشی هەواڵگری سوپای قودسەوە سەرپەرشتی دەکرێن، بەڵام گەورە ئەفسەرێکی چەکدارانی شیعە ڕەتیدەکاتەوە ئێران سەرپەرشتی ئەو هێزە بکات و دەڵێت "ئەو هێزە بە تواناکانی خۆی لەماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا، سەرکەوتنی گەورە بۆ عێراق تۆمار دەکات".

مەهدی تەقی فەرماندەی بەشێک لە چەکدارە شیعەکان لە سنووری ئامرلی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سەرکەوتنی جەنگاوەرانی شیعە بەسەر داعش لە عێراقدا بەڕوونی دیارە و مەترسییەکی گەورەیان کەم کردووەتەوە، ئێستا عێراقییەکان وەکو پێشتر ترسیان لە داعش نەماوە. بۆ ئەم کارەش هەر کەس و لایەنێک و وڵاتێک هاوکاری کردووین سوپاسی دەکەین و ئێمەش درێژە بە سەرکەوتنەکانمان دەدەین".

سەبارەت بەم دوو سریەیەی تازە لە نزیک کەرکووک جێگیرکراون، مەهدی تەقی گوتی "ئەوانە دوو هێزی تۆکمەن و لەو هێزانەن کە لەگەڵ داعشدا تووشی شکست نەبوون".

مەهدی تەقی باسی ئەرکی ئەو دوو سریەیە دەکات و دەڵێت "ئەرکیان دەرکردنی داعش دەبێت لە گوندی بەشیر، ئەو هێزەش لەلایەن عێراقییە بەشەرەفەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێت و سەر بە ئێران و دەزگاکانی دیکەی ئەو وڵاتە نییە".

فەرماندەی گشتی پۆلیسی کەرکووک بێ ئاگایی خۆی لە هاتنی هێزێکی لەو شێوەیە نیشان دەدات و دەڵێت "بابەتێکی لەو شێوەیە دەبێت لە کۆبوونەوەی لێژنەی ئەمنی بڕیاری لەسەر بدرێت".

لیوا جەمال تاهیر بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئاگاداری هاتنی هێزی لەو شێوەیە نیم و دەبێ بابەتێکی گرنگی وەکو ئەوە لە لێژنەی ئەمنیی کەرکووک تاوتوێ بکرێت و لە کۆبوونەوەی داهاتوودا ئەو پرسە دەخەمە بەردەم لێژنەی ئەمنی".

(ڕووداو) زانیویەتی بەشێک لەو هێزە لەشەڕی جەلەولا بەشداریی کردووە و دوای کونترۆڵکردنی ئەو شارۆچکەیە نێردراون بۆ کەرکووک. ئەو هێزە جگە لە ئاڵای تایبەت بە خۆیان، وێنەی ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانیان بە جامی ئۆتۆمبێلەکانیانەوە کردووە.

هەر بەپێی ئەو وێنە و بەڵگانەی لەبەردەستی (ڕووداو)ن، ئەو هێزە شیعەیە لە شەڕی جەلەولا جۆرە مووشەکێکی بەکارهێناوە کە دروستکراوی ئێرانە و لەکاتی هاتنیان بۆ کەرکووک جبەخانەیەکی گەورەی سەربازییان هێناوە و لە نزیک گوندی بەشیر جێگیربوون.

بەرپرسانی ئیدارەی کەرکووک ڕەتیدەکەنەوە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەن، هەروەها بێ ئاگایی خۆشیان لە بوونی هێزێکی لەو شێوەیە لە دەوروبەری کەرکووک دەربڕی، بەڵام دەڵێن ئەگەر هێزێکی لەو شێوەیەش بێت ئاساییە.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی کەرکووک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو هێزە لەگەڵ گەیشتنیان بۆ کەرکووک دەستیان کردووە بەهەڵکەندنی خەندەق و بارەگایەکی کاتییان لەنێوان تازە و داقووق دروستکردووە".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "نزیکبوونەوە لە بارەگای ئەو چەکدارانە بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە".

ڕاکان سەعید، جێگری سەرۆکی لێژنەی ئەمنیی کەرکووک بۆ (ڕووداو) گوتی "بەپێی ئەو زانیاریانەی بە من دراوە، هێزێکی چەکداری شیعە لە سنووری تازە خورماتوو هەیە، بەڵام ئەو هێزە خەڵکی ئەو شارۆچکەیەن و ژمارەیان 2065 کەسە و پێمگوتراوە ئەوانە عێراقین".

سەبارەت بە هۆکاری جێگیربوونی ئەو هێزە ڕاکان سەعید هیچ زانیارییەکی نەدا و تەنیا گوتی "بەڕاستی ئەم بابەتەی ئێوە باسی دەکەن گرنگە و جێی گومانە، بۆیە من داوای پێکهێنانی لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە دەکەم".


میلیشیا شیعەکان تۆپی ئێرانی بەکاردێنن و وێنەی خامەنەییش بەجامی ئۆتۆمبێلەکانیانەوە دەلکێنن (فۆتۆ: ڕووداو)

---

## تا ساڵێک پێش ئێستا ڕێژەکە یەک لە سەد بوو

# یەک لەسەر سێی دانیشتووانی خانەقین بووەتە عەرەب

**قائیمقامی خانەقین:**
**لامەرکەزیمان ڕاگەیاندووە و خانەقینیش تەعریب ناکرێتەوە**

**عەرەبێکی دانیشتووی خانەقین:**
**هەستدەکەین لە ماڵی خۆمانین**

**هێمن عەبدوڵڵا**
**ڕووداو-خانەقین**

شەڕی داعش بووە هۆی ئەوەی لەماوەی ساڵێکدا ڕێژەی دانیشتووانی عەرەب لە خانەقین لە یەک لەسەدەوە بەرزببێتەوە بۆ نزیکەی سی لەسەد. قایمقامی خانەقین ئەمە بە مایەی نیگەرانی نازانێت و دەڵێت: "جارێکی دیکە خانەقین تەعریب ناکرێتەوە و ئەوەی ڕوودەدات شتێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو نییە".

### شاری ڕەنگەکان

خانەقین شارێکی باشووری کوردستانە و کەوتووەتە گەرمەسێر. پێشتر سەر بە پارێزگای کەرکووک بووە، بەڵام لە چوارچێوەی سیاسەتی تەعریبدا حکومەتی عێراق خستوویەتیە سەر پارێزگای دیالە.

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام تاکە ناوچەی کوردستان کە بەخێرایی ئاسەواری تەعریبی تێدا نەما خانەقین بوو.

محەممەدئەمین حەسەن حوسێن، قایمقامی خانەقین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەددامەوە تەنیا یەک لەسەدی دانیشتووانی خانەقین عەرەب بوون، ئەوانیش عەرەبە ڕەسەنەکانی خانەقین بوون".

ئەو کەسانەی خەڵکی خانەقینن، بە شانازییەوە باسی ئەو هەمەچەشنییە دەکەن کە لە خانەقین هەبووە. عەباس (59 ساڵ) دەڵێت لەم ساڵانەی دواییدا زانیویەتی جیاوازیی نێوان سوننە و شیعە چییە. هەرچەندە زۆر لە کوردانی دانیشتووی خانەقین شیعەن، بەڵام عەباس دەڵێت: "ئێمە لەم شارەدا شیعە و سوننە خوێنمان تێکەڵ بووە. جار هەبووە گەورەیەکی شیعەکان پێویستی بە خوێن بووە، یەکسەر خوێنی کەسێکی سوننەی تێکراوە".

محەممەد (65 ساڵ)یش کە مامۆستای قوتابخانەی ئامادەیی بووە، دەڵێت: "لەم شارەدا هەموو بیروڕا جیاوازەکان لەتەنیشت یەکدی هەبوون و کاریانکردووە. من لە زووەوە پارتی بووم، بەڵام هاوڕێکانم شیوعی بوون. خانەقین شاری لێبووردەیی بوو".

### ڕەنگەکان کاڵدەبنەوە

ئەم هەمەڕەنگییە پێناچێت شۆڕبووبێتەوە بۆ نەوەی نوێ لە خانەقین. گەنجانی ئەو شارە حاشای لێدەکەن کە جیاوازی لەنێوان شیعە و سوننەدا هەبێت، بەڵام بەو سیمبۆلە مەزهەبییانەوە کە بە ئۆتۆمبێل و ماتۆڕ و پایسکلەکانیانەوە هەڵیدەواسن، دەردەکەوێت کە جیاوازییەکە هەیە. محەممەد بە نیگەرانییەوە باسی نموونەیەک دەکات: "چەندین ساڵە پێشمەرگە لەم شارەن، کەچی نەمبینیوە گەنجانی خانەقین نۆبەت بگرن بۆ وێنەگرتن لەگەڵ فەرماندەکانی پێشمەرگە. کەچی کاتێک میلیشیا شیعەکان هاتن، زۆرجار لەنێو شاردا گەنجان شەڕدەکەن لەسەر زووتر وێنەگرتن لەگەڵ فەرماندەکانیان".

بەڵام زۆر لەو گەنجانەی لەناو خانەقیندا قسەمان لەگەڵ کردن ڕەتیاندەکردەوە ئەمە ڕاست بێت و دەیانگوت: "ئەوانە میوانن لە خانەقینن و دەبێ خزمەتیان بکەین، چونکە هاوکاریی ئێمەیان کردووە لە شەڕی دژی داعش".

### لامەرکەزییەکەی خانەقین

دەچینە ئەو باڵەخانەیەی لە خانەقین فەرمانگەکانی دەوڵەتی تێدان. لەبەر دەرگاوە سەربازێک ڕێنماییمان دەکات و دەمانباتە بەر دەرگای نووسینگەی قایمقام. پاش کەمێک، سەربازەکە دێتەوە و تا بەردەرگای ژوورەکەی قایمقام ڕێنماییمان دەکات. دووکەڵی جگەرە ناو ژوورەکەی داگرتووە، سپیلت کارناکات و گڵۆپەکانیش کوژاونەتەوە. پێناچێت لە ژووری سەرۆکی حکومەتی لۆکاڵیی خانەقیندا کارەبا هەبێت.

قایمقامی خانەقین پیاوێکی خاکییە. ئەو ڕەخنەی زۆری لەسەر دابەشکردنی زەوی لەناو شارەکەیدا لێدەگیرێت، بەجۆرێک کە هەندێک لە دانیشتووانی خانەقین نوکتە لەسەر ئەو زەوی دابەشکردنە دەکەن. ئەو بۆ (ڕووداو) باسی ئەو مەسەلەیە دەکات و دەڵێت: "حەڤدە هەزار زەویم دابەشکردووە بەسەر کورددا و لێشی پەشیمان نیم کە کردوومە. ڕەنگە چەند پارچە زەوییەکیشمان دابێتە هەندێک عەرەبی ڕەسەن کە کەسانی زۆر باش بوون بۆ کورد". قایمقام لەبارەی بودجەی قەزاکەی دەڵێت: "بەغدا هیچمان بۆ نانێرێت و لە هەولێریشەوە وا نییە، بۆیە بۆخۆمان لێرە بەشێوەی لامەرکەزی کاردەکەین". ئەو دەڵێت هەر بڕیارێک بزانێت لە بەرژەوەندیی کورددایە دەیدات و گوێی لێنییە بەغدا چۆن بیر لەو بڕیارەی دەکاتەوە. هەروەها گلەیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت وەک پێویست بایەخیان بەو قەزایەی گەرمەسێر نەداوە، کە هەرچەندە بەپێی دەستووری عێراق ناوچەی ناکۆکی لەسەرە، بەڵام بەکردەوە پەیوەندییەکی وای بە بەغداوە نەماوە و کێشەی تەعریب تێیدا چارەسەر بووە.

### ماڵی عەرەب

لەنێو بازاڕی خانەقیندا عەرەبێکی زۆر دێن و دەچن. ئەوانە ئەو پەنابەرانەن کە بەهۆی شەڕی داعشەوە لە پارێزگاکانی سەلاحەددین و دیالە و مووسڵەوە ڕوویان لە خانەقین کردووە. یەکێک لەو پەنابەرانە، کە لە چایخانەیەکی ناو شار دانیشتووە، بەدڵخۆشییەوە باسی ئەوە دەکات کە چۆن خەڵکی خانەقین باوەشیان بۆ ئاوارەکان کردووەتەوە و دەڵێت: "ئەو ئاسایشەی لێرە هەمانە قەت لە شاری خۆشمان نەمانبووە. لێرە نیوەی شەو دێمە دەرەوە و دەچمە سەرشەقام، قەت کەسێک نایەت پێمبڵێت تۆ عەرەبی یان کوردی. وا هەستدەکەم لە ماڵی خۆمم".

### ڕەوشێکی کاتی

قایمقامی خانەقین لەو نیگەرانییانە تێناگات کە خەڵک بەرامبەر زۆربوونی ژمارەی عەرەب لە خانەقین هەیانە. چونکە، وەک ئەو باسیدەکات، "ئەوانەی هاتوون بە پلانێکی ڕێکخراوی وەکو سەردەمی بەعس نەهاتوون. ئەوکات ڕژێمی بەعس بە پلان کاری لەسەر تەعریبکردنی خانەقین کرد و نەیتوانی، ئێستا چاوەڕێ مەکە ئەمە سەربگرێت. چونکە خەڵکی خانەقین ڕێگە نادەن ئەمە ڕووبدات".

ئەو عەرەبانەی دێنە ناو خانەقین هیچ موڵکێکیان بەناو ناکرێت، قایمقام دەڵێت: "نەک هەر ئەمە، تەنانەت ئەگەر بیانەوێ ئۆتۆمبێلیش بەناوی خۆیان بکەن ڕێگەیان نادرێت. هەروەها کەسیان پسوولەی خۆراک و هیچ بەڵگەنامەیەکی دیکەیان لەسەر خانەقین بۆ تۆمار ناکرێت. کەواتە پێویست بە ترس ناکات".

لەگەڵ ئەوەشدا قایمقامی خانەقین نایشارێتەوە کە گەڕانەوەی پەنابەران بۆ ناوچەکانیان کاتی دەوێت و بە ڕۆژێک و دوو ڕۆژ ناکرێ بگەڕێنەوە.





# ئامارا... لە چاوەڕوانی ئۆجەلاندا

کاوە ئەمین
ڕووداو- ئامارا

کاتێک عەبدوڵلا ئۆجەلان کە دواتر بە ئاپۆ ناوی دەرکرد لەدایک بوو، گوندی ئامارا وەکو هەزاران گوندی دیکەی کوردستان نەک هەر لەسەر نەخشەی سیاسیی کوردستان بەڵکو لە دەڤەرەکەی خۆشیاندا ناوبانگی نەبوو. بەڵام دواتر ژیانی ئۆجەلان نەک ئاوایی ئامارا بەڵکو نەتەوەیەکی بەخۆیەوە گرێدا.

گوندی ئامارا، دەکەوێتە نزیک قەزای خەڵەفتیێ لە پارێزگای ئورفا. نزیکەی 150 ماڵ دەبێت و دانیشتووانەکەی نزیکەی 1800 کەسن. بەڵام بەهۆی بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاری و گوشاری سیاسییەوە، زۆربەی گەنجەکانی ڕوویان لە ئەڵمانیا کردووە. زۆرینەی دانیشتووانی گوندەکە کوردن، سەرەڕای گوشارەکانی دەوڵەت توانیویانە زمانە کوردییەکەیان بپارێزن.

ڕێگای چوونە نێو ئامارا، قیرتاو نەکراوە و لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەڤەرەکەوە نەک هیچ خزمەتێک نەکراوە، بەڵکو تا کاتی گرتنی ئۆجەلان لە ساڵی 1999دا، یەکێک بووە لەو شوێنانەی دەوڵەتی تورکیا بە بەردەوامی چاوی لەسەری بووە، فیشەکێک لە دەڤەرەکە بتەقیبایە، گوندی ئامارا بەگشتی و ماڵباتی ئۆجەلان بە تایبەتی ڕووبەڕووی سووکایەتی و ئەشکەنجە و توندوتیژی دەبوونەوە. سەربازەکان تۆڵەی خۆیان لە دانیشتووانی گوندەکە دەکردەوە و لێیان دەپرسین: ئاپۆ لە کوێیە؟ پرسیارێک کە وەڵامەکەی لای ئەوان نەبوو.

ئەو ڕۆژەی ئێمە چووین بۆ گوندی ئامارا تا بەشێک لە شوێنی ژیان و جێگای لەدایکبوونی عەبدوڵلا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان تۆمار بکەین، ڕۆژێکی خۆش بوو، بەڵام کزەبای ساردی پایزی ئەو کەمە گەڵایانەی بە دارەکانەوە مابوونە، وشکهەڵگەڕاندبوو، بەتایبەتی دار فستقەکان کە بەدرێژایی نێوان ڕۆحا و ئامارا لەمبەر و ئەوبەری جادەکەوە بەدوای یەکدا وەکو شەمەندەفەرێک ریزبوون. بستەی ئەو دەڤەرە بەناوبانگە و کاریگەرییەکی باشی لەسەر باری ئابووریی ناوچەکە داناوە.

لای نیوەڕۆ گەیشتینە ناو ئاوایی ئامارا، ناوە تورکییەکەی ئومەرلییە. سەت ساڵ پێش ئێستا باب و باپیرانی ئۆجەلان بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە لە بایەزیدەوە ڕوودەکەنە ئەو گوندە و ئیدی لەوێ نیشتەجێ دەبن. بە تەنیشت مزگەوتی گوندەکەوە کە لەدوورڕا منارە بەرزەکەی دیاربوو، تێپەڕین. بە چەند کۆڵانێکی تەنگەبەردا ڕۆیشتین، دوای ئەوەی پرسیاری ماڵی ئۆجەلانمان کرد، گەیشتینە بەردەمی ماڵێک،



گوندی ئامارا (فۆتۆ: محەممەد گەردی )

دەرگایەکی گەورە، بە ڕەنگێکی شینی ئاسمانی بۆیە کراوە، دوو کۆڵانی تەنگەبەر لەبەردەمی ماڵی ئۆجەلان بەیەک دەگەن.

لە دەرگاماندا، بەڵام کەس بەدەنگمانەوە نەهات، کاتێک خۆمان دەرگاکەمان کردەوە، چووینە ناو حەوشەیەکی گەورەوە، بەشێکی زۆری بە چەو و زیخ داپۆشرابوو، بە چواردەوری حەوشەکەدا چەندین دار بەرزبوونەتەوە، مێزێک و چەند کورسییەکی نایلۆن لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا دانراوە. دوو ژوور بەشێوەیەکی کۆن ڕووەو قیبلە دروستکراون، دەتگوت لەبەر خۆرەکەدا خۆیان پاڵخستووە. بەری ئەمبەری حەوشەکە بە بلۆک یەک دوو ژووری لێدروستکراوە، بەڵام زۆر پەڕپووت دەهاتنە پێش چاو و هێشتا دەرگاو پەنجەرەیان تێدا نییە. لەلای ڕاستی ئەو دەرگایەی کە دێیتە ژوورەوە، تەوالێتێکی سەرنەگیرا و تانکییەکی ئاو و سەتڵێک، ئاو بێنەو دەست بشۆ. ئەمە ئەو شوێنەیە کە عەبدوڵلا ئۆجەلان لە 4ی نیسانی 1949 تێیدا لەدایک بووە.

گوندی ئامارا و گوندەکەی ماندێلا، کونۆ، کە پارساڵ لە کاتی ناشتنی ماندێلادا سەردانمان کرد، لە زۆر ڕووەوە لەیەک دەچن. ماڵەکەی ماندێلا و ئۆجەلان بەتایبەتی لە سادەو ساکاریدا زۆر لەیەکەوە نزیکن، جیاوازییەکەیان ئەوەیە کە ماڵی ماندێلا کراوەتە مۆزەخانە و هەموو یادەوەرییەکانی ماندێلای تێدا پارێزراوە، ژوورەکەی ئاپۆ چەند دۆشەکێک و چەند وێنەیەکی خۆی بە دیوارەکەدا هەڵواسراوە و لە شوێنێکدا قسە بەناوبانگەکەی خۆی "ئان ئازادی ئان ئازادی"، لەسەر ڕۆژژمێرێک نووسراوە و بە دیوارەکەدا هەڵواسراوە.

گوندەکەی ئۆجەلان وەکو زۆرێک لە گوندەکانی دیکەی کوردستان، قوتابخانەی تێدا نەبووە، هەر بۆیە دەبوو ڕۆژانە بەپێ زیاتر لە حەوت کیلۆمەتر ڕێگا ببڕێت بۆ گوندێکی دراوسێیان تا لەوێ بخوێنێت. ئۆجەلان یەکێک بووە لە هەژارترین قوتابیانی پۆلەکەی، بەڵام مامۆستایەکی گەواهی ئەوەی بۆ دەدات کە زیرەکیی لە ماتماتیکدا، مامۆستاکانی سەرسام کردووە.

محەممەد ئۆجەلان لەسەر دۆشەکێک خۆی درێژ کردبوو، کاتێک هاوکارەکەم بە دەنگی بەرز هاوارێکی لێکرد، بە پەلە بە ڕوویەکی خۆشەوە هاتە دەرەوە و زۆر بەگەرمی بەخێری هێناین، بە پێکەنینەوە گوتی: هون بەخێر بێن رووداو.

لە ژوورە تەواونەکراوەکەی ئەوبەری حەوشەکەدا، چەند هەنارێک و قاپێکی پڕ لە فستقی هێناو لەسەر مێزە پلاستیکەکە داینا. یەک دوو چەقۆی مشاری لەسەر مێزەکە دانا و گوتی ئەوە بەرهەمی باخی خۆمانە، تامیان خۆشە، بەکەیفی خۆتان بخۆن.

محەممەد ئۆجەلان دوو ساڵ لە ئاپۆ بچووکترە، بەڵام هەموو ژیانی ئاپۆی برای لەبەرە، محەممەد ئاوا باسی منداڵیی ئاپۆی بۆ کردین: "لە منداڵیدا خولیای باڵندەگرتن بوو، دوای ئەوەی کە گەورەی دەکردن، بەرەڵای دەکردن. بەڵام یەکێک بوو لە دوژمنە سەرسەختەکانی مار، بۆیە هەر فرسەتێکی بهێنایە مارێکی دەکوشت".

زۆرجار عەبدوڵلا ئۆجەلان باسی خانەوادەکەی خۆی دەکات و دەڵێت کە دایکی کەسێکی زبردەست بووە، بەسەر باوکیدا زاڵ بووە. محەممەد ئۆجەلان قسەکانی ئاپۆی پشتڕاست دەکردەوە "باوکم کەسێکی سادە بوو، بەڵام دایکم دیکتاتۆر بوو".

زۆربەی ئەوانەی لە گوندەکە لەسەر ژیانی منداڵیی عەبدوڵلا ئۆجەلان قسەم لەگەڵ کردن، باسی قنجێتی (خوڕەوشتبەرزی)ی ئاپۆیان دەکرد و باسی ئەوەیان دەکرد کە لە منداڵی و لاوێتیدا هەتا بڵێی کەسێکی پەیوەست بووە بە ئاینی ئیسلامەوە، کورد گوتەنی (سەری بچووبایە نوێژی نەدەچوو)، هەربۆیە بە گەرما و سەرما، هەروەها کاتێک دەچوو بۆ گوندەکەی دراوسێیان بۆ خوێندن، لە کاتی خۆیدا نوێژەکانی دەکرد و ڕووی دەکردە خودا، پێش ئەوەی مەلا بانگی بەیانی بدات، ئۆجەلان لە مزگەوتی گوندەکە ئامادە دەبوو.

موسلیم پیاوێکی بەتەمەنە، بە حەسرەتی ئەوەیە جارێکی دیکە لە نزیکەوە ئاپۆ ببینێتەوە، بەڵام ئەوەی کە ئەو لەبیری ناکات نوێژپاکیی ئۆجەلانە لەسەردەمی منداڵیدا "کەسێکی ڕند و بەدین بوو، بەداخەوە کە وایان بەسەر هێنا و هەقیان خوارد". محەممەد ئۆجەلان باس لەوە دەکات کە عەبدوڵلای برای زۆرجار منداڵەکانی کۆکردووەتەوە و پێشنوێژیی بۆ کردوون.

عەبدوڵلا ئۆجەلان هەر لە تەمەنی لاوێتییەوە دەست دەکات بە خوێندنەوە و تەنانەت منداڵان و لاوانی گوندەکە هان دەدات بۆئەوەی بخوێننەوە.

ساڵی 1977 دوا ماڵئاوایی لە گوندەکەی دەکات، ڕوو لە شارە گەورەکان دەکات، دەکەوێتە ژێر کاریگەری تەوژمی چەپگەرایی و سۆسیالیستی. بەڵام هاوکات بەدوای ناسنامەی ونبووی خۆیدا دەگەڕێت "کوردبوون". محەممەد ئۆجەلان کە لە نووکەوە هەموو شتێکی دەربارەی عەبدوڵلای برای بۆ گێڕاینەوە، دەڵێت "ئاپۆ منداڵێکی کورد بوو، کاتێک چووە ئەنکەرە، دنیایەکی دیکەی بینی، ناعەدالەتی و چەوساندنەوەی گەلەکەی بینی و تەنانەت گوندەکەی کە ئاوی پاکی خواردنەوەمان نەبوو. بەدوای هۆکاری شکستی شۆڕشەکاندا دەگەڕا". ئەو دنیایەی کە ئاپۆ پێی ئاشنا دەبێت جیاوازە لە دنیای گوندەکەی، لە ئەنکەرە، کوردی شارەکانی دیکەی کوردستان دەبینێ و لەدەوری خۆی کۆیاندەکاتەوە تا سەرئەنجام لە ساڵی 1978 لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێیدا، لە گوندی (فیس) لە ئاماد، پارتی کرێکارانی کوردستان دادەمەزرێنێ.

ساڵی 1977، باوکی ئۆجەلان کە پیاوێکی دیندار بووە، کاتێک دەبیستێ ئۆجەلان خولیای کوردایەتی کەوتووەتە سەری، پێیدەڵێت "کورم دەڵێن وازتان لە کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی هێناوە و باسی کوردایەتی دەکەن، بچنەوە بەلای چەپێتیەکەی خۆتانەوە، کوردایەتی بارێکی گرانە، هەڵگرتنی ئەو بارە هەروا ئاسان نییە". ئەوە قسەی محەممەد ئۆجەلانە کە لەزاری باوکییەوە دەیگێڕێتەوە. لەو ساڵەوە ئاپۆ، نە دایک و نە باوک و نە گوندەکەی بە چاوی خۆی نەبینییەوە.

گۆڕانکارییە سیاسییەکانی نێو تورکیا و کودەتا سەربازییەکان، ئۆجەلان ناچاردەکەن ڕوو بکاتە دەرەوەی باکووری کوردستان. یەکەمین وێستگەی ئۆجەلان، کۆبانێ دەبێت لە ڕۆژئاوای کوردستان کە دەکەوێتە ئەودیوی سنوور. ئیدی ئۆجەلان دەبێتە ناوێکی دیار لە گۆڕەپانی سیاسی و سەربازیی کوردستان و ناوچەکەدا. ئێستا کۆبانێ بووەتە سیمبولی بەرخۆدانی هەموو کورد، ئۆجەلانیش سەرسەختانە لە زیندانەکەیەوە داکۆکی لەو شارە دەکات. ئێستا گوندەکەی ئۆجەلان باوەشی بۆ ژمارەیەک لە ئاوارەکانی کۆبانێ کردووەتەوە کە هەندێکیان بیرەوەرییان لەگەڵ ئۆجەلان خۆیدا هەیە.

محەممەد کۆبانی پیاوێکی تەمەن چل ساڵ دەبێت، بەڵام خەم و کوڵی کۆبانێ و شەڕ و ئاوارەیی وای لێکردووە "خویا دەکا مینا کالا". محەممەد دەربارەی یەکەم شەوی ئۆجەلان کە لە باکوورەوە دەربازی کۆبانێ دەبێت لە ڕۆژئاوای کوردستان دەڵێت :"کە منداڵ بووم باوکم باسی هاتنی ئاپۆی دەکرد بۆ ماڵی ئێمە لە گوندی چۆپێ. کاتێک پۆلیسی سووریا هەست دەکەن کەسێکی بیانی هاتووەتە ماڵەکەمان، بە باوکم دەڵێن: کوا ئەو کەسە بیانییە لە کوێیە. بەڵام باوکم بەرتیلیان دەداتێ و دەڕۆن".

دەستپێکردنی خەباتی چەکداری لە باکووری کوردستان، وەرچەرخانێکی گرنگ دەبێت لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی کوردستاندا، داڵدەدانی ئۆجەلان لەلایەن سووریاوە، هاوکێشەکان دەگۆڕێ و دەبێتە هۆی ئەوەی کە تورکیا گوشار بخاتە سەر سووریا. ئۆجەلان ڕوو دەکاتە ئەوروپا، دوای چەندین مانگ لە گەلەکۆمەیەکی نێودەوڵەتیدا ڕادەستی تورکیا دەکرێتەوە و ئەوە 16 ساڵە لە دوورگەی ئیمراڵی بەندکراوە.

یەکەم دیداری محەممەد ئۆجەلان لەگەڵ ئاپۆ لە دوای دەستگیرکردنەکەی دەبێت. محەممەد ئۆجەلان دەڵێت "یەکەم جار ئاپۆم بینی لە زینداندا لە ڕەوشێکی زۆر خراپدا بوو، هەموو لایەک بە سەرباز و ئەفسەر تەنرابوو، بۆمان نەبوو بە کوردی قسە بکەین. دیدارەکەمان نزیکەی 30 خولەکی خایاند. یەکەمین شت بە ئۆجەلانم گوت: تۆ وەک خۆت دەتگوت لە پێناوی ڕاستییەکاندا تێدەکۆشی، ئێستاش هەروا بکە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک بڕوا بەمانە مەکە".

ڕەنگە ئەو قسانەی محەممەد ئۆجەلان بۆ ئاپۆ وەکو ئەوە وابووبێت لەشکرێکی لە پشتەوە بێت، بۆیە بە پێکەنینەوە بە براکەی دەڵێت، تۆ هیچ نەگۆڕاویت و هەروەکو جارانی.

محەممەد ئۆجەلان کە ئێستا وەکو موختاری بنەماڵەکەیان وایە و بە تەنیا لەو ماڵەدا دەژی، شانازی بەوەوە دەکات کە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ خەڵکە هەژارەکەدا نییە و وەکو ئەوان دەژین. ئەو دەڵێت: "هیچ شتێک بێ ئازادی قیمەتی نییە، تەنانەت ئەگەر هەموو ئەم دنیایە هی تۆش بێت".

عەبدوڵلا ئۆجەلان بە هیوای ئەوەیە ئەو گەلەی هەموو ژیانی خۆی بۆ کردە قوربانی ئازادبێت، سەرەڕای ئەوەی ملیۆنان مرۆڤ داوای ئازادی بۆ ئۆجەلان دەکەن، بەڵام هێشتا دوای ئەو هەموو ساڵە لە زیندان، داوای ئازادکردنی خۆی نەکردووە.

دەمەوئێوارەیەکی درەنگ، مانگ وەکو کەشەفەیەکی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی گوندی ئاماراوە بە بەرزییەوە هەڵواسرابێت، تەنگی بە خۆر هەڵچنیبوو، پاڵی بە خۆرەوە دەنا و چاوشارکێیان بوو کە سەرئەنجام بە ئاوابوونی خۆر کۆتایی هات. لەوبەری گوندەکەوە سەیارەکەمان وەستاند و جارێکی دیکە سەیرێکی ئامارامان کردەوە، منارەی مزگەوتەکە لە دوورەوە لە کەللە شەکرێکی گەورەی زەمانی زوو دەچوو.

بەناو تەپوتۆز و جادە خۆڵەکەدا بەرەو ڕۆحا گەڕاینەوە، ئەو قسەیەی محەممەد ئۆجەلانم بەبیرهاتەوە کە دەیگوت، ئەوەی بەسەر ئێمەدا هات، نە بە وشە و نە بە وێنە ناگێڕدرێتەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە ڕاستییەکان لانەدەین. تکایە ئەم بەسەرهاتە وەکو خۆی بگێڕنەوە، چونکە ئێمە کوردین، فێڵکردن لەیەکتری تەنیا ملشکاندنە بۆمان.

بیرم لە قسەکانی موسلیم دەکردەوە، کاتێک لێم پرسی: بە ئاواتەوەی ئاپۆ لە زیندان ئازاد بێت؟ بە ڕووگرژییەوە وەڵامی دامەوە: ئەوە چ قسەیەکە، نەک ئاواتەخوازم بێتەوە بۆ گوندەکەمان، بەڵکو ئاواتەخوازم دەوڵەتێکی کوردی دامەزرێنێت.



مام موسلیم

محەممەد ئۆجەلان

رووداو
تاراوگە
ژمارە (336) دووشەممە 2014/12/1



## ئۆز نوژەن باسی مێژووی سوێد دەکات

**رووداو — سوێد**

کۆمیدیکاری کورد ئۆز نوژەن سەرقاڵی پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکە بە ناوی (دیرۆکی سوێد — تەواو رووت). ئۆز نوژەن لەرێگەی پەیجی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە کە سەرقاڵی پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکە لەسەر مێژووی سوێد، بەڵام دەڵێت ئەو مێژووە رووت دەکاتەوە و باسی هەموو لایەنەکانی دەکات. هەروەها رایگەیاندووە ئەو کارە بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمێدیەنی سوێدی مانس مۆلەر پێشکەش دەکات. ئەو دوو ئەکتەرە تاوەکو ئێستا چەند کارێکی هاوبەشیان پێکەوە کردووە.

### رۆژان مەشق بە شەڕڤانان دەکات و شەوان دەچێتە شەڕ

# سوێدییەک مۆڵەتی ساڵانەی کاری لە کۆبانی بەسەردەبات



**رووداو — رادیۆی سوێد**

لە سوێد لەدایکبووە، لەوێش گەورە بووە، ئێستا لە کۆبانی بە رۆژ شەڕڤانان فێری نیشانشکێنی دەکات و شەوانیش شەڕ لە دژی داعش دەکات.

جلوبەرگێکی سەربازیی سوپای سوێدی لەبەرکردووە، جلەکە لەسەر شانی چەپی ئاڵای سوێدی لەسەرە، ئێلەگەکەشی ئاڵای یەکینەکانی پاراستنی گەلی لەسەرە کە ئەستێرەیەکی سووری تێدایە. چەکێکی ئەمریکی لە جۆری m16ی بە دەستی چەپ هەڵگرتووە. بە دەستی راستیشی ئاماژەی سەرکەوتن دەکات. وێنەکە لەبەرەیەکی شەڕ لە شاری کۆبانی گیراوە. خاوەنی وێنەکە گەنجێکی کوردە بەناوی رافائیل رەهێڵ قادر.

ئەو گەنجە سوودی لە پشووی ساڵانەی خۆی لە کارەکەی وەرگرتووە بۆئەوەی شانبەشانی ئەو هێزانەی بەرگری لە کۆبانی دەکەن، شەڕ لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بکات.

دوو هۆکار پاڵنەر بووە بۆ ئەوەی رافائیل سوێد جێبهێڵێت و رووبکاتە ناوچەیەکی پڕ لە شەڕ و ئاشووبی وەکو کۆبانی کە زیاتر لە دوو مانگە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە گەمارۆ دراوە.

رافائیل دەڵێت "لە ستۆکهۆڵم ئاهەنگێکی گەورەمان سازکرد بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ ئاوارەکانی کۆبانی، پارەیەکی زۆرمان کۆکردەوە، پاشان پارەکەمان بە پێداویستی دا بۆ ئاوارەکان. لەڕێگەی مانگی سوورەوە کۆمەکەکەمان گەیاندە ناوچەی سوروچ، لەوێ کە رەوشی ئاوارەکانم بینی، بڕیارم دا وەکو شەڕڤان بچمە کۆبانی".

بەڵام هۆکارە هەرە کاریگەرەکەی چوونی رافائیل بۆ کۆبانی، گرتەیەکی ڤیدیۆیی بووە "کە لە سوێد بووم، گرتەیەکی ڤیدیۆییم بینی، چەکدارانی داعش کۆمەڵێک منداڵیان ریز کردبوون و گوللەبارانیان کردبوون، بە راستی ئەو دیمەنە زۆر کاری تێکردم".

چوونی خەڵکی مەدەنی بۆ نێو کۆبانی کارێکی تاڕادەیەک مەحاڵە، بەڵام رافائیل دەڵێت کە شەڕڤانان بینیویانە ئەو لە سوێدەوە هاتووە و دەیەوێ بەرگری لە کۆبانی بکات، بە رێزەوە پێشوازییان لێکردووە. رافائیل دەڵێت "لێرە زۆربەی کات لەگەڵ سەرکردەکان هەڵدەستم و دادەنیشم، ئەوان زۆریان پێخۆشە کە من لە سوێدەوە هاتووم".

رافائیل بەناوی گەیاندنی کۆمەک بۆ ئاوارەکان لەماڵ هاتووەتە دەرەوە و خوا حافیزی لە دایک و باوکی کردووە، بەڵام کاتێک دایکی وێنەی کوڕەکەی بە جلی سەربازییەوە لە نێو کۆبانی دەبینێت، رەوشی تێکدەچێت. رافائیل دەڵێت "بەڵام من ناتوانم لە شوێنێکی باش دابنیشم لە سوێد و سەیری میللەتەکەم بکەم رادەکەن لە ترسی داعش".



### مەشق بە شەڕڤانان دەکات

رافائیل باسی ئەرکی خۆی دەکات لە کۆبانی و دەڵێت "کاری من ئێستا لە کۆبانی مەشقکردنە بە کۆمەڵێک گەنج لەسەر چۆنیەتی نیشانە پێکان بە چەکی قەناس. ئەو گەنجانە تازە هاتوونەتە ریزەکانی YPG و فێریان دەکەم چۆن ئەم چەکە بەکاربێنن".

سەبارەت بە بەشداریشی لە شەڕی دژی داعش، رافائیل دەڵێت "لەوەتەی هاتوومەتە ئێرە نزیکەی هەموو رۆژێک لە شەڕدا بوومە، بە تایبەتی شەوان زۆر لە داعش نزیک دەبینەوە و نێوانمان هەر 50 مەترێک دەبێت".

گەلۆ بۆ کەسێک کە لە ژینگەیەکی دوور لە شەڕ و ئاژاوەی وەکو سوێد لەدایک بووبێت و لەوێش گەورە بووبێت، زەحمەت نییە بکەوێتە شەڕێکی سەختی وەکو شەڕی داعش؟ رافائیل دەڵێت "لە کاتی شەڕدا دەبێت ئەو بابەتانە بخەیتە لایەک، نابێت بیر لە هیچ بکەیتەوە، دەبێت زۆر زۆر ئاگات لە خۆت بێت، لەکاتی وادا نابێت بیر لەماڵەوە بکەیتەوە و ترست هەبێت".

هەرچەندە لە کاتی شەڕدا رافائیل رووبەڕووی مەترسی بووەتەوە و لە مەرگ نزیک بووەتەوە، بەڵام دەڵێت "من فێربووم بە تاکتیک شەڕ بکەم، ئەوە نییە هەر تەقە بە ئاسماندا بکەم، من زۆر ئاگاداری خۆمم، دەزانم لێرە چی دەکەم". گوتیشی "زۆربەی ئەوانەی بریندار دەبن و دەکوژرێن، زیاتر ئەوانەن کە تازە هاتوون، زانیارییان لەسەر تاکتیکی شەڕ نییە".

رافائیل لە سوێد لە کۆمپانیایەکی بواری ئەمنی کار دەکات، هەر لەوێش مەشقی سەربازی بینیوە، رافائیل پێیوایە ئەوە یارمەتیدەری بووە بۆ ئەوەی لە کاتی شەڕدا مەترسی لەسەر ژیانی دروست نەبێت.

رافائیل تاکە کەسی ئەوروپی نییە لە ریزەکانی YPGدا بێت و دەڵێت "لێرە ئەڵمانی، ئیسرائیلی، دانیمارکی، ئەمریکی، خەڵکی وڵاتانی دیکەش هەن، بەڵام وەکو سوێدی وابزانم من تاکە سوێدیم لێرەم".

لە چەند رۆژی رابردوودا سێ هاووڵاتی سوێدی کە بە رەگەز سۆماڵین، پەیوەندییان کردووە بە چەکدارانی داعشەوە. بە بڕوای رافائیل زۆربەی ئەو بیانیانەی دەچنە ناو داعش، لە رێگەی پێدانی پارە و ئیمتیازی دیکەوە هەڵدەخەڵەتێنرێن.

سەبارەت بەو هێزەی پێشمەرگە کە رەوانەی کۆبانی کران، رافائیل دەڵێت ئەو هێزە هاوکێشەی شەڕەکەیان لە ناوچەکەدا بە تەواوی گۆڕی. گوتیشی "ئەرکی ئەو هێزە زۆرتر تۆپبارانکردنی ناوچەکانی داعشە، ئەمەش کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر راگرتنی پێشڕەویی چەکدارانی داعش".

رافائیل زۆر گەشبینە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆبانی بە تەواوی لە چەکدارانی داعش پاکبکرێتەوە، بەڵام زۆر خەم بۆ وێرانبوونی شارەکە دەخوات و دەڵێت "وەکو ستالینگرادی لێهاتووە، ئاو نییە، کارەبا نییە، من خەمی ئەوەمە خەڵک بێتەوە ئێرە چی بکات، ژیان لە ژێر خێوەتەکاندا زۆر خۆشترە لە شارێکی وەکو کۆبانی. ئەو شارە دوای ئازادبوونی پێویستی بە یارمەتییەکی زۆرە بۆ ئەوەی دووبارە بنیات بنرێتەوە".

رافائیل ماوەی 8 مانگە وەکو پاسەوانی کۆمپانیایەک دامەزراوە، ئەو بۆی هەیە ساڵانە مانگێک پشوو بدات، ئەوەشی بە دەرفەت زانیوە بۆ ئەوەی بچێتە کۆبانی. ئەو دەڵێت مۆڵەتەکەی بەرەو کۆتایی دەچێت و دەبێت لە چەند رۆژێکی کەمی داهاتوودا بگەڕێتەوە سوێد.

رافائیل دەڵێت "کاتێک شەڕڤانان زانییان دەگەڕێمەوە سوێد، زۆریان پێناخۆشبوو، چونکە ئێستا ئێمە لێرە وەکو یەک خێزانمان لێهاتووە، بەڵام چی بکەم ناچارم بگەڕێمەوە بۆ نێو کەسوکارەکەم، مۆڵەتەکەشم خەریکە تەواو دەبێت".

ئێستا حکومەتی سوێد کار لەسەر دەرکردنی یاسایەک دەکات بۆ سزادانی ئەو کەسانەی بۆ شەڕکردن دەچنە دەرەوەی سوێد، جا لە دژی داعش بێت یان لەگەڵ داعش. پرۆژە یاساکە هێشتا نەچووەتە پەرلەمان، بەڵام بەپێی زانیاری (رووداو) پەرلەمانتارە کوردەکانی فراکسیۆنی سۆسیال دیموکرات پشتگیری پرۆژەکەی حکومەت دەکەن.

لاوێن ئەترۆشی، کە پەرلەمانتارێکی کوردە لە فراکسیۆنی سۆسیال دیموکرات، پێشتر بە (رووداو)ی گوتبوو "ئێمە بۆیە پشتگیری لەو پرۆژە یاسایە دەکەین، چونکە پێمانوایە ئەوانەی دەچنە شەڕ لە دەرەوەی سوێد، توندوتیژی لەگەڵ خۆیان دەهێننەوە".

رافائیل بەبێ ئاگاداری و بڕیاری حکومەتی سوێد ئەو وڵاتەی جێهێشتووە و چووە بۆ شەڕ. ئایا لە کاتی گەڕانەوەی بۆ سوێد کێشەی بۆ دروست نابێت؟ ئەو لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت "باوەڕ ناکەم، ئەسڵەن دەبێت حکومەتی سوێد پێیخۆشبێت، کە من وەکو سوێدییەک و بە جلوبەرگی سەربازیی سوێدی شەڕ لە دژی تیرۆرستان دەکەم، کە گوتم لە سوێد هاتووم خەڵکەکە زۆر زۆریان پێخۆشبوو، ئەوەش شتێکی باشە بۆ سوێد".



# سوێد بە هانای پێشمەرگەیەکی خۆیەوە دەچێت

### پێشمەرگە خۆبەخشەکە: حکومەتی سوێد کە زانی بریندارم یەکسەر بەدوامدا هاتن

**ناسر عەلی**
**رووداو- دهۆک**

عارف گوهەرزی، 23 ساڵە لە سوێد دەژیت و وڵاتینامەی سوێدی هەیە، بەڵام کاتێک دەزانێت داعش هێرشی کردووەتە سەر کوردستان، بڕیار دەدات بگەڕێتەوە کوردستان و ببێتە پێشمەرگەیەکی خۆبەخش.

عارف لە شەڕێکی پێشمەرگەدا لەگەڵ داعش لە ناوچەی تەلسقۆف بریندار دەبێت، کاتێک حکومەتی سوێد دەزانێت بریندار بووە، دەستبەجێ تیمێکی پزیشکی دەنێرنە کوردستان و عارف لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە سوێد.

ئەو پێشمەرگە خۆبەخشە بەڵێنی داوە هەر کە چاک بووەوە بگەڕێتەوە کوردستان و بەرگری لە خاکی خۆی بکات.

عارف گوهەرزی تەمەنی 61 ساڵە، لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکان لەسەر بڕیاری ئیدریس مستەفا بارزانی دەچێتە ئەورووپا و لە سوێد نیشتەجێ دەبێت. پاشان وڵاتینامەی ئەوێ وەردەگرێت. ئەو دەڵێت "راستە من ئەندامی خانەنشینی نووسینگەم لە لقی 18ی پارتی، بەڵام کەس پەیوەندی بەمنەوە نەکردووە کە بێمەوە کوردستان و بەرگری بکەم، ویژدانم قبوڵی نەکرد کە لە کوردستان شەڕ بێت و منیش لە ئەورووپا دابنیشم".

عارف دەگەڕێتەوە کوردستان و بۆ ماوەی مانگێک لە بەرەکانی شەڕ دەمێنێتەوە، پاشان دەگەڕێتەوە سوێد. دواتر لە رۆژی 2014/11/3 جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە کوردستان، بەبێ ئەوەی بچێتە لای کەسوکارەکەی یەکسەر دەچێتە بەرەکانی شەڕ لە میحوەری تەلسقۆف.

عارف لە شەڕێکی پێشمەرگە و داعشدا لە رۆژی 2014/11/13 لە میحوەری تەلسقۆف بریندار دەبێت و رەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دهۆک دەکرێت.

کاتێک حکومەتی سوێد دەزانێت عارف بریندار بووە، تیمێکی پزیشکی دەنێرێت بۆ کوردستان. عارف چەند کاژێرێک بەرلەوەی سواری فڕۆکە ببێت و بگەڕێتەوە سوێد، قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "من پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی گوڵان و ئەیلولم، هەرکاتێک کوردستان پێویستی بە من بووبێت درێغیم نەکردووە، لەم شەڕەشدا کە زانیم وڵات پێویستی بە منە، دەستبەجێ گەڕامەوە کوردستان".

عارف پەشیمان نییە لەوەی یەکێک لە جوانترین وڵاتی جیهانی بەجێهێشتووە و هاتووەتەوە کوردستان و سینگی خۆی داوەتە بەر گوللە و بۆمبە چێنراوەکانی داعش.

عارف دوای ئەوەی بریندار دەکرێ، پەیوەندی بە نوژدارەکەی خۆیەوە دەکات لە سوێد، کاتێک ئەوان زانییان ئەو هاووڵاتیە سوێدییە بریندارە، یەکسەر تیمێکی پزیشکییان رەوانەی کوردستان کرد کە لە پزیشکێک و برینپێچێک و کەسێکی دیکە پێکهاتبوون. رۆژی 2014/11/25 ئەو تیمە گەیشتە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر.



عارف دەڵێت "دوای ئەوەی نوژدارەکەمم لە سوید ئاگادار کردەوە، ئەوان پەیوەندییان پێوە کردم و گوتیان تیکتی فڕۆکەمان بۆ ئامادەکردووی، ئەمبولانسیشمان لە دهۆکەوە بۆ فڕۆکەخانە بۆ دابینکردووی". گوتیشی "تاوەکو چاک دەبمەوە هەموو خەرجییەکم لە ئەستۆی ئەوانە".

ئەو باسی نەخۆشخانەکانی کوردستانی کرد و گوتی "دوو گوللە بەر قاچم کەوتوون، نەشتەرگەرییەکم کردووە، گوللەیەکیان دەرهێناوە و یەکێکیش ماوە، پزیشکی ئێرە خراپ نین، بەڵام سیستمی نەخوشخانەکان خراپە و گەلێک قەرەباڵخە".

خەمێ، کە خوشکی عارفە بە چاوی پڕ لە گریانەوە لە فڕۆکەخانە ماڵئاوایی لە براکەی کرد، ئەو گوتی "نەک تەنیا عارف، بەڵکو مێردەکەم و شەش لە کەسە نزیکەکانم ئێستا لە بەرەکانی شەڕن، ئەگەر ئەوان نەچنە شەڕ کێ بەر بە دڕندایەتی داعش بگرێ".

تۆماس کارسیۆ، گەنجێکی باڵابەرزی سوێدییە و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر چاوەڕێی عارفی دەکرد، دوای ئەوەی تەوقەیەکی لەگەڵ عارف کرد و بزەیەکی بۆ کرد، پاش هەواڵ پرسین، ئەو پزیشکە سوێدییە بە (رووداو)ی گوت "هاتووم عارف ببمەوە سوێد بۆ ئەوەی لەوێ چارەسەری بکەم".

تۆماس زانیاری لەسەر شەڕی داعش لە باشووری کوردستان هەبوو، گوتی "من یەکەمجارە دێمە کوردستان، بەڵام بەهۆی رۆژنامەکانی سوێد زانیاریم لەسەر شەڕی داعش هەیە لە کوردستان، دەزانم ئەوان کاری تیرۆرستی لە دژی خەڵکی سڤیل دەکەن".

بە قسەی بەرپرسێکی پارتی لە دهۆک، تا ئێستا زیاتر لە 50 پێشمەرگە و گەنجی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکاوە گەڕاونەتەوە و ئێستا لە بەرەکانی شەڕن لە سنووری میحوەرەکانی مووسڵ.

مەسعود سەرنی، بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندن لە لقی یەکی پارتی بە (رووداو)ی گوت "ئەوانەی هاتوون هەموویان ناسنامەی ئەو وڵاتانەیان هەیە". گوتیشی "زۆربەی ئەو پێشمەرگانە پارتین و بەشداری شۆڕشی ئەیلول و گوڵانیان کردووە".



## بەرهەمەکەی بورهان بۆ چوار پارچەیە

**هیوا سەلاح / رووداو — هەولێر**

هونەرمەند بورهان محەممەد لە نوێترین بەرهەمیدا گۆرانییەک بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان دەڵێت.

بڕیار فەتاح دەرهێنەری کلیپی گۆرانییەکە بە (رووداو)ی راگەیاند "هونەرمەند بورهان محەممەد گۆرانییەکی نیشتیمانی بەناوی (بۆ هەرچوار پارچەی کوردستان) کلیپ کرد کە لە ئاواز و هۆنراوەی خۆیەتی" .بڕیار دەربارەی ئەم گۆرانیە گوتیشی "بەشێوازێکی تازە کلیپەکەمان تۆمار کردووەو لەم رۆژانەش لە کەناڵە ناوخۆیی و ئاسمانییەکان نیشان دەدرێت" .

سۆنیا بەیتوشی، کچە دیزاینەری کورد:


# کۆمپانیا جیهانییەکان کێبڕکێیانە لەسەر کۆلێکشنە نوێیەکەم

ماچەکەم هەڵگرتووە بۆ هاوسەری داهاتووم



SONIA

BEYTOUSHI



**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

کچێکی کورد لە رێگای جلوبەرگەکانی توانیویەتی خۆی بخزێنێتە نێو بازاڕەکانی فاشیۆن لە ئەوروپا، سۆنیا بێتوشی دیزاینەری جلوبەرگ ناوی چووەتە نێو براندە جیهانییەکان.

سۆنیا بەیتوشی، پێشکەشکار و ئەکتەریشە، وەک خۆی دەڵێت لە تەمەنی 11 ساڵییەوە خولیای دیزاینی جلوبەرگ بووە، دواتر لە زانکۆی لەندەن لە بەشی دیزاین خوێندوویەتی. بێتوشی جارجار شیعریش دەنووسێت و بەشداری فیلمیش دەکات.

سۆنیا لە چەند رۆژی رابردوودا نوێترین کتێبی شیعری خۆی بە زمانی فارسی بەناوی "کچێک لە شاری ئاسمان" بڵاوکردەوە کە پێشکەشی منداڵانی بێ دایکوباوکی کردووە. هەروەها کتێبێکی فێرکاری لەبواری فاشیۆندا نووسیوەو لەو ماوەیەدا بڵاوی دەکاتەوە، ئێستا سۆنیا لە تارانی پایتەختی ئێران دەژیت.

### کۆمپانیاکان کێبڕکێیانە لەسەر بەرهەمەکانی

سۆنیا باس لە نوێترین کاری خۆی لە بواری دیزاینی جلوبەرگ بۆ (رووداو) کرد گوتی "نوێترین کاری من ئێستا کۆلێکشنێکی تازەیە کە ناوم ناوە بەهار و هاوین. ساڵی داهاتوو بڵاویان دەکەمەوە. پێموایە ئەم پرۆژەیەم باشترین کۆلێکشنی من دەبێت، کە هیچکات هێندە بە زانستی و مۆدێرنی دیزاینی جلوبەرگم نەکردووە، چونکە ماندووبونێکی زۆرم پێوە چەشتووە". گوتیشی "هەر لە ئێستاوە چەندین کۆمپانیا و دەزگای جیهانی پێشبڕکێیانە لەسەر کڕینی بەرهەمەکەم".

سۆنیا بەنیازبوو بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لە یەکێک لە کەناڵەکانی باشووری کوردستان پێشکەش بکات، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێک دوایخستووە، سۆنیا هۆکاری دواخستنەکەی ئاشکرا کرد و گوتی "ماوەیەکی زۆر خەریکی رێکخستنی ئەم بەرنامەیە بووین، دەمانویست لە کوردستان فاشیۆن بگۆڕین بۆ باشتر، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەم بارودۆخەی ئێستا لە کوردستانی باشوور هەیە، بەرنامەکەمان دواخستووە بۆ کاتێکی نادیار".

### دەیەوێ گۆرانی بڵێت

سۆنیا هەر بەتەنیا لە بواری دیزاین ناوەستێ، دەیەوێت لەبوارەکانی دیکەش جێ پەنجەی دیار بێت، بۆیە دەمێکە کار دەکات تاوەکو گۆرانی بڵێت، سۆنیا لەوبارەیەوە گوتی "هەموو کەس دەتوانێ بە یەک رۆژ ببێتە گۆرانیبێژ، بەڵام من هێشتا کار لەسەر دەنگی خۆم دەکەم بۆ ئەوەی بەشێوازێکی ئەکادیمی و هونەری دەرکەوم، نەک وەکو هەندێک کەس زۆر بەسادەیی دەستپێدەکەن و ناتوانن ببنە گۆرانیبێژێکی جیهانی، بەڵام دڵنیا بن بە سوپرایزێک لە کاتی خۆی گوێتان لە دەنگی من دەبێت".

نەیانهێشت فۆڕمی شاجوان پڕ بکاتەوە

دوای ئەوەی بانگەوازی پڕکردنەوەی فۆرمی شاجوانی باشووری کوردستان کرا. ئەو بەخێرایی دێتە کوردستان بۆ ئەوەی خۆی بۆ بردنەوەی نازناوی شاجوانی کوردستان کاندیدا بکات، بەڵام کە دەچێتە ئەوێ فۆرمەکەی نادرێتێ، سۆنیا گوتی "من فۆڕمی شاجوانی کوردستانم پڕکردەوە، بەڵام پێیانگوتم کە ناتوانی بەشداری بکەی، چونکە ئەم پێشبڕکێیە تەنیا بۆ کچانی باشووری کوردستانە، بۆیە هیوایەکانی منیان لەگۆڕ نا".

لە چەند ڤیدیۆ کلیپێکدا سۆنیا رۆڵی بینیوەو دەیەوێت لە بواری فیلمسازیش کار بکات، دەربارەی ئەوەی ئایا دەیەوێت لە فیلمێکی کوردی وەک ئەکتەر بەشدار بێت، سۆنیا گوتی "مایەی شانازییە و خۆشحاڵم کە من بتوانم لە فیلمێکی کوردی بەشداری بکەم، هەڵبەتە لە ئێران زۆر داوام لێکراوە وەک ئەکتەر رۆڵ ببینم، بەڵام هەموویانم رەتکردووەتەوە، چونکە یەکەمین داوکاری من ئەوەیە ستافێکی پرۆفیشناڵ بێت".

### ماچەکەی بۆ هاوسەرەکەی هەڵگرتووە

ئایا سۆنیا ئامادەیە لە فیلمێکی کوردیدا رۆڵی کچێکی رۆمانسی ببینێ کە ماچ و باوەشی تێدا بێت؟ ئەو دەڵێت "سەرەتا من کەسێکی رۆمانسی نیم، رەنگە نزیکبوونەوە لەم رۆڵە دووچاری کەمێک کێشەم بکات، بەڵام سیناریۆ دەزانێت، ئەگەر سیناریۆکانی ژیانم تێنەپەڕێنێت و لە کەسایەتی من نزیک بێت و کەسایەتی من بپارێزێت رۆڵی رۆمانسی دەبینم، بەڵام بۆ ماچ نەخێر، چونکە من تا ئێستا کوڕێکم بە راستی لە ژیانی خۆم ماچ نەکردووە، چۆن لە ناو فیلم ئەم کارە دەکەم. ئەو ماچەم بۆ هاوسەری داهاتووی ژیانم داناوە".

ئەو جلانەی سۆنیا دیزاینیان دەکات، دیزاینەکانیان نیمچە رووتە، یان جلەکان تەنکن و جلی ژێرەوەیان تێدا دیارە، ئایا لە تاران کێشەی بۆ دروست نەبووە؟ سۆنیا دەڵێت "لە ئێران رێگری لە کاری هونەری ناکرێت ئەگەر تۆ سیاسەت نەهێنیتە نێو کارەکانتەوە، ئێران کاری بەهونەرمەند نییە تاوەکو هونەرمەندەکە لە سیاسەت تێوەنەگلێت، بۆیە تاوەکو ئێستا کاریان بە من نەبووە".


### دیزاینەرە جیهانییەکان سەرسامن بە جلی کوردی

سۆنیا بێتووشی پێیوایە هێشتا فاشیۆن نەبووەتە جێی بایەخ لە نێو خەڵکی کوردستان. سۆنیا دەڵێت "بەراستی فاشیۆن دونیایەکی زۆر فراوانە، بەڵام بەداخەوە خەڵکی ئێمە نایەن بەدەمییەوە، تا زووتر بێن هێشتا درەنگە چونکە ئێمە زۆر لە دواوەین، لە ئەوروپا 30%ی پارەی بانکە گەورەکان بۆ فاشیۆن تەرخانکراوە، بەڵام ئێمە ناچارین هەر بچین لە ئەوروپا و شوێنەکانی دیکە جلوبەرگ بۆ کوردستان بکڕین وپارەی خۆمان ببینە دەرەوە، ئەمەش هەڵەیە".

سۆنیا هەروەها دەڵێت "کاتێک دیزاینەرە جیهانییەکان جلوبەرگی کۆنی کوردی دەبینن پێی سەرسام دەبن و لەلایان زۆر جوانە، لەبەر ئەوە دەبێت وەکو وڵاتانی دیکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی بۆ دابنێت، ئێران کە وڵاتێکی ئیسلامیشە هەموو ساڵێک فیستیڤاڵی فاشیۆنی هەیە و باشترین دایزینەرەکان هەڵدەبژێرێت، وەک براند جلوبەرگەکانیان دەستنیشان دەکرێ".

سۆنیا وەک دیزانیەرێک توانیویتی براندێک بۆ خۆی دروست بکات ولە جیهانی فاشیۆندا جێ پەنجەی دیار بێت، ئەو باس لەو سوودانەی دەکات کە لە پای دروستکردن و فرۆشتنی جلوبەرگەکانی دەبینێت "لەگەڵ چەند کۆمپانیای ئەوروپی کۆنتاکم بەستووە و جلوبەرگەکانم لەو رێگایەوە نمایش دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ماڵپەڕی ئێنتەرنێت پەیجی خۆم هەیە، لەو رێگایەشەوە زۆر کارم دەفرۆشم، بەڵام بەداخەوە لە کوردستان وەک پێویست نییە، من جلوبەرگم بە 700 دۆلارە فرۆشتووە تاوەکو ئێستا بایی نزیکەی 100 هەزار دۆلار جلوبەرک و براندی خۆم فرۆشتووە، هونەرمەندە ئێرانییەکان زۆر جلوبەرگی من لەبەر دەکەن بۆ فێستیڤاڵ و کارە هونەرییەکان، لە هونەرمەندانی کوردیش دەشنێ موراد جلوبەرگی منی پۆشیوە".

# شەوکەت ئەمین داعش دەکاتە فیلم



**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

دەرهێنەری کورد شەوکەت ئەمین کۆرکی، لە رێگای فیلمێکەوە ئازار و مەینەتیەکانی گەلەکەی بە جیهاندا دەگێڕێت و چەندین خەڵاتی جیهانی بۆ فیلمەکە وەردەگرێت. ئێستاش دەیەوێت فیلمێک لەسەر داعش دروست بکات.

"بیرەوەرییەکانی سەر بەرد" ناوی نوێترین فیلمی سینەمایی شەوکەوت ئەمین کورکییە کە بەمدواییە بەشداری چەندین فێستیڤاڵی جیهانی کردووە و چەند خەڵاتێکیشی بەدەستهێناوە. شەوکەوت ئەمین دەڵێت بیرۆکەی فیلمەکەی بۆ ساڵی 2009 دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی بەرهەمهێنەر و هاورێی محەممەد ئەکتاش پێشنیازی بۆ کردووە بە هەردووکیان کار لەسەر سیناریۆی ئەم فیلمە بکەن. ئەو دەڵێت "هەرچەندە من پێشتر دوو بیرۆکەی دیکەی فیلمم هەبوو، بەڵام ئەم فیلمەم بەلاوە باش بوو، بۆیە لەگەڵ ئەکتاش لە ساڵی 2010 دەستمان بە نووسینی سیناریۆکەی کرد".

شەوکەت ئەمین ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، نووسینی سیناریۆکە ماوەی یەک ساڵ و نیوی خایاند، بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ ئەکتاش لە هەولێر و بەرلین چەند جارێک یەکدییان بینیوە. وێنەگرتنی فیلمەکە لە 15ی دیسێمبەری 2012 لە شاری دهۆک دەستیپێکردووە و ماوەی 87 رۆژی خایاندووە.

شەوکەت دەڵێت "کاستی فیلمەکەی زۆر بوو، زۆرجار ستافەکەی بەبێ ژمارەی ئەکتەر و کۆمبارس 50 کەس بووە و لە یەک رۆژدا 400 کۆمبارس بەشداربوونە". گوتیشی فیلمەکە زۆرتر خۆماڵییە، چونکە تێکڕای ستافەکەی لە کوردی هەر چواری پارچەی کوردستان پێکهاتووە، جگە لە سێ کەس کە لە ئەوروپاوە هاتبوون.

چیرۆکی فیلمی بیرەوەییەکانی سەر بەرد باس لە دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرێکی کورد دەکات کە دەیەوێت فیلمێک لەبارەی ئەنفالەوە لە کوردستان دروست بکات، پانۆرامایەکە بەسەر دۆخی فیلمسازی لە کوردستاندا، بەڵام لە گۆشە نیگایەکەوە وەک ئەوەی دەرهێنەری فیلمەکە ئاماژەی بۆ دەکات، ئەو پێیوایە ناکرێت تەواوی کێشەکانی سینەمای کوردستان لە فیلمێکدا باسیان لێوە بکرێت.

"بیرەوەرییەکانی سەر بەرد" سنوورەکان دەبەزێنێ و دەکەوێتە سەر پەردەی چەندین سینەمای جیهانی و گەلێک خەڵاتی بەناوبانگیش بە دیاری بۆ کوردستان دێنێتەوە، لەبارەی دوایین خەڵاتی جیهانی، شەوکەت ئەمین گوتی" لەم چەند رۆژەی رابردوودا خەڵاتی باشترین فیلمی لە فێستیڤاڵی ئەبوزەبی وەرگرت کە ئەمەش جێگای خۆشحاڵییە فیلمێکی کوردی ئەم خەڵاتە گەورەیە بباتەوە، هەروەها هەفتەی رابردووش خەڵاتی باشترین دەرهێنانی لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکی سێزدەیەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی "سینەدایز" لە وڵاتی مەکەدۆنیا بەدەستهێناوە. فیلمەکە لە زیاتر لە 10 فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی نیشاندراوەو ئێستاش داوەتی چەندین فیستیڤاڵی دیکە کراوە".

شەوکەت ئەمین دوای وەرگرتنی خەڵاتی مرواریی رەشی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ئەبوزەبی، ئەم خەڵاتەی پێشکەش کرد بە یادەوەری شەهیدان و قوربانیانی شەڕ دژی گرووپی چەکدارانی داعش و بە تایبەت منداڵانی شەهید و قوربانیانی ئەم کارەساتە و هەروەها خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە داعش، بۆیە دەنگدانەوەیەکی زۆری لە نێو دەزگا راگەیاندنەکانی عەرەبی و جیهانی هەبوو.

رەنگە کورد هێندەی نیوەی جیهان چیرۆکی تراژیدی هەبێت کە دەبێتە هەوێنی سەدان فیلم، ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان تێیدا گوزەر دەکات، رۆژانە دەیان چیرۆکی ویژدانهەژێن بەرهەمدێنێت، بۆیە دەرهێنەران و سینەماکارانی سەرقاڵ کردووە بۆ دەستنیشانکردنی جوانترین و کاریگەرترین چیرۆکی فیلم.

شەوکەت ئەمین کۆرکی دەڵێت چوار مانگە کار بۆ دروستکردنی فیلمێکی نوێ دەکات کە هەڵقوڵاوی بارودۆخی ئێستای کوردستان بێت، دەربارەی ئەم فیلمە تازەیە کۆرکی بە (رووداو)ی گوت" ئێستا کار لەسەر دوو بیرۆکەی نوێی فیلم دەکەم کە باس لەو بارودۆخە دەکات و لە باکگراوەندی فیلمەکەدا باسی شەڕی ئێستای داعش دژی کوردستان دەکات. ئێستا خەریکی نووسینەوەی سیناریۆی یەکێک لەو بیرۆکانەم، دەمەوێت کاتی زیاتر بەم سیناریۆیە بدەم و کاری لەسەر بکەم کە فیلمێکی کۆمەڵایەتی دەبێت، بەڵام ئێستا نامەوێت باسی ناوەڕۆکی فیلمەکە بکەم".

دوای هاتنی گرووپی داعش بۆ عێراق و بەشێک لە کوردستان، زۆربەی چالاکییە هونەرییەکان وەستاون، هەروەها بەهۆی نەهاتنی بودجە چالاکیی هونەری زۆر سست بووە. شەوکەت دەڵێت "بێگومان ئەم بارودۆخە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر سینەماش هەبووە، بەبڕوای من لە هەموو شەڕەکانی دونیادا ئەوەی زوو هەڕەشەی دەکەوێتە سەر هونەر و کولتوورە، بۆیە ئێمەش لە کوردستان ئێستا لە قەیرانی هونەریداین، سینەماش وەک بەشێک لە هونەر بێبەش نابێت لەم قەیرانە".

دەربارەی پێشوازیی بینەری عەرەبی و ئەوروپی لە فیلمی بیرەوەرییەکانی سەر بەرد، شەوکەت بە شانازییەوە باسی لەو پێشوازییە گەرمەی خەڵکی لە فیلمەکەی کرد کە لە چەند فێستیڤاڵێکدا زۆرترین بینەری هەبووە، لەوبارەیەوە شەوکەت گوتی" بەخۆشحاڵییەوە ئەو خەڵکانەی فیلمەکەیان بینیوە زۆر بە دڵیان بووە، هەرچەندە من سەرەتا کەمێک ترسم لەوە هەبوو، چونکە من فیلمەکەم بۆ بینەری کوردی دروستکردبوو، بەڵام بەڕاستی ئەوروپییەکان و عەرەبەکانیش زۆر لایان جوان و بەهێزبوو، کەواتە ئەوانیش پەیامی فیلمەکەیان پێگەیشتووە".


NEW ESKAN
پرۆژەی
ئیسکانی نوێ
$1500
بەبۆنەی سەری ساڵی
تازە، پرۆژەی ئیسکانی
نوێ ئۆفەرێکی نوێ
پێشکەش دەکات بە
قیستی مانگانەی
1500دۆلاری
ئەمریکی پەلە بکەن
بۆ کڕینی شوقەکان
بۆ پەیوەندی و وەرگرتنی زانیاری:
07501429999
07501439999

## غازی زۆپا خێزانێک ژەهراوی دەکات



**ڕووداو- هەولێر**

پۆلیسی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند، لە کۆمەڵگایەکی نزیک شاری هەولێر، خێزانێک بەهۆی غازی زۆپاوە ژەهراوی بوونە و بەو هۆیەوە منداڵێکی شەش ساڵ گیانی لە دەستداوە. ڕائید کاروان عەبدولکەریم، وتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر ڕایگەیاند کە ڕۆژی 2014/11/27 پۆلیس لە ڕووداوێک ئاگادارکرانەوە لە کۆمەڵگەی جدیدەی سەر بە ناحیەی ڕزگاری، خێزانێک بەهۆی زۆپاوە ژەهراوی بوونە. گوتیشی "منداڵێک بەناوی (ئیڤان بەشدار) تەمەن شەش ساڵ گیانی لەدەستداوە، پێنج ئەندامی دیکەی خێزانەکە تەندروستیان لە مەترسیدابوو، گەیانرانە نەخۆشانەی فریاکەوتن".

# ئەڵمانیا مافی پەنابەری دەداتە ژنانی دەربازبووی ئێزدی لەدەستی داعش



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

لە تەنیشت خێوەتەکەیاندا بە کزییەوە چاوی بڕیوەتە منداڵەکان کە دێن و دەچن، پێدەچێت هیچ هیوایەکی بەو ڕۆژە نەمابێت کە ببینێ خێزانەکەی بۆ جارێکی دیکە بەیەکەوە کۆبوونەتەوە. زیاتر لە هەر شتێک، دووریی کچەکەی هەراسانی کردووە. تاوەکو 20 ڕۆژ لەمەوبەریش دەیتوانی لە درەنگانێکی شەودا قسەی لەگەڵ بکات، بەڵام ئێستا هیچ زەنگێک لەلای کچەکەیەوە نایەت.

داوای کرد ناوی بڵاو نەکرێتەوە، چونکە پێیوایە کاریگەریی خراپی لەسەر چارەنووسی کچەکەی دەبێت کە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێنراوە. هیوایەکیشی بۆ گەڕاوەتەوە کاتێک زانیویەتی حکومەت بە پارە و لەڕێگەی کەسانێکەوە کچان و ژنانی ئێزدی ڕزگار دەکات "ئەگەر کچەکەم بێتەوە، دەیخەمە سەر هەردوو چاوم، دوعا دەکەم بگەڕێتەوە، ئێمە لە دووریی ئەوان ڕەزیل و داماو بووین".

ڕزگارکردنی ئەو کچ و ژنە ئێزدییانەی کە داعش دوای داگیرکردنی شنگال ڕفاندوونی، پرسێکە زیاتر لە هەموو شتێک چاوی کوردە ئێزدییە ئاوارەکانی لەسەرە. دەتوانی بڵێی بووەتە خەونە گەورەکە. ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان دەڵێ چەند میکانیزم و ڕێگایەکیان لە بەغدا تاوتوێ کردووە بۆ ڕزگارکردنی کچان و ژنانی بندەستی داعش.

"داوامان لە لیژنەی ژنانی پەرلەمانی عێراق کردووە کاربکەن بۆ ئەوەی حکومەتی بەغدا بودجەیەک دابینبکات بۆ ڕزگارکردنی ژنان و کچانی کوردی ئێزدی". مریەم سەمەد، ئەندامی لیژنەی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان وایگوت.

ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو لیژنەی ژنانی پەرلەمانی کوردستان، سەردانی بەغدایان کرد و لەگەڵ چەند لایەنێکی بەرپرس لە بەغدا کۆبوونەوە، جگە لە وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق و جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان، وەزیرە ژنەکەی حکومەتی بەغداشیان بینی.

مریەم سەمەد، لە بارەی دانیشتنەکانیانەوە دەڵێ مەبەستیانە بەجددی مشووری ئەو ژن و کچانە بخۆن کە لای داعش ماون، تەنانەت ئەوانەش کە ئازاد کراون و گەڕاونەتەوە نێو کەسوکاریان "ئەوانەش کە ئازاد کراون لە کێشەیەکی گەورەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و جەستەییدان، ژمارەیەک کەیسی ئەو ژن و کچانەمان بینیوە کە ئازادکراون و زۆر مەترسیدارن".

بەبڕوای مریەم سەمەد، بەهاناوەچوونی ژنان و کچانی ئێزدی، بەدەرە لە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێویستی بە توانا و هاوکاریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە بۆ ئەوەی هیوای ژیانیان بۆ بگەڕێنرێتەوە "ڕاپۆرتێکمان دایە حکومەتی ئەڵمانیا و هەموو شتێکمان بە وردی بۆ ڕوونکردوونەتەوە، ئەوانیش وەڵامیان داوەتەوە کە ئامادەن مافی پەنابەری بدەنە هەموو ئەو کچ و ژنانەی ئازادکراون". ئەو گوتی "قسەمان لەگەڵ کەسوکاری ئەو کچانەش کردووە کە ڕازی ببن کچەکانیان ببرێنە ئەڵمانیا، بەڵام ڕازی نابن".

تائێستا ژمارەیەک لەو کچ و ژنانەی لەدوای هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر شنگال و دەوروبەری ڕفێنران، بە ڕێگای جۆراوجۆر دەربازبوون و گەڕاونەتەوە هەرێمی کوردستان، بۆ ئازادکردنی هەندێک لەوانە پارە دراوە بە کەسانێک کە نێوەندگیری دەکەن و ژنەکان لە ناوچەکانی بندەستی داعشەوە دەگەیێننەوە لای کەسوکاریان لە کوردستان.

مریەم سەمەد دەڵێت کە ئەو کارە پێویستی بەپارەی زۆرتر هەیە. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لیژنەیەکی بۆ ئەو مەبەستە پێکهێناوە. ئەو گوتیشی کە داوایانکردووە ئەو لیژنەیە لەلایەن لیژنەیەکی دیکەوە چاودێریی بکرێت "چونکە ناکرێت دەستەیەک یان دەزگایەک نەبێ چاودێری کارەکانیان و چۆنێتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە بکات".

بەهار عەبدولڕەحمان، ئەندامی لیژنەی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی ئەو شاندەی سەردانی بەغدایان کردووە، دەڵێ شوێنی ئەو ئافرەتانەی لای داعشن، بابەتێکی تەواو هەستیار و مەترسیدارە و نابێ زانیاری لەو بارەیەوە بدرکێنرێ و ئەرکی سەرەکی حکومەتی ناوەندییە هەوڵی ڕزگارکردنی ئەو کچ و ژنانە بدات. بەڵام ئایا حکومەتی ناوەندی دەتوانێ ئەو کارە بکات؟

بەهار عەبدولڕەحمان دەڵێ "بە دڵنیاییەوە ئەگەر بیەوێ دەتوانێ، لیژنەی ژنانی پەرلەمانی عێراق گوتیان فشار لەسەر حکومەت دروستدەکەین بۆئەوەی ئەو کارە بەهەند وەربگرێت".

پەرلەمانتارانی کورد لە چی دەترسن، دوای ئەوەی کە ژن و کچە ئازادکراوەکانیان بینیوە لەنێو کەسوکاریاندا بێ ئەوەی کێشەیان بۆ دروست بووبێت، ئاخۆ هێشتا دۆخی ئەوان مەترسیدارە؟ بەهار عەبدولڕەحمان پێیوایە دەبێ سەرلەنوێ ڕاهێنان بەوانە بکرێتەوە کە دەگەڕێنەوە و باری دەروونییان جێگیر بکرێتەوە "کوردی ئێزدیش لەڕووی نەریت و بیرکردنەوە بڕێک موحافیزکارن و دەبێ باری کۆمەڵایەتی ئەو ئافرەتانە ئاسایی بکرێتەوە، ئەمەش کۆمەک و هاوکاری نێودەوڵەتی پێویستە".

## ژنە شاعیرێکی تونسی لەبارەی ئەدەبی کوردی:

# کیشوەری شەشەمم دۆزییەوە

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەتەنیشت گۆڕی شێرکۆ بێکەس، شاعیری کۆچکردووی نێوداری کورد، ژنێک دانیشتووە و زیاتر لە جارێک دەچەمێتەوە و کێلی گۆڕەکە ماچ دەکات. هەندێکجار لە گۆڕەکە ورد دەبێتەوە و بزەیەک دەیگرێ. وەها دەردەکەوێ وەک ئەوەی لەسەر گۆڕی ئەڤینداریکی بگری، بەڵام چیرۆکەکە قووڵترە لەوەی چاوەکان دەیبینن.

ئەو ژنە فاتیمە بن مەحموودی تونسییە، ئەو ژنە شاعیرەی بانگهێشتی فێستیڤاڵی ئەدەبیی گەلاوێژ کرابوو لە سلێمانی، بەڵام وەک خۆی دەڵێت، ئەوە هەلێک بوو بۆئەوەی بۆ یەکەمجاری بگاتە وڵاتی نەتەوە بێ دەوڵەتەکە. ئەو نیشتمانەی شێرکۆ بێکەس لەڕێگەی دیوانەکانییەوە وڵات بە وڵات ئاوارەکانی دەگێڕا. فاتیمە وەهای نیشان دەدا کە عاشقی کورد و شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسە.

"پەیوەندی من لەگەڵ ئەدەبی کوردی لە هەڵەبجەوە دەستپێدەکات". میوانە تونسییەکە پێیوایە ڕووداوە ئازاربەخشەکان دۆستی زۆریان بۆ میللەتی کورد دروستکردووە "بەشێوەی کتوپڕ زانیم کە کارەساتی هەڵەبجە ڕوویدا، ئەوە زۆر ئەستەم بوو بۆ من، وای لێکردم ببمە پشتیوانی مەسەلەی کورد، هەوڵمدا زیاتر بگریم و هەوڵمدا زیاتر بزانم لەوبارەیەوە".

لەدوای کارەساتی هەڵەبجەوە کەوتووەتە خۆی بۆ ئەوەی پەیوەندی و ناسیاوی لەگەڵ نووسەر و کەسایەتییەکانی کورد پەیدا بکات "بە ئینتەرنێت و فەیسبووکدا گەڕام، چەندین پەیوەندیم دروستکرد".

پەیوەندییەکان کاری خۆیان کرد و فاتیمە گەیشتە ئەو وڵاتەی 26 ساڵ لەمەوبەر بە بەرچاوی جیهانەوە چەکی کۆکوژی لەسەر تاقیکرایەوە. لەبەردەم ئاڵا گەورەکەی کوردستان کە لەنێو پارکی ئازادی هەڵکراوە، ئەو ژنە ڕادەوەستێ و ماچێک بۆ ئاڵاکە فڕێدەدا و لەبەردەمیدا دەچەمێتەوە.

فاتیمە بن مەحموود، زیاتر لە هەرشتێک سەرسامە بەو دیوانە شیعرییانەی شێرکۆ بێکەس کە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدراون "بەیەکێک لە گەورەترین شاعیرەکانی جیهانی دادەنێم، بە یەکێک لە چیاکانی کوردستانی دادەنێم لەنووسیندا، کاتێک ئەم بەرهەمەکانی ئەو شاعیرەم خوێندەوە چێژم وەرگرت، کیشوەری شەشەمم دۆزییەوە، هەر بۆیە خۆشحاڵم کە ئەم گەوهەرەم دۆزییەوە لە ئەدەب و شیعردا".

بەبڕوای فاتیمە، نووسەر و ئەدیبانی بیانی، کاتێک لە دوورەوە سەیری کوردستان و مێژووەکەی دەکەن، ئەستەمە بتوانن لە مێژووی کورد تێبگەن و زانیاری وەربگرن. بەڵام شیعرە وەرگێڕدراوەکانی شێرکۆ بێکەس، ئەو دەرفەتەن بۆ بیانییان "لە شیعری شێرکۆدا، مێژووی کورد و ئازارەکانی، سروشتی کوردستان و خەڵکەکەی، هەموو شتێک دەناسی".


"بەڵام شیعری کوردیش وەکو شیعری عەرەبییە، پڕە لە خەم و ئازار، ئەوەش پەیوەندی هەیە بەو مێژووە تراژیدییەوە کە بەدرێژایی ڕۆژگار بینیویانە و پڕە لەکارەسات. تەنانەت ئەمە لەموزیکی کوردیشدا ڕەنگیداوەتەوە".

بەبڕوای فاتیمە بن مەحموود، شێرکۆ بێکەس شاعیرێکی نموونەییە "شێرکۆ بێکەس بە تەنیا شاعیرێکی کورد نییە، شاعیرێکی جیهانییە، چونکە بەزمانێکی جیهانی قسەی دەکرد".

شاعیری دیکەی کورد هەن کە فاتیمە بن مەحموود نەیناسیون، ئەو هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە نووسەر و ئەدیبانی کورد کەمتر لە نووسەر و ئەدیبانی دونیا بەرهەمەکانیان بۆ زمانەکانی دیکە وەردەگێڕدرێ "بەڵام دڵنیام کوردستان سەرزەمینێکی باشە بۆ بەرهەمهێنانی شیعر".

لەنێو کۆمەڵگەی عەرەبیدا، کەمتر نووسەر و ئەدیبان بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە و بوێرانە هاوسۆزی و پشتیوانیی خۆیان بۆ خەڵکی کوردستان ڕاگەیاندووە، لەدوای هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە سەرەتای مانگی ئابی ڕابردوو، نووسەر و شاعیری بەرەگەز ئەمازیغی، مەلیکە مەزان، ڕایگەیاند کە ئەو وەک کاردانەوەیەک لەبەرامبەر ئەو ژنانەی دەچنە نێو داعش، ئامادەیە "جیهادی نیکاح" لەگەڵ پێشمەرگە بکات وەک دەربڕینێکی سیمبولی بۆ پشتیوانیی خۆی لە پێشمەرگە.

فاتیمە بن مەحموود دەبێتە یەکەمین ژنە تونسی کە ڕاشکاوانە و بەدەنگی بەرز هاوسۆزیی خۆی بۆ دۆزی ڕەوای کورد دەردەبڕێ. ئەو بەشداریی خۆی لە فێستیڤاڵی ئەمجارەی گەلاوێژ بە دەرفەتێکی گرنگ دەزانێ بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی گەموگوڕتر لەگەڵ ئەدیبان و نووسەرانی کوردستان.



فاتیمە بن مەحموود دوعا بۆ شێرکۆ بێکەس دەکات (فۆتۆ: ڕووداو)

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە (336) دووشەممە 2014/12/1

## کوردێکی شەبەک لە پاڵاوگەیەک گیانلەدەست دەدات

**ڕووداو – هەولێر**

کرێکارێک لە کاتی کارکردن ئاسنێک بەر سەری دەکەوێت و دەستبەجێ گیانلەدەست دەدات. بەپێی هەواڵێکی پەیجی کاروان عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر نیوەڕۆی ڕۆژی 2014/11/30 کرێکارێک بە ناوی حوسێن جاسم مالیک، تەمەن 24 ساڵ، کە کوردی شەبەکە لە کاتی کارکردن بە پاڵاوگەیەک لە قوشتەپە ئاسنێک بەر سەری کەوتووە و دەستبەجێ گیانی لە دەستداوە. پۆلیسی قوشتەپە دۆسیەی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە.





### لە ماوەی 10 مانگدا

# 391 ژن لە سلێمانی بەدەستی پیاوان لێدانیان خواردووە

**ژیان و تەرزە**
**ڕووداو– سلێمانی**

بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لەسلێمانی، گەشبینانە دەڕوانێتە ئامارەکانی ئەمساڵی توندوتیژی دژی ژنان و دەڵێ ژمارەکان کەمتر بوونەتەوە "توندوتیژی دژی ژنان بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو بە ڕێژەی 4% کەمیکردووە". بەڵام ژنە چالاکڤانەکان پێیانوایە ئەو ژمارانە بۆ ئەوە ناشێن مرۆڤ گەشبین بکەن.

ماوەی 6 ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری لە هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دروستکردووە، بەڵام هێشتا لەنێو ئەو بنکە و سەنتەرانەی ژنان ڕووی تێدەکەن بۆ ئەوەی سکاڵا بکەن یان داوای پەنادان بکەن، ژنان خۆیان و کێشەکانیان دەشارنەوە. ئەوان پێیانوایە تارمایی خێزانەکان لێیان نابنەوە.

(ق.ک) کە ڕووی لە یەکێک لە بەڕێوەبەرایەتییەکان کردبوو بۆ ئەوەی سکاڵا لە دژی مێردەکەی تۆمار بکات، گوتی "لەوانەیە خەڵک کێشەیەکیان هەبێت لەگەڵ مێردەکانیان، بەڵام من بەچەندین هۆکاری جیاواز لێدانم خواردووە بەدەستی، بەهۆ و بێ هۆ لێیداوم و لێمدەدا". (ق.ع) سوورە لەسەر سکاڵاکەی، بەڵام دڵنیا نییە لەوەی مێردەکەی دەستگیر دەکرێت یان نا.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرێتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی، لەماوەی 10 مانگی ئەمساڵدا. ژنان و کچانی سنووری ئەو پارێزگایە 1164 سکاڵایان تۆمار کردووە. هەروەها 3 حاڵەتی کوشتن، 29 حاڵەتی سووتان، 12 خۆسووتاندن، 172 هەڕەشە و 11 حاڵەتی هەڵخەڵەتاندن و 391 حاڵەتی لێدان، 27 کێشەی مۆبایل و 59 کێشەی جنێودان و یەک حاڵەتی بەزۆر بەشوودان، 11 حاڵەتی دەرمانخواردکردن و 182 سووکایەتی و 16 حاڵەتی توندوتیژی دەروونی تۆمارکراون.



هەر لەو ئامارەدا هاتووە کە 6 حاڵەتی ڕێگری لە شووکردن، 21 حاڵەتی لێسەندنەوەی منداڵ، 4 حاڵەتی ڕفاندن، دوو هەوڵی کوشتن، 4 هەوڵی خۆکوشتن، 7 حاڵەتی بێزارکردن، 23 حاڵەتی دەستدرێژی، 6 حاڵەتی لاقەکردن و 25 حاڵەتی ناپاکی هاوسەری لای پۆلیس تۆمارکراون.

سەرکەوت عومەر، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی دەڵێت بەراورد بە 2013 ئامارەکان دەریدەخەن " تاوان و سکاڵاکان بە ڕێژەی 4% کەمتر بوونەتەوە". بەڵام سکاڵای ژنان لەسەر دەستدرێژی زۆرتر بوون و 23 دەستدرێژی لەو پارێزگایە تۆمارکراوە. سەرکەوت عومەر پێیوایە "جاران خەڵک کەمتر جورئەتی دەکرد بچێتە بنکەی پۆلیس و دادگا لەو بارەیەوە سکاڵا تۆمار بکات، بەڵام ئێستا وانەماوە".

لە ساڵی 2008 تاوەکو 2010، لە پارێزگای سلێمانی بەپێی ئەو ئامارەی بەڕێوەبەرێتی بەرەنگاربوونەوەی توندووتیژی دژی ژنان داویەتییە (ڕووداو)، 119 کچ و ژن پەنایان بۆ خووسووتاندن بردووە وەک یەکێک لە ڕێگەکانی خۆکوشتن و 404 ژن و کچیش سووتاون، کە 98 لەوانەی خۆیان سوتاندووە مردون و 168 لە سووتاوەکانیش گیانیان لە دەستداوە.

بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ئاسودە لە سلێمانی پێیوایە یەکێک لە هەڵەکانی حکومەت دانانی ئەو بەڕێوەبەرێتییە کە ئەمڕۆ بووەتە تاکە ناوەند و دەزگای بڵاوکردنەوەی ئامارەکان و دەڵێ "ئەو ستافەی دایانناوە بۆ بەگژداچوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان هەموویان پیاون، ئەوە کێشەیەکی گەورەیە و پێش دروستبوونی ئەو بەڕێوەبەرێتییە بڕوایان بە کاری ڕێکخراوەیی نەبوو".

خانم ڕەحیم، باسی ڕێکخراوەکەی خۆی دەکات کە لەساڵی 2000ەوە دامەزراوە و و دەڵێ "لە مانگێکدا 25 بۆ 30ژن دێنە لامان و 12 لەوانە پێویستیان بە داڵدەدان هەیە".

چالاکوانانی ژن، نیگەرانن لەوەی ئامارەکان بەردەوام کۆمەڵگەیەکی داخراو بۆ ژن لە باشووری کوردستان پیشان دەدەن. هەلاڵە ڕافیع، دەپرسێ ئایا "کوشتنی 27 ژن لەماوەی 10 مانگدا کەمە؟ 37 ژن خۆیان بکوژن زۆر زۆرە و 5 5623 لە سێ پارێزگا و لەماوەی 10 مانگدا سکاڵایان هەبووە". گوتیشی زۆر باسی پیاوکوشتنیش دەکرێت، بەڵام پیاوەکان بەهۆی شەڕەکان و کێشەکانی دیکەوە دەکوژرێن، لە کاتێکدا دیارە ژن چۆن و لەسەرچی دەکوژرێ.

ئەوەی هەلاڵەی نیگەرانکردووە، دابەشبوونی ڕێکخراوەکانی ژنان و خودی هەڵسوڕاوانی ژنە بەسەر حیزبەکاندا "لەکاتێکدا پرسی ژن و کێشەی ژن، پرسێکی گشتییە و پێویستی بە ڕووبەڕووبوونەوەی جددی هەیە".

# کچێک لە ماڵی دراوسێکەیاندا دەکوژرێت



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو– چوارقوڕنە**

لە ڕووداوێکی نادیاردا لە گەڕەکی قەندیلی ناحیەی چوارقوڕنە، کچێکی تەمەن چوار ساڵ لە ماڵی دراوسێیەکیان دەکوژرێت و دوو منداڵیش بە سەختی بریندار دەبن، پۆلیس لەسەر ئەو تاوانە منداڵێکی دەستگیر کردووە.

ئەو ڕووداوە ڕۆژی 2014/11/29 لەگەڕەکی قەندیلی ناحیەی چوارقوڕنە ڕوویدا، بەهۆیەوە کچێک بەناوی فریشتە حەمەدەمین گیانی لەدەستدا و دوو منداڵی کوڕیش بە ناوەکانی ئەزموون و ئەنەس عەبدوڵڵا بریندار بوون.

ڕەمەزان ساڵح، مامی دوو منداڵەکە بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ڕووداوە لە ماڵی عەبدوڵڵای برام ڕوویداوە، لەو کاتەدا براکەم لە ماڵ نەبووە، براژنەکەشم چوو بوو بۆ پرسەی دۆستێکمان، برازاکانم لەگەڵ منداڵێکی دراوسێ یارییان کردووە، پاشان چەکی براکەمیان دەرهێناوە و یارییان پێکردووە".

دەنگی چەند فیشەکێک بۆ ماوەیەکی کورت منداڵەکان بێدەنگ دەکات، بەڵام دواتر دەنگە دەنگ و هاواری منداڵەکان بەرز دەبێتەوە. ڕەمەزان دەڵێت "منداڵەکان یارییان بە کلاشینکۆفەکە کردووە، چەند فیشەکێک لە چەکەکە دەرچووە، کچێکی دراوسێیان کە لەوێ بووە گوللەی بەرکەوتووە و مردووە، برازاکەم ئەزموون فیشەکێک بەر پشتی کەوتووە و لە نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە نەشتەرگەری بۆ کراوە و باری تەندروستی زۆر باش نییە، چونکە فیشەکەکە لەسەر بڕبڕەکانی پشتی ماوەتەوە و دەرنەچووە، ئەنەسیش بەهەمانشێوە بریندار بووە". ڕووداوەکە، وەکو زۆر لەو ڕووداوانەی بە چەکی نێو ماڵان ڕوودەدەن، ناوی "قەزا و قەدەر"ی لێنراوە، بۆیە کەس سکاڵای تۆمار نەکرد.

سەبارەت بە داواکاری کەسوکاری کچەکە، ڕەمەزان گوتی "ڕووداوەکە لەماڵی براکەم و بەچەکی براکەم بووە، بۆیە ئێمە بۆ هەموو شتێک ئامادەین، جا داوای یاساییمان لەسەر تۆمار بکرێ، یان سوڵحی عەشایری بکەین. ڕووداوەکە قەزاو قەدەر بووە، ئێمە ناخۆشیمان لەگەڵ کەسدا نییە، ماڵی براکەم و ماڵی کچە کوژراوەکەش زۆر تەبان، ئێمە لە پرسەکەیان دانیشتووین".

تاوەکو ئێستا چەندینجار لە بۆنە و کۆڕ و سەمینارەکاندا باسی مەترسییەکانی چەکی نێو ماڵان کراوە، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووداوی لەو شێوەیە زیاتر دەبن. جگە لەوەش دوای ڕووداوەکان هیچ ئیجرائاتێکی یاسایی ناکرێت، چونکە ڕووداوەکە بە "قەزا و قەدەر" دادەنرێت.

حەمەدەمین حوسێن، باسی کوژرانی کچەکەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "لە کاتی ڕووداوەکەدا تەنیا دایکی لە ماڵەوە بووە، من لە ماڵ نەبووم، نیو کاژێر پێش ڕووداوەکە لەلای بووم. دواتر تەلەفۆنیان بۆ کردم کە کچەکەم کوژراوە، بەڵام ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە، بۆیە سکاڵام لەسەر کەس تۆمار نەکردووە". گوتیشی "نێوانمان لەگەڵ ماڵە دراوسێکەمان زۆر خۆشە، تەنانەت لەبەر خاتری ئەوان لەو گەڕەکە نەڕۆیشتووین".

ڕائیدی پۆلیس مستەفا محەممەد باپیر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین ڕایگەیاند "کاژێر 11ی پێشنیوەڕۆی 2014/11/29 تەرمی کچێکی تەمەن چوار ساڵ کە فیشەکێک بەر سەری کەوتبوو، گەیەندرایە پزیشکی دادوەریی ڕانیە. هەروەها منداڵێکی تەمەن 10 ساڵ و برایەکی لە خۆی بچووکتر کە برینداربوون، گەیەندرانە بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە و چارەسەری پێویستیان وەرگرت".

پۆلیس دەستیکردووە بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە، سەبارەت بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ڕائید مستەفا گوتی "لێکۆڵینەوەکان لە قۆناغی سەرەتادان، کەس سکاڵای تۆمار نەکردووە، بەڵام تەقەکەرەکە کە ئەنەسە و برینداریش بووە، لەلایەن پۆلیسەوە لە نەخۆشخانە دەستبەسەرە، هەروەها ئەو چەکەی کە بە هەڵە تەقەی پێکراوە دەستی بەسەردا گیراوە".

**ڕائیدی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر ***

## چارەنووسی شووکردنێکی سەربەهەوێ

ڕاپۆرتێکی پزیشکی بەدەستەوە گرتبوو، ئەوەش وەکو بەڵگەیەک بۆ ئەوەی بڵێت مێردەکەی لێیداوە و جەستەی شین و مۆر کردووەتەوە. ژنەکە دەیگوت زیاتر لە 10 جار بەو شێوەیە ئەشکەنجەی داوە.

ئەو ژنە کە خاوەنی دوو منداڵە، یەکێک لە قوربانیانی توندوتیژی خێزانییە. ئەو ژنە سێ ساڵە سەر بە هەوێ شووی کردووە، هەرچەندە سەرەتا دژی ئەو شووکردنە بووە، بەڵام پیاوەکە وازی لێنەهێناوە و بە قسەی خۆی دوو ساڵی ڕەبەق هەوڵی لەگەڵ داوە، تاوەکو ڕازی کردووە.

کێشەی ئەو ژنە ئێستا ئەوەیە کە بە قسەی خۆی پیاوەکەی وەکو کۆیلەیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکات و ئەویش کۆیلایەتی پێ قبوڵ ناکرێت. ئەو ژنە داوای ماڵی جیا دەکات، بەڵام مێردەکەی ڕازی نییە، ناشتوانێت جیا ببێتەوە، چونکە ماڵی باوکی بەو مەرجە وەریدەگرنەوە کە دوو منداڵەکەی لەگەڵ خۆی نەهێنێ. دواجار ژنەکە سکاڵای لەسەر مێردەکەی تۆمار کرد.

سکاڵای ژنەکە ڕەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوەی توندوتیژی خێزانی کرا و بڕیاردرا بە دەستگیرکردنی مێردەکەی بەپێی ماددەی 7 لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی. لە کاتی دەستگیرکردنیدا مێردەکەی دانی نا بەوەی لە خێزانەکەی داوە، چونکە بە قسەی خۆی هەموو ڕۆژێک کێشە دروست دەکات و بە قسەی ناکات، کێشە بۆ ژنەکەی دیکەی دروست دەکات و ڕێزی لێناگرێت. هەرچەندە سەرپشکیشی کردووە جیاببێتەوە، بەڵام ماڵی باوکی ڕێگەی پێنادەن.

کاتێک بە پیاوەکە گوترا خۆت سەرچاوەی کێشەکانی، چونکە دوو ژنت لە نێو یەک خانوو داناوە، بۆچی ماڵی جیایان بۆ دانانێی، ئەو گوتی کە باری دارایی باش نییە و ناتوانێ ئەوە بکات. بۆیە دۆسیەکەی ڕەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی خێزانی کرا و بڕیاری بەندکردنی درا، پاش ئازادبوونی ڕەوانەی لێژنەی ئاشتەوایی کران و دووبارە لەگەڵ هەردووکیان قسە کرا، داواکاری ئافرەتەکە ئەوەبوو کە پیاوەکەی وەکو مرۆڤ تەماشای بکات و ماڵی سەربەخۆی بۆ دابنێت، بەڵام پیاوەکەی گوتی بە هیچ جۆرێک ناتوانم ماڵی بۆ بکەم، ڕازییە با بگەڕێتەوە ئەگەرنا کەس لەسەر تەڵاقدان حوکم نەدراوە با بچێت داوای تەڵاق بکات و مافی چییە دەیدەمێ، بۆیە نەگەیشتنە ئەنجام.

بە ئافرەتەکە ڕاگەیەنرا کە کێشەکەت لەسەر لێدان و دەرکردن ڕەوانەی دادگا دەکرێت، سزای پیاوەکەت بەپێی ماددەی 7 لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دەبێت کە سزاکەی بریتیە لە بژاردن یان حەپسکردن. سەبارەت بە داواکردنیشت بۆ ماڵی جیا پێویستە بچیتە دادگای باری کەسی و داوای ماڵی جیا بکەیت، ئەگەر پیاوەکەت نەیکات بەپێی یاسا "لاسار" دەبێت، لەوکاتەدا دەتوانیت داوای جیابوونەوە بکەیت و هەموو مافەکانی خۆت وەربگریت لەگەڵ نەفەقەی منداڵەکانت.

لە دۆسیەی ئەو ژن و مێردەدا دەردەکەوێت، ئەوان دەستیان داوەتە بەردێک کە توانای هاوێشتنیان نییە، چونکە کەسوکاری هەردوولا ڕێگربوونە لەو هاوسەرگیرییە، پیاوەکەش توانای دارایی لاواز بووە، دڵنیام ئەگەر ئەو ژنە ماڵی جیای هەبووایە کێشەکەی هێندە گەورە نەدەبوو.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاسای باری کەسی سەبارەت بە ماڵی جیا، یەکێک لە بڕگەکانی لاساری بریتیە لە ئامادەنەکردنی ماڵی شەرعی لەلایەن مێردەوە بۆ ژنەکەی. هەروەها لاساری بە هۆیەک لە هۆیەکانی جیابوونەوە دادەنرێ دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ لە وەرگرتنی حوکمی لاساری پلەی یەکلاکەرەوە بەمجۆرە: ئەگەر پیاوەکە خۆی لاسار بوو ئەوا پێویستە نەفەقەی ژنەکە بە درێژایی ماوەی لاساری بدات، لە کاتی جیابوونەوەشیاندا پێویستە مارەیی پاشەکی و نەفەقەی عیددە بدات و قەرەبووی ئەوەی کەوتووەتە سەری بکاتەوە، ئەگەر هاتبێتە سەری.

***بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

شەڕ بازاڕی دووربینی گەرم کردووە

# بەرپرسەکان داوای شەوبین دەکەن و پێشمەرگەش دووربین


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**ڕووداو- هەولێر**

لەگەڵ بەردەوامبوونی شەڕ لە دژی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، بازاڕی کەلوپەلی سەربازی ڕۆژ بە ڕۆژ گەرمتر دەبێت. یەکێکیش لەو ئامێرانەی ئێستا بازاڕی گەرمە دووربینە.

کەلوپەلە سەربازییەکان لەو دووکانانەی تایبەت بە فرۆشتنی ئەو جۆرە کەلوپەلانە، بە دیوارەکاندا هەڵواسراون یان لەسەر مێز دانراون، بەڵام دووربینەکان خراونەتە نێو جامخانە. قەبارەی هەندێکیان زۆر بچووکە و هەندێکیان گەورەن، لە نێویشیاندا دووربینی کۆن هەن.

عومەر ڕەزا، دووکاندار لە بازاڕی فرۆشتنی کەلوپەلی سەربازی لە شاری هەولێر، زۆرتر کاری فرۆشتنی دووربین دەکات و دەڵێت بەهۆی شەڕی داعشەوە بازاڕی فرۆشتنی دووربین گەرم بووە.

لە نێو دووکانەکەی عومەردا دووربینی چینی هەن کە هەرزانترینیانە و نرخەکەی لە 40 دۆلارەوە دەستپێدەکات تاوەکو 150 دۆلار. باشترین مارکەش ئەڵمانیە کە نرخەکەی لە نێوان 500 — 1000 دۆلاردایە. لە نێو دووکانەکەی عومەر زیاتر دووربینی چینی بەرچاو دەکەوتن.

عومەر دەڵێت تاوەکو ماوەیەک پێش ئێستا بازاڕی دووربین زۆر گەرم بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە دووربین دابەش دەکات، بازاڕەکەیان کەمێک کز بووە و ڕۆژانە 3 — 4 دووربین دەفرۆشێت.

کڕیارە چەورەکەی عومەر، وەزارەتی پێشمەرگەیە "هەندێکجار بەرەیەکی شەڕ پێویستی بە دووربینە، وەزارەتی پێشمەرگە دێتە لای ئێمە بە جارێ کۆمەڵێک دووربین دەکڕن".

لە دووکانەکەی عومەردا جۆرە دووربینێکی دیکە هەیە کە لە چەک دەبەسترێ. عومەر دەڵێت بازاڕی ئەویش گەرمە، پێشمەرگە بۆ سەر چەکی کلاشینکۆف و m4 دەیکڕن.

هەندێک لەو کڕیارانەی ڕوودەکەنە دووکانەکەی عومەر داوای شەوبین دەکەن، بەڵام عومەر کاری ئەو ئامێرە ناکات، چونکە زۆر کەمە و بە زەحمەت دەستدەکەوێت. جگە لەوەش کڕیارەکانی زۆر بە بیانوون "زوو دەیگەڕێننەوە و دەڵێن بینینی باش نییە".

## کوردی تاراوگە لەگەڵ خۆیان دەیهێنن

کاڵای چینی وەکو چۆن ماڵەکانی کوردستانی پڕکردووە، پێشمەرگەشی پۆشتە کردووە، زۆربەی ئەو کەلوپەلە سەربازیانەی پێشمەرگە بەکاریاندێنن، وەکو جلوبەرگ، تاخمی تفەنگ، پۆستاڵ و دووربین، زۆربەیان لە چینەوە دێن.

بەڵام لە نێو دووکانەکاندا دووربینی ئەوروپی و ئەمریکیش هەن، بە تایبەتی دووربینی ڕووسی و ئەڵمانی. ئەسکەندەر مەولود، خاوەنی نووسینگەی بڵند بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی سەربازی باسی سەرچاوەی دەستکەوتنی ئەو دووربینە ئەوروپیانە دەکات و دەڵێت "زۆر لەو کوردانەی لە دەرەوە دەژین کە دەگەڕێنەوە چەند دووربینێک لەگەڵ خۆیان دەهێنن و لێرە دەیفرۆشنەوە".

## گوندنشینانیش دووربین دەکڕن

کڕیاری پلە یەکی دووربینەکانی ئەسکەندەر پێشمەرگەن، ئینجا ڕاوچییەکان. بەڵام کڕیارێکی تازەشی بۆ پەیدا بووە، ئەویش ئەو گوندنشینانەن کە گوندەکانیان دەکەونە هێڵی پێشەوەی شەڕ لەدژی داعش.

ئەسکەندەر دەڵێت "ئێستا ئەو گوندیانەی لە داعشەوە نزیکن دێن داوای دووربین دەکەن، ئەوان دەڵێن بەردەوام لە ڕێگەی دووربینەوە چاودێری دەوروبەرمان دەکەین، بۆ ئەوەی ئەگەر داعش هات حەزەری خۆمان وەربگرین".

ئەو پێشمەرگانەی دووربین دەکڕن بە ئەسکەندەریان گوتووە کە زۆر سوود لەو دووربینە وەردەگرن، چونکە زۆر بە ئاسانی لە دوورەوە جموجوڵەکانی داعش دەبینن. بەڵام گوتی "بەداخەوە وەزارەتی پێشمەرگە هیچ گرنگی بە دووربین نادات لە سەنگەرەکان، پێشمەرگە هاتووەتە لام گوتوویەتی بە 30 پێشمەرگە تەنیا یەک دووربینمان پێیە".

## بەرپرسەکان شەوبین دەکڕن

وەک ئەسکەندەر گوتی، پێشمەرگەکان زیاتر دووربینی چینی دەکڕن کە نرخەکەیان لە نێوان 50 تاوەکو 150 هەزار دینناردایە، چونکە بە پارەی گیرفانی خۆیان دەیکڕن. لە دووکانەکەی ئەسکەندەریش پرسیاری شەوبین دەکرێ. ئەسکەندەر دەڵێت "ئەوانەی داوای شەوبین دەکەن زۆرتر بەرپرسانن، هەندێکجاریش وەزارەتی پێشمەرگە داوای دەکات، بەڵام زۆر کەمە، ئەگەر بنێرین لە بەغدا بۆیان بێت، یان کەسێک لە ماڵەوە هەیبێت و بیفرۆشێت".

# بە سێ کابینە (ماڵی حوزنی) یان پێ دروستنەکرا

**مەهدی محەممەد ڕواندزی**
**ڕووداو- هەولێر**

زیاتر لە 4 چوار ساڵە قسە لەسەر دروستکردنی ماڵی حوزنی بۆ ڕۆژنامەنووسان دەکرێت لە شاری ڕواندز، بەڵام ئەو ماڵە سێ کابینەی حکومەتی کوردستانی بەڕێکرد و هەر دروست نەکرا.

ئەو خانووەی کە پێشتر شوێنی ژیانی حوسێن حوزنی موکریانی و کارەکانی چاپخانەکەی بوو، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کڕدرا بەو نیازەی نۆژەن بکرێتەوە. ماڵی حوزنی لە سەردەمی کابینەی حەوتەمدا بەردی بناغەی بۆ دانرا، بەڵام ئەوەی ئێستا دەبینرێت تەنیا پاشماوەی ماڵە کۆنە ڕووخاوەکەی حوزنییە.

بیرۆکەی دروستکردنی ماڵی حوزنی بۆ ڕۆژنامەنووسان لەلایەن فەرهاد عەونی، نەقیبی پێشووی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانەوە پێشنیاز کرا. ئەو دەڵێت لە ساڵی 2009 و لە یادی 111 ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی، بیرۆکەی کڕینی ماڵی حوسێن حوزنی کە چاپخانەی زاری کرمانجی لێبووە لە ڕواندز، بەبیرمدا هات، بۆیە بڕیارمدا بە هەر شێوەیەک بێت ئەو پارچە زەوییە بکڕم".

فەرهاد عەونی و محەممەدی حاجی کەریم، بەرپرسی ئەوکاتی نووسینگەی سۆرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بە شوێن خاوەنی زەوییەکەدا دەگەڕێن و بە بڕی 35 هەزار دۆلار زەوییەکە لە خاوەنەکەی دەکڕنەوە و لەسەر سەندیکای تاپۆ دەکەن.

فەرهاد عەونی لە دەرفەتێکدا نێچیرڤان بارزانی دەبینێت کە ئەوکات سەرۆکی کابینەی پێنجەم بوو. بیرۆکەی دروستکردنی ماڵی حوزنی بۆ باس دەکات "پێمگوت حوزنی زاتێکی گەورەیە و خزمەتێکی زۆری کەلتوور و ئەدەبی کوردی کردووە، ڕواندزیش کە پێشتر پایتەختی میرنشینی سۆران بووە، شایستەی ئەوەیە کارێکی وای بۆ بکەین. ئەویش لای خۆیەوە منی سەرپشک کرد و گوتی ئازاد بە و هەرچی دەیکەی بیکە".

لە کابینەی شەشەمدا زەوییەکە دەکڕدرێت و ئەندازیارێکی کوردیش دیزاینی باڵەخانەکە دەکات. دروستکردنی باڵەخانەکەش 814 هەزار دۆلاری تێدەچێت.

فەرهاد عەونی دۆسیەی پڕۆژەکە بۆ نێچیرڤان بارزانی دەنێرێت و لە نامەیەکیشدا هیوای ئەوە بۆ بارزانی دەخوازێ کە خەمخۆری دروستکردنی باڵەخانەکە بێ، ئەویش لای خۆیەوە ڕەزامەندی لەسەر نیشان دەدات.


وەک فەرهاد عەونی باسیکرد، تاوەکو ئەنجوومەنی وەزیرانیش لەگەڵ بەڵێندەر ڕێککەوتووە بۆ دروستکردنی باڵەخانەکە ئاگاداری پڕۆژەکە بووە. فەرهاد عەونی کە لە دوایین کۆنگرەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە سەندیکا نەما، گلەیی لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هەیە کە لەکاتی دانانی بەردی بناغەی ماڵی حوزنی بۆ ڕۆژنامەنووسان، بانگهێشتیان نەکردووە "لەکاتێکدا کە خۆم خاوەنی ئەو بیرۆکەیە بووم، کەچی بەداخەوە کەسێک منی ئاگادار نەکردەوە".

د.کوردستان موکریانی، برازای حوسێن حوزنی زیاتر لە دووجار بۆ ئەم مەبەستە هێنراوەتە ڕواندز، بۆیە ئەو بە پێکەنینەوە دەڵێ "ئەوەندە جددی بوون لە کارەکەیان پێموابوو ئەمساڵ بە بۆنەی ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی ماڵی حوزنی تەواو دەبێ". موکریانی لەگەڵ ئەوەدا نییە کە ماڵەکە تایبەت بکرێت بە لایەنێکی دیاریکراو، ئەو دەڵێ "من نازانم ئەگەر ئەوە ماڵی حوزنییە بۆچی دەبێ تەنیا تایبەت بێ بە ڕۆژنامەنووسان، یان یەکێک لە نووسینگەکانی سەندیکای ڕۆژنامەونووسان بچێتە ناوی؟ من دەمەوێت ماڵی حوزنی ببێتە ماڵی گەنجانی ڕواندز".

موکریانی باس لە دیدارێکی نێوان بارزانی و هاملتن (ئەندازیاری دروستکردنی ڕێگەی هەولێر- حاجی ئۆمەران) دەکات لە شاری لەندەن و دەڵێ "بارزانی بۆی گێڕامەوە گوتی (ساڵی 1971 چوومە لەندەن لەوێ هاملتنم بینی و لەنێو ئەو کەسایەتیانەی کە هاملتن ناوی هێنان حوزنی بوو، ئەو پێیگوتم ئێوەی کورد زۆر قەرزداری حوزنین، چیتان بۆ حوزنی کردووە؟)".

کاتێکیش بارزانی لە د.کوردستانی پرسیوە چی بۆ حوسێن حوزنی بکەن، ئەو پێیگوتووە "من نامەوێت پەیکەری بۆ بکەن، دەمەوێ دەزگایەک بەناوی حوزنی بکەنەوە کە خزمەت بە خەڵکی کوردستان بکات. دواتر بارزانی بە فەلەکەددین کاکەیی گوتبوو کە ئەوکات وەزیری ڕۆشنبیری بوو، ئەویش هاتە لام گوتی جەنابی سەرۆک بە تەمایە کارێکی لەو شێوەیە بکات و دوای ئەوە بێدەنگی لێکرا، جا نازانم مەسەلەکە دیسان پارە بوو یان شتی دیکە".

ئیسماعیل ئیبراهیم، بەرپرسی نووسینگەی سۆرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان باس لە دانانی بەردی بناغەی ماڵی حوزنی و دواکەوتنی پڕۆژەکە دەکات و دەڵێ "بە داخەوە تاکو ئێستا تەنیا هاتن و چوونی بۆ دەکرێت، ئەوەی من ئاگادار بم ئەنجوومەنی وەزیران ڕەزامەندی نیشاندابوو کە بڕی 100 ملیۆن دینار وەکو قۆناغی یەکەم خەرج بکرێت بۆ ئەو پڕۆژەیە، جا نازانم پارەکە خەرجکراوە یان نا، چونکە لیژنەیەک لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پێکهێنرا بۆ ئەم مەبەستە کە هیچ یەکێک لە ئێمە ئەندامی نەبووین، بۆیە ئاگاداری وردەکارییەکانی پڕۆژەکە نەبووین".



### حوسێن حوزنی کێیە؟

- ناوی تەواوی (حوسێن سەید عەبدوللەتیف کوڕی شێخ ئیسماعیل)ە، 12 ئەیلولی 1883 لە گوندی حاجی حەسەن لە شاری مەهاباد لەدایکبووە .
- ساڵی 1915 چاپخانەیەک لە وڵاتی ئەڵمانیا دەکڕێت و دەیهێنێتە شاری حەلەب و لە ساڵی 1925 دەیگوازێتەوە بۆ شاری ڕواندز.
- چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی چاپکردووە، لەوانە ڕۆژنامەی (کوردستان) گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) و گۆڤاری (ڕووناکی). هەروەها زاری کرمانجی کە 32 ژمارەی لێدەرچووە.
- خاوەنی 17 کتێبە کە 11یان لەسەر مێژووی کوردە.
- لە 20ی ئەیلولی 1947 لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە.



# براکەی وەسیەتی بۆ کرد و خۆی شەهید بوو

**ژیان سابیر**
**ڕووداو- سلێمانی**

چەند خولەکێک پێش ئەوەی تەقینەوەیەک کۆتایی بەژیانی بێنێت، برایەکەی لە نێو تەقوتۆقی شەڕ و هاتوهاوارەوە پێیدەڵێت بە باشی گوێی لێبگرێت و وەسیەتەکەی لەبیرنەکات. بەڵام هەموو شتەکان پێچەوانە بوونەوە. براکەی یەکێکبوو لەوانەی بە ڕیز وەستابوون پێشوازی لە میوانانی پرسەکە دەکرد.

فەرهاد خالید، یەکێک لەو پێشمەرگانەی لە شەڕی ئازادکردنی جەلەولادا بووە قوربانی، لەو ڕۆژانەی چووبووەوە بۆ بەرەکانی شەڕ، زوو زوو تەلەفۆنی بۆ ماڵەوە کردووە و هەواڵی پرسیون "هیچ کاتێک ئاوا بەتەنگ هەواڵپرسینی ماڵەوە نەبووە، وەک ئەوەی زانیبێتی ئیدی خێزان و منداڵەکانی نابینێتەوە پەیوەندی زۆر بۆ ماڵەوە دەکرد بەڵام ئەوەی هەستی پێکردبوو ڕاست بوو".

شوان خالد، برای فەرهاد کە پێکەوە پێشمەرگەن و هەردووکیان بەیەکەوە لە میحوەری گەرمەسێر ڕووبەڕووی چەکدارانی داعش بوونەتەوە زیاتر لەبارەی براکەیەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ ئەوکاتەی چوونەتە نێو جەلەولا و دەنگی تەقە بە تەواوی کەمبووەتەوە، فەرهادی برای تەلەفۆنێکی دیکەی بۆ ماڵی خۆیان کردووە و لەگەڵ باوکی قسەی کردووە "گوتی باوکە ئیدی لە خەمی ئێمەدا مەبن، چونکە ئێمە جەلەولامان ڕزگار کرد ئێستا ئاسوودەم". بەڵام ئەوە دوا پەیوەندی فەرهاد بوو لەگەڵ کەسوکاری.

شوان دەڵێت ئەگەر بەپێی شوێنی شەڕ و حەزی چوونە پێشەوە بووایە، دەبووایە ئەو شەهید ببێت نەک فەرهاد "چونکە هەمیشە من لە بەرەکانی پێشەوە بووم، بیرمدێ زۆر جاریش پێمدەگوت، فەرهاد من پێش تۆ شەهید دەبم".

وەک ئەو باسیدەکات، چەند خوولەکێک بەر لەوەی شەهید ببێت، لە نێو دەنگی تەقە و تەقینەوەی هاوەن و گوللەکاندا، فەرهادی بردووەتە کەنارێکەوە و وەسیەتی بۆ کردووە "گوتم چەند شتێکی تایبەتیم هەیە لە ناو سەیارەکەم دایە ئەگەر شەهید بووم ئاگاداری بە با لات بمێنێتەوە، تەنیا 5 خولەک بەسەر قسەکانمدا تێپەڕین، فەرهاد شەهید بوو".

لەشەڕی ئازادکردنی جەلەولادا، 9 پێشمەرگە لەوانەی گیانیان لەدەستدا، لەنێوبینایەکدا بوون کە بیناکە بەهۆی تەقینەوەوە ڕووخا بەسەریاندا و هەموویان بوونە قوربانی. فەرهاد یەکێک بووە لەوانە. بەڵام پێشتر پێشیانگوتراوە کە دووربکەونەوە لەوەی بچنە نێو ماڵ و بیناکانەوە بەو هۆیەی کە بۆمبڕێژ کراون.

شوان خالدی برای فەرهاد دەڵێت دیمەنی ڕووخانی بیناکەی بەچاوی خۆی بینیووە کاتێک براکەی و 8 پێشمەرگەی دیکە لە نێویدا بوون "هەموو شەڕی داعش بەقەدەر ئەو چەند خوولەکە ماندووی نەکردم".

فەرهاد خالد، 36ساڵ، خاوەنی 5 منداڵە و ماوەی 9 ساڵە پێشمەرگەیە. هاوسەرەکەی سەربارى ئەوەی نازانێ چۆن مەینەتی لەدەستدانی ئەو دەرببڕێ، دەڵێ "سەربەرزم بەناوی شەهیدی مێردەکەم، هەرچەندە ڕۆیشتنی ئەو باری ژیانی بە تەواوی قورس کردم".

شارا لەتیف، 32 ساڵ، هاوسەری فەرهاد دەڵێ پێشتر خەونی بینیوە و لەخەونیدا پێیگوتووە "ئەمانەتی تۆ و ڕەیانی تازە لەدیکبوو". شارا دەڵێت ئەو خەونە زۆری ترساندووە و بەردەوام هەستی کردووە شتێک ڕوو دەدات "بۆ دواجار کە چووەوە بۆ دەوام، پێمگوت بۆ وا بەپەلە خۆت کۆدەکەیتەوە، کەچی ئەو گوتی دەبێ بچینەوە بۆ واجب و جەلەولا بگرینەوە".

3 ڕۆژ بەرلەوەی بڕواتەوە بۆ بەرەکانی شەڕ لە گەرمەسێر، هاوسەری فەرهاد کچێکی بووە و ناویان ناوە (ڕەیان). ئێستا ڕەیان بێئاگایە لەوەی چی ڕوودەدات و ئەو قەرەباڵخییە زۆرە هۆی چییە. بەڵام ڕێبەری تەمەن 14 ساڵی کوڕی دەڵێ کاتێک گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە و قەرەباڵخییەکە ترساندوویەتی "گوتم چی بووە، گوتیان باوکت بریندارە، بەڵام کە ویستم تەلەفۆنم بۆ خاڵم بکەم، لاشەی باوکمم بینی".

ڕووداو
هەمەجۆر
ژمارە (336) دووشەممە 2014/12/1

## مایکرۆفۆن کۆتایی هات



**ڕووداو- هەولێر**

دەرهێنەری کورد کەریمۆک دوای چەند مانگێک لە وێنەگرتن، کۆتایی بەتۆمارکردنی فیلمی مایکرۆفۆن هێنا.
کەریمۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "فیلمی مایکرۆفۆن لە بەرهەمهێنانی بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێرە و دوای چەند مانگێک لە تۆمارکردنی دیمەنەکان، کۆتایی بە هەموو کارەکانی هاتووە و ئێستا ئامادەیە بۆ پەخشکردن". دەربارەی ئەکتەرەکانی ئەو فیلمە، کەریمۆک گوتی "سێ ئەکتەری سەرەکی ڕۆڵیان تێدا بینیوە ئەوانیش سۆلاف، پێشەوا ناسیح و سروود محەممەد".

# ژنە پێشمەرگەکان دەچنە دوبەی



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

فیلمێکی دەرهێنەری کورد کامەران باتاسی لە فێستیڤاڵی فیلمی سینەمایی دوبەی بەشداری دەکات کە فیلمێکی هاوبەشی نێوان ئیمارات و کوردستانە.

باتاسی لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "شەوی درێژ ناونیشانی ئەو فیلمەیە کە لە بەرهەمهێنانی بەڕێوەبەرایەتی سینەمای دهۆک و دوبەیە و لە دەرهێنان و سیناریۆی منە، هەریەک لە ڕووگەش و ڕاڤۆ شەریف ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمەکەدا دەبینن".

کامەران باتاسی چیرۆکی ئەم فیلمەی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "لە 14 خولەکدا ئەم فیلمە باس لە چیرۆکی ژنە پێشمەرگەیەک دەکات کە لە ئێران لە ساڵی 1977 دەبێتە پەنابەر، چیرۆکەکە باس لە نەهامەتی و ئازاری ژنە پێشمەرگەکان دەکات، کاتێک مێردەکانیان دەچنە بەرەکانی شەڕ و ئەوانیش خەریکی بەخێوکردنی منداڵەکانیانن".

ئەم فیلمە داوەتکراوە بۆ فیستڤاڵی سینەمای دوبەی کە بڕیارە ناوەڕاستی مانگی داهاتوو سازبکرێت.

# ئەمساڵ ساڵی هێلی لەڤە



**ڕووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی کورد هێلی لەڤ لە یەکێک لە ڕێستورانتەکانی شاری هەولێر یادی لە دایکبوونی خۆی کردەوە.

هێلی لەڤ کە خزم و هاوڕێ نزیکەکانی خۆی بۆ ئەو بۆنەیە داوەت کردبوو، کێکی لەدایکبوونەکەی بە هەردوو ئاڵای کوردستان و ئەمریکا نەخشاندبوو، بەو پێیەی وڵاتینامەی ئەمریکاشی هەیە.

هێلی لەڤ کە چەند وێنەیەکی یادی لە دایکبوونەکەی لە پەیجەکەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوکردووەتەوە، لە پۆستێکدا لەبارەی یادی لە دایکبوونەکەی نووسیویەتی "ئەم ئاهەنگە تەنیا بۆ یادی لەدایکبوونم نەبوو، بەڵکو ئاهەنگێک بوو بۆ ساڵێک لە سەرکەوتن، ئەمساڵەش بە ساڵی خۆم دەزانم".

هێلی لەڤ سوپاسی ئەو کەسانەش دەکات کە یارمەتییان داوە "نەدەگەیشتم بە خەونەکانم ئەگەر هاوکاری ئەو کەسانە نەبێت کە لەگەڵمدان، من تەنیا لەگەڵ گرووپەکەمدا سەرکەوتووم".

# جەمال غەمبار کۆبانی دەنووسێتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

هەڵبەستڤانی کورد جەمال غەمبار، بەهاوکاری (تۆڕی میدیایی ڕووداو) شیعرێک بۆ ئەو ژن و پیاوانە دەنووسێت کە لە کۆبانی داکۆکی لە خاکی کوردستان دەکەن، شیعرەکەش بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ بڵاودەبێتەوە.

جەمال غەمبار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەم چرکەساتەدا کە کوردستان ڕووبەڕووی هێزێکی مەرگدۆست و تاریکپەرست دەبێتەوە، ژنان لەوێ بەرامبەر تاریکی شەڕی جوانیی ژیان دەکەن، هەرچییەک بڵێین و هەرچییەک بنووسین ناگاتە گەورەیی و مەزنیی ئەو ژن و پیاوانەی مەردانە داکۆکی لە ژیان و کوردستان و مەدەنیەت دەکەن".

غەمبار هەروەها گوتی "ئێمەی شاعیران و هونەرمەندان، نەک لە کوردستان بەڵکو لە هەر شوێنێکی جیهان مرۆڤ ئازار بدرێت دەبێ لەسەری بێینە دەنگ، ئێستا کۆبانێ بۆ خۆی قەسیدەیەکە کە هەموو دونیا دەینووسێتەوە، کۆبانێ زامێکە بە جەستەی کوردەوە".

# کاترینا کایف سەرنجڕاکێشترینە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

بەپێی پێشبڕکێیەکی گۆڤاری Maxim India ئەستێرەی بۆلیوود کاترینا کایف لە لیستی 100 ئافرەتی سەرنجڕاکێشی جیهاندایە.

دوای بڵاوبوونەوەی فیلمی "Bang Bang" هەوادارێکی زۆر بۆ ئەکتەری بەناوبانگ کاترینا کایف زیادی کردووە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر ئەو ڕاپرسییەی لەم گۆڤارە ئەنجامدراوە.

کایف لەو فیلمەدا چەند دیمەنێکی وروژێنەری لەگەڵ ئەکتەری هیندی ئامام هریسیک تۆمارکردووە.

# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
لەم مانگەی کۆتایی ساڵدا زیاتر هەست بەئارامی دەکەن و بیر لە سەفەر و خوێندن دەکەنەوە. بەهۆی پەیوەندییە نوێیەکانەوە بیرۆکەی گرنگ وەردەگرن. هەتا زیاتر هاوکارییان بکەیت، چواردەورەکەت گرنگییەکی زیاترت پێدەدەن.

**گا**
هەوڵدەدەن کارەکان بخەنەوە سەر سکەی خۆیان، ئەمەش بڕیارێکی باشە. دەتوانن سەفەر بکەن. بۆ دەستکردن بە هەر کارێک کە پەیوەندی بە پەیوەندی بە پەیداکردنی پارەوە هەبێت بەخت هاوکاریتان دەکات. لایەنی سۆزداری بەخواستی ئێوە بەڕێوە ناچێت، چونکە سەرقاڵییەکانی کارکردن زیاد دەبن.

**جمک**
هەموو شتەکان باشن، بەڵام هەنگاوەکان وەکو پێویست نین، بەو هۆیەوە ڕەشبین مەبە و بەخۆڕاگری چاوەڕوانی کاتی گونجاو بکە بۆ کاری نوێ. جوڵە و چالاکی و خۆماندووکردن، خەم و بێزاریتان دەڕەوێنێتەوە، سەردانی بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بکەن.

**قرژاڵ**
لەم مانگە نوێیەدا دەست بەئەنجامدانی کاری نوێ دەکەن، دەتوانن گرنگی زیاتر بەباری تەندروستیتان بدەن. ئەگەر بەنیازی دەستبەکاربوونن بۆ دەرامەت ئەوا بڕیاری خێرا بدەن. ماڵ پێویستی بەهەندێک گۆڕانکاری و ڕێکخستنەوە هەیە.

**شێر**
کارەکان ئاسانتر دەبن، دیداری ئەو کەسانە دەکەیت کە دڵت ئاسوودە دەکەن، بەخت لە بواری سۆزداری هەلێکی دەگمەنت بۆ دەڕەخسێنێ. هەستێکی بەهێزتان دەبێت و دەتوانن یەک لەدوای یەک کارەکان ڕێکبخەنەوە، بەڵام عینادی لەسەر هیچ بابەتێک مەکەن.

**گوڵەگەنم**
دەتوانن گۆڕانکاری لەماڵ بکەن بەو شێوەیەی بەرنامەتان بۆ داناوە. ئەندامانی خێزانەکەت لەوە زیاتر هاوکاریت دەکەن کە چاوەڕوانی دەکەیت. گەشبین بن بەکارەکانی داهاتووتان. حەز و ئارەزووەکانت زۆر دەبن، دیداری ئەو کەسانە دەکەیت کە سەرنجت ڕادەکێشن.

**تەرازوو**
پەیوەندییەکانت بەرفراوان دەبن، دەتوانی بۆ پێشخستنی کارەکانت سوود لە هاوڕێی نوێ وەربگریت. کارەکانی خۆت مەدەرە دەست قەدەر، هەرکارێک لێی دڵنیا نەبوویت دەتوانی بیخەیتە کاتێکی گونجاو.

**دووپشک**
ئەم مانگە بەگشتی باشترین کاتی دەسکەوت و دەرامەتت دەبێت، یان دەتوانی کارێکی زیاتر لەکارەکەی خۆت بکەیت. دەتوانی دڵی خۆت بۆ بەرامبەرەکەت بکەیتەوە، یان بەڵێنێک وەربگریت. کاتێکی باشە بۆ کارکردن و هەوڵ بۆ وەبەرهێنان.

**کەوان**
لەم مانگەدا بروابەخۆبوونێکی زۆرت هەیە، کارەکان بەشێوەیەکی باش ئاراستە دەکەیت. لەململانێکاندا پارێزراودەبیت، هەرچەندە گۆڕانکارییەکانی ڕابردوو مژدەی خۆشیان پێ نەبوو، بەڵام هەندێکیان لەقازانجت وەردەگەڕێن.

**کارژۆڵە**
لەم مانگەدا خەیاڵەکانت قووڵ دەبن و هەست دەکەیت توانا و چالاکییەکانت دادەبەزن، بەڵام کاتێکی باشە بۆ ڕێکخستن و پلاندانان نەک جێبەجێکردن. دیدارەکانتان لەگەڵ کەسانێکی بەتوانا ئەنجامی باشی لێدەکەوێتەوە یان پرۆژەیەکی نوێ جێبەجێ دەکەن.

**سەتڵ**
کاتێکی گونجاوە بۆ دەربڕینی بیروڕاکانت. ناحەزەکانت دەیانەوێت کۆتایی بەکێشەکانی نێوانتان بهێنن، ئێوەش دەستێکی یارمەتیدەر بن لەدروستبوونی ئاشتبوونەوە. کارەکانت بەشێوەیەکی باش بەبێ بەربەست بەڕێوەدەچن، بۆیە کاتێکی باشە بۆ ئەنجامدانی کاری نوێ.

**نەهەنگ**
هاوڕێی نوێ دەناسیت کە سەرنجت ڕادەکێشن و دەتوانی وەک یارمەتیدەرێکی نوێ سوودیان لێوەربگریت. کاتی کارکردنە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاواتانەی ماوەیەکە کاریان تێدا دەکەیت.

# نیکۆل کیدمان شەڕانگێزە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەکتەری بەناوبانگ نیکۆل کیدمان ئاشکرای کرد، کە ئەو زۆر حەز لە ڕۆڵی شەڕانگێزییە لە فیلمەکانیدا.

کیدمان هەر لە منداڵییەوە حەزی لەو جۆرە ڕۆڵە بووەو خەونی بەوەوە بینیوە ئەو ڕۆڵانە بەرجەستە بکات، بۆیە ئێستا زۆر خۆشحاڵ دەبێت کە ئەو ڕۆڵانە وەردەگرێ. نیکۆل کیدمان لە کاتی نیشاندانی فیلمێکی نوێیدا ڕایگەیاند "من عاشقی ڕۆڵە ترسناک و شەڕانگێزەکانم. هەر لە منداڵییەوە کاتێک سەیری فیلمی ئۆزم دەکرد کە ژنێکی ساحیری شەڕانگێزی تێدایە، خۆزگەم دەخواست کە من ئەو ڕۆڵەم ببینیایە".

بەرپرسی پێشووی هێزی دژە تیرۆری ئەمریکا بۆ (ڕووداو)

# وەدەرنانی داعش پێویستی بە شۆڕشێکی ناوخۆییە

**شەرمیلا دێڤی**
**ڕووداو- هەولێر**

نووسەری ڕاپۆرتێک لەسەر بزووتنەوە جیهادییەکان دەڵێت وەدەرنانی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیان پێویستی بە شۆڕشی سوننە و هێزە عەلمانیەکانی دیکە هەیە.

ڕۆبێرت ماکفادن، بەرپرسی پێشووی هێزی دژە تیرۆری ئەمریکا گوتی، لەکۆتاییدا شۆڕشێک لەدژی داعش بەرپا دەبێت، بەهۆی سەپاندنی یاساو ڕەفتارە دڕندانەکانیان بەسەر 6 ملیۆن دانیشتووی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیان لە عێراق و سووریا.

بەڵام، سەرهەڵدانی یاخیبوونێکی لەوجۆرەو دانانی پلان بۆ هێرش کاتی دەوێت. ئەمەش ڕەنگە تا بەهاری داهاتوو ڕوونەدات کە باس لە پلانێکی سەربازی ئەمریکا بۆ وەدەرنانی داعش دەکرێت لەو کاتەدا.

ماکفادن لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە (ڕووداو)ی گوت "ڕەنگە بەرهەڵستی و پێکدادان ڕووبدات، بۆ نموونە، ئەگەر داعش هەوڵبدات هۆزە سوننەکان ناچار بکات بە بەیعەتدان بە ئەبوبەکری بەغدادی کە خۆی بە خەلیفەی دەوڵەتی ئیسلامی ناساندووە".

بەبڕوای ناوبراو، ئەوکات "جێی سەرنج دەبێت ئەگەر ببینین هۆزەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش پەنابەرن بۆ جۆرێک لە دروستکردنەوەی بزووتنەوەی سەحوە". مەبەستی لە شۆڕشی سوننەکانی عێراقە لەساڵانی 2005 تاوەکو 2007 لە دژی چەکدارانی ئەلقاعیدە.

ڕاپۆرتەکە لەژێر ناوی "دەوڵەتی ئیسلامی" لەلایەن گرووپی سۆوفان کە کۆمپانیایەکی ئەمنی و هەواڵگرییە لە ئەمریکا بڵاوکرایەوە.

ڕۆبێرت ماکفادن بەشداری کردووە لە نووسینی ڕاپۆرتەکە کە بەدرێژی باس لە سەرکردایەتی و پێکهاتە و سەرچاوەی دارایی و ئۆپەراسیۆن و ستراتیژی میدیای داعش دەکات.

لە ڕاپۆرتەکەدا پەیوەندیی پاشماوەکانی ڕژێمی سەدام و داعش بە "هاوسەرگیرییەک لەسەر بنەمای بەرژەوەندی" ناوزەد کراوە. سەرەڕای جیاوازیی ئایدیۆلۆژی، ئەو دوو لایەنە توانیویانە لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیان بەسەر ئەو جیاوازییە ئایدیۆلۆژیانەدا زاڵ بن.

لەکاتێکدا ڕەنگە ئەمریکا وەک ساڵی 2003 ناوی داواکراوەکان لەپشتی کارتی پۆکەر بڵاونەکاتەوە، بەڵام بەردەوام دەبێت لە بەئامانجکردنی سەرکردەکانی داعش.

ماکفادن گوتی "ئەمریکا بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە کە داعش هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست".

لە ڕاپۆرتی سۆوفاندا هاتووە، کوشتنی ئەو کادیرانەی داعش کە لەبواری سەربازیدا لێهاتوون ڕەنگە پێشڕەوییەکانی ئەو گرووپە بوەستێنێ، چونکە زۆر لە چەکدارە پیادەکان شارەزایی شەڕیان نییە. ئەمە جگە لەوەی کردنە ئامانج و کوشتنی ئەندامەکانیان دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی پەیوەندی چەکدارە بیانییەکان بەو گرووپەوە کە ژمارەیان بە نزیکەی 15 هەزار چەکدار مەزەندە کرا لە ڕاپۆرتێکی تایبەتی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

ڕاپۆرتەکە دەشڵێ، ژمارەی چەکدارانی داعش لە 30 هەزار چەکدار زیاترەو مانگانە لە 200 تاوەکو 600 دۆلار مووچە وەردەگرن.

ماکفادن گوتیشی، ئامادەکاری بۆ هێرشی دژ بە داعش پێویستی بە مەشقپێکردنی هێزی پێشمەرگەش هەیە، ئەوەش کاتی پێویستە.

"وەک هێزێکی شەڕکەر، پێشمەرگە لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەمیشە لە بەرگریدا بووە و هەرگیز هێرشی نەکردووە بۆ دەستبەسەراگرتنی ناوچەیەک بەتایبەت لە دوژمنێکی بەتوانای وەک داعش، بۆیە ئەوە پێویستی بە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی هەیە و چاوەڕێ دەکەین بزانین ئەوە چۆن دەبێت" ماکفادن وا دەڵێت

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا، چەندین گفتوگۆی سیاسی لەنێوان هەولێر و ئەنقەرە و واشنتندا هەبووە لەسەر ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ پارێزگاری کردن لە کۆبانێ.

ئەمە لەکاتێکدایە کە داعش توانیویەتی لە 80%ی پارێزگای ئەنبار داگیر بکات و بەسەدان ئەندامی ئەو هۆزە سونیانە بکوژێ کە ڕووبەڕووی داعش بوونەتەوە.

داعش بە هێزی سەربازی لەناودەبرێت، بەڵام حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەبێت ڕیفۆرم بکەن بۆ کۆتایی هێنان بە گردبوونەوەی گەنجان لە گرووپە توندڕەوەکان. ماکفادن گوتی "تێکەڵەیەک لە پشتگیری دەروونی و ماددی پێویستە تا نیشانی گەنجانی موسڵمان بدرێت کە بەدیلی دیکەشیان هەیە".

"شکستی سیاسی و ئابووری ئەو وڵاتانە ڕێخۆشکەربوون بۆ گەشەکردنی داعش". ڕاپۆرتەکەی سۆوفان دەڵێ "تینیۆتی بۆ گۆڕان لە ناوچەکە کە دەوڵەتی ئیسلامی توانی لەبەرژەوەندی خۆی بەکاری بهێنێت ناشکێنرێت بە هەڵسوکەوتە تۆتالیتاریەکانی ئەو گرووپە لە بەرامبەر ژێردەستەکانی".



# جوولەکەکانی تاران ... پەرستش و ژیانێکی بێدەنگ

**ئەیمی گەتمان**
**ڕووداو- تاران**



دوو ڕۆژ بەر لە دەستپێکردنی جەژنی ڕۆژی کیپۆری جوولەکە، جووەکانی ئێران لە پەرستگای ئەبریشام کە دەکەوێتە ناوەڕاستی تارانی پایتەختی ئێرانەوە، خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ ڕێوڕەسمێکی تایبەت.

هەروەک هەموو جووەکانی دیکەی جیهان، ئەو 10 هەزار جوولەکەیەی لە ئێران دەژین لە یەکدی نزیکن و بەشێوەیەکی گشتی داخراون بەڕووی دەرەوەدا، ئەوان یادی پیرۆزترین ڕۆژیان دەکەنەوە. کاتی ئەوەیە کە یەک ڕۆژ بەڕۆژوو بن و تۆبە لە گوناهەکانیان بکەن. ئەو ڕۆژە لەلای جووەکان بە ڕۆژی کیپۆر یان ڕۆژی غوفران ناودەبرێ.

لە ڕێوڕەسمەکەدا، ژنان بەردەوام بەسینییەوە کە نانی بەیانی ئێرانی لەسەربوو دەهاتن و دەچوون بۆ چێشتخانەکە، خواردنەکان بریتی بوون لە تەماتە، بیبەر، شووتی و خورما، لەگەڵ هێلکەی کوڵاو، پەنیر و هەنگوین. ئەمانە هەموو لەسەر مێزی نانخواردنەکە بوون. کاتێک نانە گەورەکان خرانە سەر دوو مێزی جیاواز، مانای ئەوەبوو کاتی عیبادەت بەرەو تەواو بوون دەچێ و کاتی نانخواردنە.

جوولەکەکانی ئێران شێواز و داوونەریتی جۆراوجۆریان هەیە کە زیاتر ڕۆژهەڵاتین و جیاوازن لە جوولەکەکانی ڕۆژئاوا.

لەڕابردوودا، نزیکەی 200 هەزار جوولەکە لە ئێران هەبوون، بەڵام ئێستا کەمتر لە 10%ی ئەو ژمارەیە لە ئێران ماون. ئەوان گەورەترین و کۆنترین کۆمەڵگەی جوولەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن لە دەرەوەی ئیسرائیل. ناسنامەیان ڕەگ و ڕیشەی لە ئێراندا هەیە، ژنێک کە ناوی فەرەح بوو گوتی "ئێمە خۆمان بە ئێرانیی جوولەکە دەزانین نەک جوولەکەی ئێرانی".

بۆ زۆر لە ڕۆژئاواییەکان، تەنیا زانیارییان لەسەر ئێران لەڕێی ئەو ڕاپۆرتانەیە کە باس لە بارمتە و یۆرانیۆم و لەسێدارەدان و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەکەن.

بەڵام ڕامیتا ناڤی لە دوایین کتێبیدا بەناونیشانی "شاری درۆکان" دەربارەی تاران دەڵێ "لەو شارە باڵەخانەی بەرز بەرز هەن، بازاڕی گەورەی لێیە، کەلوپەلی ڕۆژئاوایی هەیە و شارێکی مۆدێرنە، لە ڕووی پێشوازییەوە بێ وێنەیە".

یەکێک لە درێژترین شەقامەکانی جیهان بەناوی وەلیعەسر لەو شارەیە کە خاسیەتی تاران و دانیشتووانەکەی نیشان دەدات. ئەو شەقامە لە ناوچە هەژارنشینەکانی باشووری تارانەوە دەستپێدەکات و بەناو سەنتەری بازرگانیی ناوەڕاستی شاردا تێپەڕدەبێت و لە بەرزاییەکانی ئەلبورز لە باکووری ئەو شارە کە شوێنی دەوڵەمەندەکانە، کۆتایی دێت.

لێرە ژنان بەجلوبەرگی قەشەنگ و ماکیاج و نینۆکی بۆیەکراوەوە دەڕۆنە چێشتخانە نایابەکان بۆ خواردنی نانی ئێوارە. لەپاش شۆڕشی ئیسلامی لەو وڵاتە ژنان ناچارکران بە لەبەرکردنی حیجابی ڕەش، بەڵام ئێستا ئەوە گۆڕاوە بۆ جلی ڕەنگاوڕەنگ.

زۆر لە خەڵکی ڕۆژئاوایی باوەڕناکەن جوولەکە لە ئێران هەبێت و بتوانن بە ئازادی عیبادەت بکەن. بەڵام ئەوە هەیە سەرەڕای بوونی کێشە و هەستیاری هەندێکجار.

موسڵمانەکانی تاران بە چاوێکی ناڕوونەوە دەڕواننە جوولەکەکانی ناو کۆمەڵگاکەیان. موسڵمانێکی گەڕەکی جوولەکەکانی تاران گوتی "هیچ شتێک دەربارەیان نازانین. لەگەڵ کوڕێکی جوولەکە دەچووینە قوتابخانە، بەڵام خێزانەکانمان تێکەڵاوی یەکدی نەدەبوون".

مەریەم کە یەکێک بوو لە ئەندامانی ناو پەرستگاکە گوتی "پێشتر وانەبوو، لەڕابردوودا تێکەڵاویمان هەبوو لەگەڵ موسڵمانەکان، بەڵام لە پاش شۆڕشی ئیسلامی کاتێک ئێران بووە دەوڵەتێکی ئیسلامی، ئەو تێکەڵاوییە نەما. زیاتر گۆشەگیر بووین. ئەو جوولەکانەی کە عەلمانی بوون بوونە خەڵکی ئاینی و ئەوانەی ئاینی بوون زیاتر ڕۆچوونە ناو ئاین. پەرستگاکانمان بوونە شوێنی ژیانی کۆمەڵایەتیمان".

چەند موسڵمانێک کە لەلایەن مامۆستاکانیانەوە هاندەدرێن هەڵسوکەوتی ڕەگەزپەرستی لەدژی جوولەکەکان بکەن، بەڵام جوولەکەکانی ئەو کۆمەڵگایە جەختیان کردەوە کە ئەوانە ڕووداوی دەگمەنن.

سارا کە نیشتەجێبوویەکی تازەیە گوتی هەڵسوکەوتی ڕەگەزپەرستی لەدژی جوولەکەکان زیاتر لێرە و لەوێیە. "ئەگەر خاوەنی کار و بزنسی خۆت بیت، یان لە ئۆفیسێکی تایبەت کاربکەی ئەوە ئاسانترە، بەڵام ئەگەر لە زانکۆ یان فەرمانگەیەکی حکومی کاربکەی، ئەوە زۆر قورسترە".

لە ڕۆژی یوم کیپوور، لەدەرەوەی پەرستگاکەی تاران هەبوونی پاسەوان پێویست نییە وەک ئەوەی لە پەرستگاکانی ئەمریکا و ئەوروپا دەبینرێت. لێرە، ژن و پیاو منداڵ لە هەموو تەمەنێک و پێکەوە لەناو پەرستگاکەدان.

ژنەکانیان قەشەنگ و چاو خومارن، لووتیان ڕێکە، لەگەڵ قژێکی درێژی ڕەش لەژێر سەرپۆشە ڕەنگاوڕەنگەکانیان. حکومەت پێویستی کردووە لەسەر هەموو ژنێک سەرتاپا خۆیان دابپۆشن، زۆر لە ژنەکان پێڵاوی پاژنە بەرز لەپێ دەکەن.

بە گەشبینیەوە باس لە سیاسەتەکانی حکومەتە نوێیەکە دەکەن لەوەی چۆن حەسەن ڕووحانی، سەرۆکی تازە هەڵبژێردراو هەوڵدەدات خۆی بەدوور بگرێت لە سیاسەتەکانی سەرۆکی پێشوو کە بەردەوام نکۆڵی لە ڕووداوی هۆڵۆکۆست دەکرد، ئەوەش ترسێکی زۆری خستبووە نێو دڵی جوولەکەکانی ئێرانەوە.

ئۆفیسی سەرۆکایەتی ڕۆحانی لە ڕێگەی توویتەرەوە پیرۆزبایی ڕۆش هەشانا (سەری ساڵی جوولەکەکان)ی لە جوولەکەکانی جیهان کرد. بەڵام هەندێک لەوانەی دەنگیان بۆ داوە و دڵخۆشبوون بەهەڵبژاردنی، دەڵێن نائومێد بوون لە بەڵێنەکانی لە سووککردنی ڕێوشوێنە توندە ئاینییەکان لەسەریان.

بەڵام هێشتا، هیوا هەیە لە گۆڕینی ئەو یاسایەی کە پێویست دەکات لەسەر قوتابخانە جوولەکەکان کراوەبن لە ڕۆژی شەبات (شەممە- ڕۆژی پشوو)، لەگەڵ ئەو یاسایانەی کە میراتی هەموو خێزانەکە دەدات بەو ئەندامانەی خێزانەکە کە دەبنە موسڵمان.

لە شارەکانی شیراز و ئەسفەهانیش کە دووشاری مێژوویی و گەشتیارین، کۆمەڵگەی جوولەکەنشین هەن.

لە پاش شۆڕشی ئیسلامی بەهەزاران جوولەکە ئەو وڵاتەیان جێهێشت، چونکە ئەو شۆڕشە بووە هۆی خراپبوونی ئابووری وڵات کە ڕۆڵی هەبوو لە سڕینەوەی تەواوی هەندێک کۆمەڵگا. بۆ نموونە لەشاری یەزد کە لەڕابردوودا شوێنی زیاتر لە 5 هەزار جوولەکە بووە، ئێستا کەمتر لە 50 جوولەکەی تێدایە و پەرستگاکەیان بریتییە لە یەک ژوور.

داود، پیاوێکی تەمەن 50 ساڵی جوولەکەیە و گوتی لەڕابردوودا بە دەیان پەرستگای جوولەکە لە یەزد هەبوون کە پڕبوون لە پەرستشکاری گەنج و دڵگەرم. بەڵام ئێستا ڕەنگە 20 ئەندامێکی هەبێت کە تەمەنیان لە خوار چل ساڵەوەیە "بەنەمانی ئەم نەوەیە جوولەکەکانی یەزد ڕوو لەنەمان دەکەن". داود گوتی "ڕەنگە زووتریش".

زۆر لە جوولەکەکان یەزدیان جێهێشتووە بەهۆی خراپی باری ئابووری و کار و هەندێکی دیکەیان بۆ خوێندن و هاوسەرگیری. داود گوتی "زۆر خەڵک ناتوانن لێرە بڕۆن. موڵک وماڵیان هەیە لێرە بۆ فرۆشتن، بەڵام کێ لێرە خانوو دەکڕێت".

کۆچکردن ئاسان نییە. ئەوانەی ماونەتەوە، دەڵێن زۆر قورسە خێزان و کار و هاوزمانەکانیان جێبهێڵن و دووبارە لە سفرەوە دەست پێبکەنەوە. هەروەها کێشەیەکی دیکە تێکەڵ بوونە لەگەڵ ئەو ئێرانیانەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەژین.

لە شاری لۆس ئەنجلسی ئەمریکا نزیکەی نیو ملیۆن ئێرانی هەن، گەورەترین کۆمەڵگەی ئێرانین لەدەرەوەی ئێران: کە 20%یان لە بێڤەرلی هیڵ دەژین کە شوێنی دەوڵەمەندەکانە. لە ئێران بۆ ئەو جوولەکانە ئاسانتر بێت کە خاوەنی بزنسی خۆیانن و جێهێشتنی ئەو بزنسانە کە قازانجێکی زۆری هەیە بڕیارەکە قورستر دەکات بۆ ئەوان "زۆر لەوانەی لێرە ماونەتەوە، ژیانێکی باشیان هەیە. خانوو و ئۆتۆمبێلی باشیان هەیە". سارا وایگوت.

ئەوان دان بەوەدا دەنێن کە کەموکورتی هەیە، بەڵام دەڵێن هەبوونی پەرستگاکانیان و ئازادی پەرستن ژیانی لە ئێران بۆ ئەوان باشترکردووە.

ئەمڕۆ ڕۆژی جیهانیی ئایدزە

# ئەمساڵ 14 حاڵەتی ئایدز لە کوردستان تۆمارکراون

**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

دوای 33 ساڵ لە دەستنیشانکردنی یەکەمین حاڵەتی ئایدز، ئەم نەخۆشییە بووەتە بارگرانییەکی گەورە لەسەر سیستمە تەندروستییەکان و تا ساڵی ڕابردوو 39 ملیۆن کەسی کوشتووە کە چوار حاڵەتیان لە هەرێمی کوردستاندا بوون.

ئایدز بەهۆی ڤایرۆسی HIV بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە و دەبێتە هۆی لاوازبوونی سیستمی بەرگریی جەستە. بەپێچەوانەی ڤایرۆسەکانی دیکەوە، جەستە توانای کردنە دەرەوەی ئەم ڤایرۆسەی نییە، بۆیە کەسەکە بۆ هەتا هەتایە بە تووشبوویی دەمێنێتەوە.

لە ساڵی 1988 وە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ڕۆژی 1ی دیسەمبەری وەک ڕۆژی جیهانیی ئایدز دیاری کردووە کە تێیدا هەڵمەتی بەرفراوانی جیهانی دەکرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی سەبارەت بە نەخۆشییەکە.

نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە 2-4 هەفتە دوای بەرکەوتنی ڤایرۆسەکە دەردەکەون و هاوشێوەی نیشانەکانی ئەنفلۆنزایەکی ئاسایین، پاشان نەخۆشییەکە بۆ ماوەی نزیکەی 10 ساڵ بێدەنگ دەبێت و هیچ نیشانەیەکی نابێت، لە قۆناغی سێیەمدا نیشانە درێژخایەنەکان دەردەکەون وەکو دابەزینی کێش و کەڕووکردنی دەم و سورێنچک و هەوکردنی توندی سییەکان و تووشبوونی بەشە جیاوازەکانی لەش بە هەوکردن بەو بەکتریایانەی ئاسایی لە جەستەدا دەژین و کەسانی تەندروست نەخۆش ناخەن. هەروەها تووشبوون بە چەندین جۆری شێرپەنجە. تووشبووانی ئایدز زۆربەی کات تا و بێهێزی و هەڵاوسانی لیمفەگرێکانیان هەیە.

بەگشتی ئەگەر چارەسەری پێویست وەرنەگرێت، کەسی تووشبوو لەدوای تووشبوونییەوە 9-11 ساڵ دەژی، بەڵام وەرگرتنی چارەسەری پێویست وادەکات کەسەکە ماوەیەکی زیاتر بژی.

لە هەموو قۆناغەکانی تووشبووندا کەسی تووشبوو دەتوانێت کەسانی دی تووش بکات.

## لە کوردستان 4 کەسی کوشتووە

د.خالس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربارەی دوا ئاماری نەخۆشیی ئایدز لە کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "ئەمساڵ 14 حاڵەتمان دەستنیشانکردوون کە 12 یان بیانین و 2 یان خەڵکی کوردستانن، کۆی حاڵەتە دەستنیشانکراوەکان لە کوردستان 17 حاڵەتن و تا ئێستا 4 کەس بەهۆی ئایدزەوە گیانیان لەدەستداوە".

لەسەر ئاستی جیهانیشدا تا ئێستا 39 ملیۆن کەس بە ئایدز مردوون و 35 ملیۆنی دیکەش ئێستا بەدەست ئەم نەخۆشییەوە دەناڵێنن کە 3 ملیۆنیان منداڵن. لەسەر ئاستی جیهاندا بە تێکڕا ساڵانە 2 ملیۆن کەس بەم نەخۆشییە دەمرن کە 270 هەزاریان منداڵن.

## پشکنین بۆ کێ دەکرێت؟

پشکنینی ئایدز لە ڕێگای پشکنینێکی سادەی خوێنەوە دەکرێت، هەموو کەسێک بۆی هەیە داوا بکات ئەو پشکنینەی بۆ بکرێت و لە زۆربەی تاقیگە حکومی و تایبەتییەکاندا دەتوانرێت بکرێت.

د.فەرهاد مەجید، سەرۆکی بەشی ئایدز و هەوکردنی جگەر لە بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی سلێمانی بە (ڕووداو) گوت، ئەوانەی ئێستا وەک ڕۆتین پشکنینی ئایدزیان بۆ دەکرێت، بریتین لە "ئەوانەی لە دەرەوەی کوردستانەوە هاتوون، کرێکارانی بیانی، ئەوانەی هاوسەرگیری دەکەن، خوێنبەخشەکان، ئەوانەی نەشتەرگەرییان بۆ دەکرێت، ئەوانەی لە هوتێل و شوێنە گەشتیارییەکان و سەنتەرەکانی مەساج کاردەکەن".

## مانگانە 5 هەزار پشکنین بۆ ئایدز

بە گوتەی د.فەرهاد، مانگانە لە سلێمانی نزیکەی 5000 پشکنینی ئایدز دەکرێن. ئەوانەی دەردەکەوێت نەخۆشییەکەیان هەیە ئەگەر بیانی بن ئەوا ڕاستەوخۆ دەنێردرێنەوە وڵاتی خۆیان، ئەگەر دانیشتووی کوردستانیش بن ئەوا ناویان لە نزیکترین سەنتەری خۆپاراستنی تەندروستی تۆمار دەکرێت. "جگە لە پێدانی چارەسەری مانگانە، نەخۆشەکان هۆشیار دەکرێنەوە سەبارەت بە سروشتی نەخۆشییەکە و ڕێگاکانی گواستنەوەی، ئەگەر خێزاندار بن پشکنین بۆ خێزانەکانیشیان دەکرێت" د.فەرهاد وایگوت.

## وانەی ئایدز لە کوردستان

د.عەبدولفەتاح هەورامی، پسپۆڕی تەندروستی کۆمەڵ دەڵێت پێویستە ڕۆشنبیری دەربارەی ئایدز بکرێتە بەشێک لە پرۆگرامی پەروەردەی منداڵ "دەبێت لە تەمەنی 12 ساڵییەوە منداڵ سەبارەت بە ئایدز و ڕێگاکانی گواستنەوەی و مەترسییەکانی ئاگادار بکرێتەوە، ئەویش لە ڕێگای پرۆگرامی خوێندن و خولی مەشق و ڕاهێنانی پەروەردەیی، دایک و باوکی هۆشیاریش دەتوانن منداڵەکانیان سەبارەت بە ئایدز هۆشیار بکەنەوە".

لە ساڵی پارەوە ئایدز خراوەتە پرۆگرامی خوێندنی پۆلی 9ی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان.

## بە چ ڕێگایەک دەگوازرێتەوە؟

وەک لە ماڵپەڕی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیدا هاتووە، ڤایرۆسی HIV بەم ڕێگایانە لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگوازرێتەوە:

1- سێکس: بە هەموو ڕێگاکانی جووتبوون (زێ، کۆم و دەم) ئەگەری گواستنەوەی ئەم نەخۆشییە هەیە، بەڵام لە هەموویان بڵاوتر سێکسە لە ڕێگەی کۆمەوە. بەجۆرێک لە ئەمریکا 63%ی تووشبووەکان پیاوە هۆمۆکانن.

بەکارهێنانی کۆندۆم ڕێگایەکی کاریگەرە بۆ ڕێگاگرتن لە گواستنەوەی ڤایرۆسەکە لەنێوان هەردوو کەسەکەدا.

2- وەرگرتنی خوێنی کەسێکی تووشبوو بە ئایدز.

3- بەکارهێنانی دەرزی و سرنج و هەر کەرەستەیەکی تیژ کە بەر خوێنی کەسێکی تووشبوو کەوتبێت. ئەمەیان زیاتر لەنێو ئەوانەدا بڵاوە کە ماددە هۆشبەرەکان بەکاردێنن.

4- گواستنەوە لە دایکەوە بۆ منداڵەکەی لەکاتی سکپڕی، منداڵبوون یان شیردانداد.



# ئەو لاوازانەی لە قەڵەوەکان زیاتر مەترسییان لەسەرە



**ڕووداو- دەیلی مەیل**

توێژینەوەیەکی نوێی ئوسترالی دەڵێت چواریەکی ئەوانەی لە ڕووکاردا لاوازن، لەڕووی پێکهاتەی ناوەکی جەستەوە قەڵەون. ئەمانە ئەو کەسانەن کە جەستەیان لاواز هەڵکەوتووە، بەڵام وەک پێویست وەرزش ناکەن و ڕێجیمێکی تەندروستانەی خۆراکیان نییە.

ئەوانەی لاوازن و ستایلێکی تەندروستانەی ژیانیان نییە، لە چواردەوری ئەندامەکانی هەناویان (وەک ڕیخۆڵە و جگەر و گورچیلە) بڕێکی زۆری چەوری هەیە، هەروەها کۆلیسترۆڵی خوێنیان بەرزە و سووڕی خوێنیان چالاک نییە.

ئەوانە بەهۆی ئەوەی کێشیان زۆر نییە و لە ڕووکاردا لاوازن، وەک پێویست وەرزش ناکەن، بۆیە خاوەن ماسولکەی بچووک دەبن و بەوەش وەک پێویست وزە و شەکر ناسووتێنن و هۆرمۆنی ئینسۆلین وەک پێویست کار لە خانەکانیان ناکات، بۆیە لە مەترسی تووشبوون بە شەکرەدا دەبن.

### پێنج ڕێگا بۆ ئەوەی لاوازێکی ناتەندروست نەبیت:

### 1 - لە خواردنەوە گازییەکان دووربکەوە:

شیرینی دەستکرد کە بە ڕاددەیەکی زۆر لە خواردنەوە گازییەکاندا هەیە، کارلێکە کیمیاییەکانی جەستە تووشی سەرلێشێوان دەکات و جەستە بەرەو مەترسی دەبات، بۆیە ماڵئاواییکردن لە شەکرە دەستکردەکان بە واتای فرێدانی چەندین ژەهری مەترسیدارە لە ژیانتدا.

### 2 - ماسولکەکانت بەهێز بکە:

گرفتی گەورەی ئەوانەی کێشیان کەمە و وەرزش ناکەن، بچووکی ماسولکەکانیانە. گەورەکردنی ماسولکەکانت بە وەرزشی "قورسی هەڵگرتن" وادەکات ئەو وزەیەی لە خۆراکەوە وەریدەگریت بەشێوەیەکی تەندروستانە بسووتێنرێ و بەکاربهێنرێت، نەوەک بەشێوەی چەوری و شەکری زیانبەخش لە شانەکانی جەستەدا کۆببێتەوە.

### 3 - چەوریی سوودبەخش بخۆ:

ئەگەر وا تێگەیشتووی کە دەبێت هەتا دەتوانیت چەورییەکان لەسەر سفرەکەت دوور بخەیتەوە، ئەوە هەڵەیت. چەورییە سوودبەخشەکانی کە لە ماسی و چەرەس و زەیتووندا هەن، پێویستن بۆ ڕێکخستنی ئاستی چەورییە سوودبەخشەکانی خوێن و دابەزاندنی کۆلیسترۆڵی زیانبەخش.

### 4 -فشاری دەروونی چارە بکە:

فشاری دەروونی کارێکی نەرێنی زۆر لە چەوریی خوێن و فشاری خوێن و تەنانەت ئاستی شەکریش دەکات. بۆیە پێویستە دەروونێکی ئارام بۆ خۆت فەراهەم بکەیت. هەندێک توێژینەوە دەڵێن خواردنەوەی چا ئارامی بە دەروون دەبەخشێت و ئاستی هۆرمۆنی فشار کەمدەکاتەوە.

### 5 - خەوێکی قووڵ پێویستە:

کەمخەوی باڵانسی جەستە دەشێوێنێ و چەندین کاریگەری نەرێنی لێدەکەوێتەوە، تەنانەت دەگوترێت ئەوانەی کەم دەخەون لە کەسانی دی زیاتر ئارەزووی خواردنی شەکر دەکەن. بۆیە پێویستە لە شەو و ڕۆژێکدا 7-8 کاژێر بخەویت.

لەبارەی خۆراکیشەوە پسپۆڕەکان هانی خەڵکیان داوە هیچ ڕەگەزێکی خۆراکی (کاربۆهیدرات، پرۆتین و چەوری) پشتگوێ نەخەن، بەڵکو هەم بە باڵانس بێت (کاربۆهیدرات 45-60%، پرۆتین 20-25% و چەوری 15-20%) هەم جۆری بەکەڵک لەنێو هەر ڕەگەزێک هەڵبژێری.

# کۆمپیوتەر تووشی ئەم نەخۆشیانەت دەکات



**ڕووداو- العربیە**

زۆر مانەوە لەسەر کۆمپیوتەر یەکێکە لە خەسڵەتەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە، جا وەکو پیشە و سروشتی کار بێت یاخود بۆ پڕکردنەوەی کاتی بێکاری.

بەڵام توێژەران هۆشداری دەدەن کە زۆر مانەوە لەسەر کۆمپیوتەر تووشی چەندین جۆر نەخۆشیتان دەکات.

1- نەخۆشییەکانی دڵ: ئەوکاتەی لەسەر کۆمپیوتەریت کەمترین جوڵەت هەیە، بەوەش هەم ماسولکەکانت چەورییەکی ئێجگار کەم دەسووتێنن، هەم جوڵەی خوێن زۆر سست و خاو دەبێت. ئەوەش ڕێخۆشکەرە بۆ کلۆبوونی خوێن و بەرزبوونەوەی فشاری خوێن و نەخۆشییەکانی دیکەی دڵ بە جەڵتەشەوە.

2- ناساغیی هزری: توێژینەوەکان دەڵێن جووڵە و چالاکی عەقڵیی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمدەکات ئەوکاتەی لەسەر کۆمپیوتەریت، بەتایبەت ئەگەر ئافرەت بیت.

3- هەردوو شان و بڕبڕەکانی پشت و مل: زۆر مانەوە لەسەر کۆمپیوتەر ئەگەری سوانی دیسکی نێوان بڕبڕەکان و دەرچوونیان (ئینزیلاق) زیاد دەکات، هەروەک خودی بڕبڕەکانیش خراپ دەکات و بەهۆی ناچالاک ڕۆیشتنی خوێن بۆیان لەکاتی دانیشتنی درێژخایەن لەسەر کۆمپیوتەر، هەندێکجار هەست بە ئازاری توندی مل و پشت و شانەکانت دەکەیت.

4 - قەڵەوی: کەمجووڵەیی قەڵەوی دروستدەکات، قەڵەویش هاوڕێیە لەگەڵ بەرزبوونەوەی چەوری و شەکری خوێن.

پسپۆڕان ئامۆژگاریتان دەکەن ئەوکاتانەی لەسەر کۆمپیوتەرن، هەموو 15 خولەک جارێک ڕیستێکی کورت وەرگرن و جووڵەی جیاواز بە جەستەتان بکەن تا وزەی زیاتر بسووتێنن و سووڕی خوێنتان چالاک بکەن.

# تێچووی شەڕی قەڵەوی، هێندەی تێچووی شەڕی تیرۆرە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

بەگژداچوونەوەی قەڵەوی لەسەر ئاستی جیهاندا ساڵانە 2 تریلیۆن دۆلاری تێدەچێت، ئەوەش هێندەی تێچووی هەموو شەڕەکانی دژ بە تیرۆریزمی جیهانییە.

زیاتر لە 2.1 ملیار کەس لە جیهاندا کێشیان لە کێشی ئاسایی زیاترە، ئەوەش دەکاتە 30%ی دانیشتووانی جیهان. پسپۆڕان دەڵێن ئەگەر قەڵەوی وەک ئێستا ڕوو لە زیادبوون بێت، ساڵی 2030 ڕێژەی ئەوانەی کێشیان لە کێشی ئاسایی زیاترە بەرز دەبێتەوە بۆ 50%ی دانیشتووانی جیهان. لەکاتێکدا ژمارەی کەسانی بەدخۆراک 840 ملیۆن کەسە لە جیهاندا، واتە قەڵەوەکان دوو هێندە و نیوی بەدخۆراکەکانن.

بەپێی ڕاپۆرتی دەیلی تەلەگراف، ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی قەڵەوییەوە دەمرن، سێ هێندەی ئەوانەیە کە بەهۆی برسێتی و بەدخۆراکییەوە گیان لەدەستدەدەن. بەپێی ڕاپۆرتە جیهانییەکان، بەریتانییەکان ساڵانە 74 ملیۆن دۆلار خەرج دەکەن بۆ کێشەی قەڵەوی، لە ئەمریکاش ساڵانە 633 ملیۆن دۆلار بۆ هەمان مەبەست خەرج دەکرێت.

سەرەڕای ئەو هەموو کەمپەینەی دژی قەڵەوی، پسپۆڕان دەڵێن لە 13 ساڵی ڕابردوودا ڕاددەی قەڵەوبوونی خەڵکی کەمی نەکردووە.

وەک تۆڕی میدیایی ئەلجەزیرە ئاماژەی پێکردووە، توێژەرانی پەیمانگای ماکینزی دەڵێن کاریگەری خراپی قەڵەوی لەسەر ئاستی جیهان بە تەنها یەکسانە بە کاریگەرییە نەخوازراوەکانی جگەرەکێشان، یاخود کوشت و کوشتارە جیهانییەکان و شەڕی تیرۆیزم.

ئەو توێژەرانە داوا لە حکومەتەکان و سیستمە تەندروستییەکان و کارگەکانی دروستکردنی خواردن و خواردنەوە و فرۆشگا گەورەکان دەکەن سەرنج بدەنە تەنگژەی قەڵەوی و کاری هاوبەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بکەن.

ئەوان پێیانوایە چەند کارێکی دەستەجەمعی دەکرێت زۆر کاریگەر بن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەڵەوی و گرفتەکانی.

ئەوان دەڵێن پێویستە پلانێکی تۆکمە و فرەڕەهەندی جیهانی دابنرێت بۆ بەگژداچوونەوەی قەڵەوی کە چەندین بوار بگرێتەوە، هەر لە پەروەردەوە تا بەرپرسایەتی تاک و پێداچوونەوە بە شێوازی ژیانی نوێدا کە چالاکییەکی زیاتری جەستەیی لەخۆبگرێت، سەپاندنی یاسای توندتر بەسەر دروستکەرانی خۆراکدا کە ناچاریان بکات بڕی کالۆرییەکان لەسەر قوتووەکانیان بنووسن و زیانەکانی زۆرخۆری و کاریگەرییە نەرێنییەکانی قەڵەوبوون بەهۆی ئەو خۆراکانەوە بە وردی بۆ کڕیار بنووسن. پرۆفیسۆر جیمی بێڵ، پسپۆڕی بواری قەڵەوی لە زانکۆی وێست مینیستەر لە لێدوانێدا بۆ دەیلی مەیلی بەریتانی دەڵێت تێچووی قەڵەوی زۆر لەوە زیاترە کە لەو توێژینەوەیەدا پێشاندراوە، ئاماژە بە تێچووی ئەوە نەکراوە کە دەبێت ئامرازە جۆراوجۆرەکان گۆڕانکارییان تێدا بکرێت تا بەرگەی کێشی کەسانی قەڵەو بگرن "قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکان و ئەمبولانسەکان دەبێت لە جاران پتەوتر دروست بکرێن تاوەکو بەرگەی خەڵکی قەڵەوی ئەم سەردەمە بگرن، تەنانەت پاس و شەمەندەفەر و فڕۆکەکان و شاری یارییەکانیش دەبێت ئیدی گەورەتر و پتەوتر و بەهێزتر دروست بکرێن، تاوەکو توانای هەڵگرتنی خەڵکی قەڵەوی ئێستایان هەبێت".

# دابەزینی نرخی نەوت و کاریگەرییەکانی لەسەر کوردستان

عومەر ئەحمەد*

کاتێک لە ساڵی 2013، ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان ئامادەی دانیشتنێکی پارلەمانی کوردستان بوو بۆ ڕوونکردنەوەو پێشکەشکردنی پرۆژەیەک سەبارەت بە دامەزراندنی سندووقی داهاتی نەوت و هەروەها دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان، ئەوکات بەهۆی ڕەتکردنەوەی لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە هەوڵەکانی سەری نەگرت، بەڵام کاتێک کە هاتە دەرەوە، لە حەوشی پارلەمان لەبەردەم کامێرای تەلەفزیۆنەکاندا بە تووڕەییەوە گوتی کە پەسەندکردنی ئەو پرۆژەیە لە خزمەتی هەرێمی کوردستانە و ڕەتکردنەوەشی خزمەتی بەغدا دەکات. هەورامی گوتی ئێمە نابێت چاوەڕێی کەرەمی بەغدا بین و دەبێت پەلە بکەین لە هەناردەکردنی نەوتی خۆمان. ڕاستیی قسەکانی ئاشتی هەورامی دەرکەوتن، دوای ئەوەی بەغدا لەسەری ساڵی 2014 ەوە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی.

هەورامی ئەوکات گوتی کە بە ناردنی 250 هەزار بەرمیل نەوت، دەتوانن ئەو بڕە پارەیەی بەغدا وەک بودجە ڕەوانەی هەرێمی کوردستانی دەکات، دابین بکەن. ئەوکات نرخی نەوت لە ئاستێکی بەرزدابوو، بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانیش کەمتر بوو. هەرچەندە هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بوو لە بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوتدا، بەڵام بەخت یاوەری نەبوو، نرخی نەوت لە چەند مانگی ڕابردوودا هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان، 35%ی بەهای خۆی لەدەستداوە، ئەوەش هەموو پێشبینییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی تێکدا سەبارەت بە چۆنیەتی دابینکردنی مووچە و بودجەکەی بە فرۆشتنی نەوتی خۆی.

ئاشتی هەورامی ڕاستی دەکرد، ئەوکات نرخی نەوت بە 105 دۆلار بوو. ئەگەر هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیلی هەناردە بکردایە، داهاتی مانگانەی فرۆشتنی نەوت خۆی لە زیاتر لە 750 ملیۆن دۆلار دەدا، ئەوەش بەس بوو بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان، خۆ ئەگەر داهاتی ناوخۆش بۆ داهاتی نەوت زیادبکرایە، ئەوا هەرێمی کوردستان دەیتوانی تا ڕادەیەکی زۆر مووچە و خەرجییەکانی خۆی دابین بکات، بەڵام ئێستا نرخی نەوت دابەزیوە بۆ نزیکەی 70 دۆلار.

نرخی 70 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک نەوتی برێنت لەم هەفتەیەدا، واتای ئەوەیە نەوتی هەرێمی کوردستان کە بەپێی بلێند (تێکەڵ)ی کەرکووک زۆرجار 3 تا 4 دۆلار لە خوارەوەی نرخی نەوتی برێنت دەفرۆشرێت، لەگەڵ ئەو داشکانانەی کە هەرێمی کوردستان ناچارە بۆ کڕیارانی بکات و هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی تێچووی گواستنەوە و عەمبارکردنی لە تورکیا، ئەوا هەر دەبێت بۆ نرخی نەوتی کوردستان حیسابی 60 دۆلار داهات لە هەر بەرمیلێکدا بکرێت، بەو پێیەش ئێستا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێویستی بە فرۆشتنی نەوتی زیاترە بۆئەوەی بودجەکەی دابین بکات. ئەوەش ئەوپەڕی بێبەختی هەرێمی کوردستانە کە وەک وڵاتێکی نوێی بەرهەمهێنەری نەوتی خاو، ڕووبەڕووی قەیرانی دابەزینی نرخی نەوت دەبێتەوە.

ئەگەر حیسابێکی سادە بکرێت، بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆئەوەی بەڵێنەکەی ئاشتی هەورامی بباتە سەر، دەبێ لەجیاتی ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل، 420 هەزار بەرمیل هەناردە بکات تا بتوانێت مانگانە نزیکەی 750 ملیۆن دۆلاری مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دابین بکات.

بۆ ئەوەی بتوانێت یەک ملیار دۆلاریش مانگانە دەستبخات بۆ تەواوکردنی لانیکەمی ئەو بودجەیە کە پێویستی پێیەتی بۆئەوەی لەپاڵ دابینکردنی مووچە، بتوانێت بودجەی بەکارخستن و بەرهەمهێنان و هەروەها خزمەتگوزارییەکان دابین بکات، دەبێت ڕۆژانە 560 هەزار بەرمیل هەناردە بکات. خۆ ئەگەر نرخی نەوت بۆ هەر بەرمیلێک 105 دۆلار بووایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیتوانی تەنیا بە هەناردەکردنی ڕۆژانە 320 هەزار بەرمیل مانگانە یەک ملیار دۆلاری پێویستی خۆی دابین بکات، بەوەش بە دابەزینی نرخی نەوت زیانەکان و گوشارەکانی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕوونی دەردەکەوێت.

166 هەمین کۆبوونەوەی ئۆپێک ڕۆژی پێنجشەممە لە ڤییەنا کۆتایی هات، وەک زۆربەری شارەزایان پێشبینییان کردبوو، کۆبوونەوەکە نەیتوانی کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر بەرزکردنەوەی نرخی نەوت دابنێ، لەبەرئەوەی ڕێکخراوی ئۆپێک لە کۆتاییدا بەهۆی ناکۆکیی زۆری نێوان ئەندامانی، بڕیاری پاراستنی ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی 30 ملیۆن بەرمیل دەرکرد کە وەک ساڵی ڕابردوو ماوەتەوە و هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا نەکراوە.

پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکەی ڕۆژی 27ی ئەم مانگەی ئۆپێک، نرخی نەوت لەم دوو سێ ڕۆژەی دواییدا زیاتر لە 8 دۆلار دابەزی. هەرچەندە هەموو وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لەو بڕیارە زەرەرمەندن، بەڵام هەرێمی کوردستان یەکێکە لەوانەی کە بەهۆی ڕەوشی ئێستای و ڕاگرتنی بودجەکەی لەلایەن بەغداوە، زۆرترین زیانی بەردەکەوێت.

خۆ ئەگەر نرخی نەوت دابەزێت بۆ 50 دۆلار وەک هەندێ لە شارەزایان پێشبینییان کردووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە ڕۆژانە 660 هەزار بەمیل نەوت هەناردە بکات بۆ ئەوەی یەک ملیار دۆلاری بودجەی مانگانەی دابین بکات.

ئەوە جیا لەوەی کە هەرێمی کوردستان ناچارە چیدی دانەوەی حەقدەستی کۆمپانیاکانی نەوت دوانەخات، چونکە کۆمپانیاکان دەبێت بە وەرگرتنی حەقدەستەکانیان بتوانن بەردەوام بن لە بەرهەمهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت کە هەرێمی کوردستان دڵی بەوە خۆشکردووە و بەرنامە ئابوورییەکەی لەسەر ئەو گریمانەیە داناوە.

ئێستا کاتێکی زۆر نالەبارە بۆ کوردستان کە دەبینێت نرخی نەوت بەردەوام دادەبەزێت، بەتایبەتی پاش کۆبوونەوە بێ ئەنجامەکەی ئۆپێک کە ئەندامانی نەیانتوانی بگەنە کۆدەنگییەک بۆ دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت وەک هەوڵێک بۆ بەرزکردنەوەی نرخی ئەو کاڵا ستراتیژییە.



لەبەرئەوە، بە ڕەچاوکردنی ئەگەری دابەزینی زیاتری نرخی نەوت، ڕێککەوتنە سەرەتاییەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا بۆ ئەو دوو لایەنە زۆر چارەنووسساز دەبێت کە بیگۆڕن بە ڕێککەوتنێکی درێژخایەن، ئەوەش لەبەر کەمبایەخبوونی ئەو نەوتەی کە ئێستا زیاتر لە 90%ی داهاتی هەردووکیان پێکدەهێنێت. هەردوو حکومەتی بەغدا و هەرێمی کوردستان بە هاتنەئارای ئەو ڕاستییە نوێیە، دەبێت پێکەوە کاربکەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوت بۆئەوەی لانیکەم بتوانن قەرەبووی دابەزینی نرخەکەی بکەنەوە و ئەم قۆناغەی ئێستا تێپەڕێنن. هەرچەندە ئەوە بەو مانایە نییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەرداری مافی کۆنترۆڵکردنی نەوتی خۆی بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، وەک ستراتیژییەکی درێژخایەنتر، هەرێمی کوردستان پاش تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە داراییەی ئێستا، دەبێت گرێدراویی خۆی بە داهاتی نەوتەوە کەمبکاتەوە لەڕێی بووژاندنەوەی کەرتەکانی دیکە و بەدەستهێنانی داهاتی دیکە لەڕێی بووژاندنەوەی ئەو کەرتانە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە هەرکاتێک پێویستی بە ڕێکخستنەوەی کەرتی دارایی هەیە بەوپێیەی کە ئێستا هیچ سیستەمێکی باجدان بوونی نییە. دەبێت لەلایەن حکومەتەوە کاری جدی بۆ ئەو بابەتە بکرێت تاوەکو بە هاتنە ئارای کێشەیەکی ئابووری پشتی بە تەواوەتی نەشکێت و لانیکەم لەڕێی داهاتی ناوخۆ و وەرگرتنی باجەوە بتوانێت بۆ چەند مانگێک خۆی بەڕێوە ببات.

خۆ داهاتی نەوت دەبێت تەنیا بۆ بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری و بۆ وەبەرهێنانی زیاتر تەنانەت لە وڵاتانی دیکە بەکاربهێنرێت. نابێت وەک چۆن لە عێراق داهاتی نەوت 90%ی بودجەکەی پێکدەهێنێ، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە داهاتووشدا بە هەمان ئاراستەی هەڵە بڕوات.

لەبەر ئەو نەهامەتیانەی کە بەهۆی هەڵەی سیاسەتوانانەوە تووشی هاتووە، پێدەچێت تا ماوەیەکی زۆر عێراق ڕووی خۆشی نەبینێت، بە تایبەتی تا ئەوکاتەی کە ئاسایش دەگەڕێتەوە ئەو وڵاتە و جۆرێک لە ئاشتەوایی نیشتمانی لە نێوان پێکهاتەکانی بەرقەرار دەبێت، ئەوەش ڕەنگە کات و پارەو سامانێکی زۆری پێویست بێت، بۆیە دەبێت هەر لە ئێستاوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دامەزراندنی سیستەمێکی ئابووری و دارایی بەهێز و مۆدێرن ڕێی خۆی لە وڵاتێکی شکستخواردووی وەک عێراق جیابکاتەوە.

## بەپێی پرۆژە یاسایەک:

# 2%ی داهاتی نەوت بۆ نەوەکانی داهاتوو هەڵدەگیرێت



ڕووداو- هەولێر

بەپێی ڕەشنووسی پرۆژە یاسایەک، بەشێک لە داهاتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بۆ نەوەکانی داهاتووی کوردستان هەڵدەگیرێت، ئەوەش دوای ئەوەی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند دەکرێت.

هەردوو ڕێکخراوی مەسەلە بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان و فریاگوزاری گەلی نەرویجی NPA، پرۆژە یاسایەکیان بۆ هەڵگرتنی بەشێک لە داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ نەوەکانی داهاتوو داڕشتووە و بڕیارە ئەم هەفتەیە بە فەرمی پێشکەشی لیژنەی پیشەسازی و وزەی پەرلەمانی کوردستانی بکەن.

ڕێبین فەتاح، ڕێکخەری پرۆژەکە لە ڕێکخراوی مەسەلە بە (ڕووداو)ی گوت "لە درێژەی ئەو پرۆژانەی لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا هەردوو ڕێکخراوی مەسەلە و فریاگوزاری گەلی نەرویجی پەیوەست بە ڕەهەندەکانی پیشەسازی نەوت و گاز کاریان لەسەر کردووە، لە ئەمساڵدا هەردوو ڕێکخراوەکە کاریان لەسەر گەڵاڵەکردن و داڕشتنی پرۆژە یاسای سندووقی نەوەکانی داهاتوو لە هەرێمی کوردستاندا کردووە".

گوتیشی کە ڕەشنووسی سەرەتایی پرۆژەکە لەگەڵ زیاتر لە 50 شارەزا و پسپۆڕی بواری ئابووری، نەوت و یاسایی گفتوگۆی لەسەرکراوە و بە لەبەرچاوگرتنی سەرنج و تێبینییەکانی ئەوان دوایین ڕەشنووسی پرۆژەکە ئامادەکراوە.

ڕێبین فەتاح باسی ئەوەی کرد کە پێشتر لەگەڵ ژمارەیەک پەرلەمانتار لەوبارەوە قسەکراوە و بەشێکیشیان بەشدارییان لە گفتوگۆکاندا کردووە و ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆئەوەی خاوەندارێتی لە پرۆژەکە بکەن، بەوەش پرۆژە یاساکە ڕەوتی یاسایی خۆی وەردەگرێت، چونکە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بەرزکردنەوەی پرۆژە یاسا بۆ پەرلەمان یان دەبێت لە ڕێی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بێت، یان لانیکەم 10 پەرلەمانتار واژۆی لەسەر بکەن.

بەپێی ناوەڕۆکی ئەو پرۆژەیەی ئامادەکراوە، ڕێژەی 2% لە کۆی گشتی داهاتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان وەک پشکی نەوەکانی داهاتوو لە سندووقێکدا هەڵدەگیرێت و سندووقەکەش لەلایەن دەستەیەکی 7 کەسییەوە بەڕێوەدەبرێت.

ڕێبین فەتاح گوتی "پارەی ئەو سندووقە لە ژێر چاودێری پەرلەمان و چاودێری دارایی دەبێت، هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت دەستکاری پارەکە بکات و هەر ڕاکێشانێکی پارەکە بەپێی بڕیارێکی تایبەتی پەرلەمانی کوردستان دەبێت".

بەپێی پرۆژە یاساکە، دەتوانرێت پارەی ئەو سندووقە لە پرۆژەی وەبەرهێناندا بەکاربهێنرێت، ئەوەش بۆ ئەوەی سندووقەکە تەنیا پارەی خەوتوو لەخۆنەگرێت، بگرە ئەو پارەیە لە پرۆژەی قازانبەخشدا بەکاربهێنرێت، بەڵام لە پرۆژەکەدا، وەبەرهێنان لە هەردوو سێکتەری پیشەسازی و کشتوکاڵ ئەفزەڵەتیان پێدراوە.

وەک ئامادەکاری پرۆژەکە باسیدەکات، بیرۆکەی سندووقی نەوەکانی داهاتوو لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە نەوت شتێک نییە دروست ببێتەوە و کۆتایی دێت، لەکاتێکدا ئەو سامانە مافی نەوەکانی داهاتووشی تێدایە و پێویستە بپارێزرێت، ئەوەش وێڕای ئەوەی دادی کۆمەڵایەتی دەچەسپێنێت، هاوکات بیرۆکەی پەرەپێدانی بەردەوامیش جێگیرتر دەکات، زۆر لە وڵاتانی خاوەن پیشەسازی نەوت و گازیش، لەوانە نەرویج و کوێت خاوەنی یاسای لەوشێوەیەن.

یەکێکی دیکە لە خاڵە گرنگەکانی سندووقی نەوەکانی داهاتوو ئەوەیە کە حکومەت لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکانی ئابووری، دەتوانێت پارەی سندووقەکە بە قەرز وەربگرێت، پاش ئەوەی پەرلەمان بە بڕیارێکی تایبەت ڕێگە بە حکومەت دەدات پارەکە قەرز بکات.

ڕێبین دەڵێت "ئەگەر پێش چەند ساڵێک ئەو سندووقە لە کوردستان هەبووایە، ئەمڕۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی قەرزکردن لە پارەی نەوەکانی داهاتوو، دەیتوانی بەشێکی زۆر لەو قەیرانە تێپەڕ بکات کە لەلایەن بەغداوە بۆی دروستکراوە، هەروەک ئەوەی حکومەتی کوێت لە دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە، بە بڕیارێکی تایبەتی پەرلەمانی ئەو وڵاتە، پارەی سندووقی نەوەکانی داهاتووی قەرزکرد و ئەو پارەیە بۆ بنیاتنانەوەی وڵاتەکە لە دوای داگیرکردن بەکارهێنرا".



ئاکۆ محەممەد
ako@rudaw.net

# یەکگرتنی بەکردەوەی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان

جێی خۆشحاڵییە کە پەیوەندییە ڕانەگەیێندراوەکانی نێوان باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان ، بەتایبەتی لەڕووی ئابوورییەوە زۆر خۆشترن لەوەی بە ئاشکرا دەبینرێن لەنێوان ئەو دوو پارچەیەی کوردستاندا . ئەوە بۆ هەموو ئەوانەی بە گرنگییەوە لە دروستکردن و بەهێزکردنی پەیوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی نێوان پارچەکانی کوردستان دەڕوانن ، جێی خۆشحاڵییەکی زۆرە .

پێکەوە بەستنی پارچەکانی کوردستان ، لەڕووی پەیوەندییە ئابوورییەکانەوە ڕەنگدانەوەی زۆر گرنگ و پۆزەتیڤی دەبێت ، بۆ نەهێشتن یان کەمکردنەوەی ناکۆکییە حیزبییەکان .

ئێستا بەکردەوە نەخشەکانی سایکس –بیکۆ ، لە سووریا و عێراقدا شکاون. عێراق و سووریا بەسەر سێ ناوچەی (کوردی ، سوننە و شیعە-عەلەوی لەسووریا-) دابەش و پارچەبوونە .

ئەو پارچەبوونە ، بەڕادەیەکە، ئەمڕۆ ئەو ناکۆکی و خوێنەی لەنێوان ناوچە سوننی و شیعییەکاندا هەیە ، زۆر زیاترە لەو ناکۆکی و خوێنەی لەنێوان کوردستان و ناوچە عەرەبنشینەکانی سووریا و عێراقدا هەیە .

بۆ کوردستانیش ئەو دابەشبوونە ڕێک مانای جۆرێک لە یەکگرتنەوەی لەنێوان دووبەشی کوردستاندا هێناوەتە کایەوە . ئەو عەشیرەت و بنەماڵە پەرتبووانەی لەنێوان باشوور – ڕۆژئاوا ، باکوور-ڕۆژئاوادا هەن ، تەنیا نیشانەی بە ئاسانی یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان نیشاندەدەن . جگە لەوەی کە لە باکووری کوردستان ، لە زۆربەی شارەکاندا ، جۆرێک لە دەسەڵاتی گەلێریی کوردی هەیە ، بەڵام لە باشوور بە تەواوی و لە ڕۆژئاوای کوردستانیش دەسەڵاتدارییەکی کوردی لەسەرکارە ، کە ئەوە یەکبوونی نێوان باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان زۆر لە ڕاستی نزیککردووەتەوە، چونکە زۆربەی شرۆڤەکارانی ناوخۆ و بیانی لەو بڕوایەدان عێراق و سووریا ناتوانن جارێکی دیکە ببنەوە خاوەنی سیستەم و پێکهاتەی ناوەندیی پێشوویان ، لە خراپترین ئەگەریشدا (بەنیسبەت کوردەوە) ، ناتوانن لە فیدراڵی کەمتر بەڕێوەببرێن . بۆیەش درێژەکێشانی ئەو سەربەخۆییە دیفاکتۆیەی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان ، ئەگەر لە ئاکامدا بە دەوڵەتبوونیش کۆتایی نەیێت ، ئەوا هیچ نەبێ چەند ساڵێکی دیکە دەکێشێت .

لە سووریا سوپایەکی سووری بەپێکهاتە و بەکردەوە عەلەوی لە بەرامبەر سوننەدا شەڕ دەکات ، لە عێراقیش سوپایەکی شیعە تێیدا باڵادەست هەیە ، لە پاڵ ئەویشدا نموونەی ئێران ، لە عێراقدا لە جێبەجێکردندایە ، بە دروستکردنی میلیشیای شیعی (حەشدی شەعبی) ، کە ڕێک لەسەر مۆدێلی بەسیجی ئێرانی دروستدەکرێت . ئەو تۆختربوونەی جیاوازییەکان ، بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی دروستبوونەوەی دەوڵەتی عێراقی هاوشێوەی سەتەی پێشوو نادات .

ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە نەخشەی ڕۆژئاوایی و بەدەستی عەرەب و گەلانی موسڵمانی ناوچەکە ، زیاتر لە ئەنجامی دۆزینەوەی نەوت و ڕێگەکانی گواستنەوەی نەوت بوو بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی ، کوردستانیش بووە قوربانیی ئەو نەخشەیە . ئێستا کە سنوورەکانی سایکس – بیکۆ لە هەڵوەشانەوەیەکی سرووشتیدان ، بەهۆی نەگونجانیان لەگەڵ پێکهاتەی گەلان و وڵاتانی ناوچەکە ، کوردستان دەتوانێ ، لە دابینکردنی وزە و ڕێگەی گواستنەوەی وزەدا ، سەرچاوەو وڵاتێکی زۆر گرنگ بێت بۆ ئەورووپای ڕۆژئاوا .

بەتایبەتی کە ئەو یەدەگە نەوتی و غازییەی لە کوردستاندا دۆزراوەتەوە ، نەخشەی وزەی لە جیهاندا گۆڕیوە . 66 سەنت گرانبوونی نرخی یەک بەرمیل نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا ، لە ئەنجامی تەقینەوەکەی هەولێر، ئەو ڕاستییەی زۆر بەڕوونی نیشاندا .

لەو پێوەندییەشدا ، ڕۆژئاواو باشووری کوردستان دەتوانن لە زۆر ڕووەوە، تەواوکەری یەکتربن. باشووری کوردستان ، هەرێمێکی قبوڵکراوە لەسەر ئاستی جیهاندا ، دوای شەڕی داعشیش ، لەلایەن جیهانەوە زۆر باشتر تەماشا دەکرێت . هەروەها پەیوەندییە دیپلۆماسی و سیاسییەکانیشی لە ئەنجامی پەیوەندییە ئابوورییەکانیدا ، لە گەورەبوونێکی زۆر و بەردەوامدان.

ڕۆژئاوای کوردستان ، وەک هەرێمێکی نەناسراو و ستاتۆیەکی نادیار لەسەر ئاستی سیاسیدا ، پێویستی بەهەموو ئەو پەیوەندییانەی باشووری کوردستانە، بۆئەوەی بتوانێ مامەڵە لەگەڵ جیهاندا بکات ، هەروەها بۆ ئەوەی بەرهەمەکانی خۆی ، لە پێش هەمووشیانەوە نەوت ، لە تاڵانفرۆشیی ڕزگاربکات ، کە ئێستا ناچارە بیکات . پەیوەندی نێوان ئەو دوو پارچەیەی کوردستان ، تەواوکارییەکی سیاسی و ئابووریی لەنێوان ئەو دوو بەشەی کوردستاندا دروستدەکات.

بەهۆی یەک وڵاتی و یەک نەتەوەبوونەوە، لە ئەنجامی دروستبوونی ئەو پەیوەندییە ئابووری و سیاسیانەدا ، بەکردەوە یەکبوونی نێوان ئەو دوو پارچەیەی کوردستان دروستدەبێت ، ئەگەر بە ڕوانگەیەکی فراوان لە بایەخی پەیوەندی نێوان دوو پارچەی کوردستان بڕوانرێت ، بەوشێوەیە سەرزەمینێکی گەورەتری کوردستان بە بەرچاوی جیهانەوە دروستدەبێت کە لەپەیوەندی نێوان دوو پارچەدا ، کورد خۆی دەتوانێ بەخۆشی و بەرژەوەندی خۆی ، ئەو سەرزەمینە کوردستانییەی فراوان بکات . بۆ ناوچەکەش سەرەتای گۆڕانێکی ریشەیی دەبێت لە سنوورە سیاسییەکاندا ، کە بە بەرژەوەندی دابینکردنێکی ئاسانتری وزە بۆ جیهان تەواو دەبێت .



مایکڵ نایتس

# کوردستان دەبێتە "سپارتای بچووک"ی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟

کاتێک بەرپرسانی بەرگریی ئەمریکی سەنای شەریکێکی سەربازیی تازە پێگەیشتوو دەکەن، زۆر جاران دەستەواژەی "سپارتای بچووک" بەکاردێنن وەک بیرهێنانەوەیەکی ئەو دەوڵەت-شارە گریکییە دێرینەی هەمیشە جێی ڕێز و ستایش بووە بەهۆی سوپا زۆر بەتواناکەی ئەگەرچی بە قەبارەش بچووک بووە . ئەم دەستەواژەیە بەم دواییە زۆرتر وەک ئاماژەیەک بۆ دەوڵەتی میرنشینی عەرەبیی یەکگرتوو (ئیمارات) بەکارهاتووە .

ئەمڕۆ کوردستانی عێراق تێدەکۆشێ بۆئەوەی ببێتە "دووەم سپارتای بچووک" . هێزە شەڕکەرەکانی کوردستانیش کە بە پێشمەرگە ناسراون، جێی ڕێز و متمانەی سوپای ئەمریکا بوون. ئەوەتا ئەمڕۆش کوردستان بووەتە پلاتفۆرمێکی بێ وێنە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەدژی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش). کوردستان بنکەی پارێزراو بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنانە دابین دەکات و لەوێوە بە ئاسانی دەتوانن بگەنە مووسڵ و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی سووریا و بە درێژایی نزیکەی 1000 کیلۆمەتر بووەتە بەرەی پێشەوەی شەڕ لەدژی داعش.

هەفتەی سێیەمی ئەم مانگە (تشرینی دووەم)، شاندێکی باڵای کورد هاتنە واشنتنی پایتەخت و گوشاریان بەکارهێنا لەسەر ئەندامانی کۆنگرێس و بنکەکانی توێژینەوە و داوای پشتیوانیی ئەوانیان کرد بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە سەربازییەکانی نێوان ولایەتە یەکگرتووەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ریشەیی. حاڵی حازر، حکومەتی واشنتن بەشی هەرەزۆری پشتیوانییەکانی خۆی لە چەک و مەشقی سەربازی بۆ هەرێمی کوردستان تەنیا دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق و ڕەزامەندیی ئەوان، ئینجا دەداتە هەرێمی کوردستان. لەڕاستیشدا ئەم پێداگرییە لەسەر پاراستنی سەروەریی عێراق، ئەو هەلەی بۆ بەغدا ڕەخساندووە کە گەیشتنی هاوکارییەکان دوابخات و تەنانەت ئاستەنگ بخاتە بەردەم هاریکاریی ئەمنی لەنێوان کورد و ئەمریکا.

## ڕای کۆنگرێس

ڕۆژی 10ی ئەم مانگە (نۆڤەمبەر)، ئێد ڕۆیس، یەکێک لە گەورە ئەندامانی کۆنگرێس و سەرۆکی لیژنەی کاروباری دەرەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، بڕیارێکی پێشنیاز کرد کە گوزارشت لە ڕای کۆنگرێس دەکات و تێیدا داوای لە باراک ئۆباما سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکان کرد ڕاستەوخۆ چەکی تەقلیدیی پێشکەوتوو بە مەشق و خزمەتگوزاریی بەرگرییەوە بەخێرایی و بەشێوەیەکی کاتی بگەیەنێتە هەرێمی کوردستان. پرۆژەی بڕیارەکە سەرۆک ئۆباما هاندەدات بۆئەوەی "بەڵگەنامەی دوایین بەکارهێنەر" قبووڵ بکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری پێدەکات "بۆئەوەی بۆ هەرێمی کوردستان بڕەخسێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێداویستییە ئەمریکییەکان لە چەکی دژە تانک، زرێپۆش، تۆپی دوورهاوێژ، فیشەک و چەکی پێشکەوتوو کە بەکارهێنانیان پێویستی بە گرووپە، ئامێری پەیوەندی و سەرکردایەتی، خوودە و دژە گوللە، پێداویستی لۆجستیک و زۆر کۆمەکی دیکەی سەربازی کە سەرۆک بە گونجاویان بزانێ، وەربگرێ" و ئەمەش بۆ ماوەی سێ ساڵ بێت.

دەبێ بڵێین کە پێشتریش دانا ڕۆراباکەر، گەورە ئەندامی کۆنگرێس پرۆژە بڕیارێکی هاوشێوەی لە 19ی ئەیلول تەرح کردبوو. ئەو پرۆژەیە تائێستاش لە لیژنەی کاروباری دەرەوەی ئەنجومەنی نوێنەران چاوەڕێی پێداچوونەوەیە. لەکاتێکدا هیچیەک لەم هەنگاوانە ناتوانن ئیدارەی ئەمریکا ناچاری هیچ شتێک بکەن، بەڵام دەچنە پاڵ ئەو دەنگانەی کە داوا لە ولایەتە یەکگرتووەکان دەکەن واز لە سیاسەتی خۆپارێزی بەرامبەر سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بهێنێ و ڕێیەکی پێچەوانە بگرێ.

شایانی باسە لە 7ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەر، سەرۆک ئۆباما داوای لە کۆنگرێس کرد بڕی 1.6 ملیار دۆلار بۆ مەشقکردن بە نۆ لیوای سوپای عێراق و سێ لیوای پێشمەرگە تەرخان بکرێ وەک بەشێک لە ئامادەکارییەکان بۆ دەرهێنانەوەی مووسڵ لەژێردەستی داعش لەساڵی داهاتوودا. لەم چوارچێوەیەشدا ئێستا کار لەسەر ئامادەکردنی سەربازگەیەکی ئەمریکی دەکرێ لە نزیک شارۆچکەی حەریر کە بنکەیەکی ئاسمانی و فرۆکەخانەیەکیش لەخۆدەگرێ.

## کورد زیاتری دەوێ

کورد کارێکی زۆر لەوە زیاتریان لە ئەمریکا دەوێ لە پێناوی مەشقکردن بە زیاتر لە 12 لیوای پێشمەرگە. هەگبەکەی ئەوان هێندەشی تێدایە کە سەرنجی یاسادانەرانی ئەمریکی ڕابکێشێ. ئاخر لەنێوان ساڵانی 2003-2011 ولایەتە یەکگرتووەکان بەبڕی تەنیا 92 ملیۆن دۆلار کۆمەکی هەرێمی کوردستانی کردووە بۆ پێشخستنی تواناکانی هەشت لیوای پێشمەرگە، کەچی بڕی زیاتر لە 25 ملیار دۆلاری بۆ پێکهێنانی 109 لیوای سەر بە حکومەتی فیدراڵی تەرخان کردووە.

ئەمە مانای ئەوەیە کە بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ هەر لیوایەکی هەرێمی کوردستان 11.5 ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام بۆ هەر لیوایەکی فیدراڵی 229.3 ملیۆن بووە. ئێستاش هێشتا لیوا کوردییەکان کە ولایەتە یەکگرتووەکان کۆمەکی کردوون بەپێتەوی ماونەتەوە لەکاتێکدا نزیکەی چواریەکی سوپای فیدراڵی لەبەریەک هەڵوەشا.

لەم سیاقەدا، ئەوانەی دژی هەوڵەکانی هەرێمی کوردستانن بۆ دامەزراندنی پەیوەندی ئەمنیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ولایەتە یەکگرتووەکان، دەڵێن بارزان بەسەر دەسەڵاتەکانی بەغدادا پرۆسەی لەبەریەک هەڵوەشانی عێراق خێراتر دەکات و ئەوە، بۆ نموونە، دەبێتە پێشینەیەک بۆ ناوچە سوننیەکانی عێراق کە ڕاستەوخۆ چەک و مەشقی سەربازی لە وڵاتانی دراوسێ وەربگرن. ئەوان دەڵێن حکومەتی ئەمریکا بەم کارەی پێگەی خالید عوبێدی، وەزیری نوێی بەرگریی عێراق لاواز دەکات کە سوننەیەکی عەرەبی خەڵکی مووسڵە و لە 3ی تشرینی دووەم سەردانی وەزیری پێشمەرگەی کرد بۆ تاوتوێکردنی مەسەلەی هاوکاریکردنی یەکدی. ئەو وەزیرەش تائێستا هەڵوێستێکی باشی لە مەسەلەی پلانی ئەمریکا هەبووە بۆ مەشقکردن بە لیواکانی پێشمەرگە و پڕچەککردنی دوو لیوای دیکەی پێشمەرگە لەلایەن ئەڵمانیاوە لەکاتێکدا بەشی هەرەزۆری ئەو کۆمەکە ئەڵمانیە گەیشتووەتە هەولێر بەبێ ئەوەی بەغدا ئاستەنگی بخاتە پێش.

ڕەنگە کورد هەوڵ بدەن بەسەر ئەم ئیعتیرازە ئەمریکیانەدا زاڵ ببن لەڕێی پیشاندانی ئامادەیی بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری لەهەندێ مەسەلەی جەوهەریدا. هەر پێشڤەچوونێکی پێشمەرگە لە ئایندەدا بۆ ئابلۆقەدانی مووسڵ یان بەرتەسککردنەوەی جموجوڵی تیرۆریستان بە درێژایی سنووری عێراق- سووریا مەرجی ئەوە دەخوازێ کە ولایەتە یەکگرتووەکان مەشق و پێداویستی سەربازیی زیاتر دابین بکات. کوردیش دەبێ بنکەی مەشق بۆ دوو لیوای نوێی سەر بە حکومەتی فیدراڵی دابین بکات کە لە پاشماوەی سوپای عێراق و یەکە لێکدابڕاو و پەرتەوازەکانی پۆلیس لەو ناوچانەی ئێستا لەژێردەستی پێشمەرگەدان پێکدەهێنرێنەوە.

بەرەو سەربەخۆییەکی ڕاستەقینە

ئەگەر هەولێر سوود لەم دوو خاڵە پۆزەتیڤە وەربگرێ، لەوانەیە بتوانێ پەیوەندییەکی ئەمنی و سەربازیی ڕاستەوخۆتر لەگەڵ ولایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوایی هاوپەیمان دابمەزرێنێ و ئەمەش دەبێتە ڕووداوێکی دیکەی گرنگ لەسەر ڕێگای بەدیهاتنی سەربەخۆییەکی ڕاستەقینە. هەرێمی کوردستان هاوتەریب لەگەڵ ئەم پەیوەندییە ئەمنییە لەگەڵ وڵاتانی بیانی، هەنگاوی یەک لەدوای یەکیش دەنێت بەرەو سەربەخۆیی ئابووری.

ئەو ڕێککەوتنە کاتییەی سەبارەت بە دابەشکردنی داهات کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عادل عەبدولمەهدی وەزیری نەوتی عێراق لە 14ی تشرینی دووەم ڕایانگەیاند، ئەوە دەردەخات کە بەغدا –نابەدڵانە- گەیشتووە بەو بڕوایەی هاوئاهەنگی لەگەڵ هەولێر سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان و کەرکووک، باشترە لە هێشتنەوەی سزای ئابووریی سەپێنراو لەسەر هەولێر.

ئەگەرچی بودجەی فیدراڵیی عێراق بۆ ساڵی 2015 دانوستاندنێکی سەختی پێویستە، بەڵام سەرئەنجام وا چاوەڕوان دەکرێ کە هەردوولا بگەنە ڕێککەوتنێک و بەگوێرەی ئەوە ڕێگە بە کورد بدرێ کە لە ساڵی داهاتوودا ڕۆژانە نیو ملیۆن بەرمیل نەوت بەشێوەیەکی سەربەخۆ بفرۆشێ. لەو چوارچێوەیەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسایەک ئامادە دەکات بۆ وەرگرتنی قەرز لە بانکە نێودەوڵەتییەکان و داهاتی فرۆشتنی نەوتیش وەک گەرەنتی وەرگرتنی ئەو قەرزانە دەخاتەڕوو.

ئەمە زۆرتر لەوە نزیکە کە ناوی لێبنێی قەوارەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەوەی جیاوازە تەنیا ناوەکەیە. بۆ ئەم قۆناغەی ئێستاش کورد بەوەندە ڕازی دەبن. وڵاتانی ناوچەکەش ڕەنگە لەم تەرتیبە نوێیەدا هەڕەشەیەکی کەمتر ببینن بەراورد بە سەربەخۆییەکی شەرعی و تەواوی کورد.

***توێژەر لە "پەیمانگای واشنتن بۆ سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک"**
**سەرچاوە: سایتی (الجزیرە)**



د.ئەنوەر عەلی ئاناید*

# شەڕی مووسڵ و ستراتیژی بەرگری نەتەوەیی

لە دوای داگیرکردنی مووسڵ لەلایەن داعش، زۆربەی خەڵکی کوردستان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەو شەڕە شەڕی کورد نییە و نابێت کورد بەشداری تێدا بکات. ڕووداوەکانی دواتریش لای هەموو کەس ڕوون و ئاشکران. داعش دەستپێشخەری کرد و شەڕەکەی کرد بە شەڕی دژی کورد. بەشێکی خاکی کوردستانی داگیر کرد و هەولێری پایتەختیشی خستە ژێر مەترسییەوە.

ئێستاش کە کورد دڵنیا نییە لە چۆنیەتی بەشداریکردنی لە شەڕی ئازادکردنی مووسڵ، بۆ بەرپرسیارانە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو پرسە، پێوستە بە وردی بڕوانینە بنەماکانی هەڵوێستی سەرەتای کورد.

### بەشێوەیەکی گشتی هێزی داعش پێکهاتووە لە فاکتەرەکانی خوارەوە:

- ئایدیۆلۆژیای ڕادیکالی ئاینی
- شۆڤینیزمی نەتەوەیی بەعسی
- شارەزایی سەربازی کە لە سوپای پێشووی عێراق ماوەتەوە
- چەکی پێشکەوتووی ئەمریکی
- بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن و ئینتەرنێت بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕێک کە هەموو بەرهەمەکانی شارستانیەتی مرۆڤیان خستووەتە ژێر مەترسی.
- ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ جێبەجێکردنی خواستی تاوانبارانە لەژێر پەردەی ئایدیۆلۆجیایەکی ئاینی بۆ ئەو کەسانەی کە لە زۆر وڵاتەوە ڕوویان لە داعش کردووە.

هەموو ئەو فاکتەرانەی سەرەوە، ئاماژە بە سروشتی شەڕخواز، فراوانخواز و مەترسیداری داعش دەکەن. پرسیار ئەوەیە بۆ کوردستان دەرفەتی بە داعش دا پێگەی خۆی لە سنووری هەرێمی کوردستاندا بەهێز بکات و دواتر پەلاماری کوردستانیش بدات؟ بۆچی کورد دەرفەتی سوودوەرگرتنی لە یەکەم هەنگاو کە لە شەڕدا بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمندا گرینگە، بە داعش دا؟

## هۆکارەکانی هەڵوێستی بەرایی کورد

**هۆکارەکانی بەشدارینەکردنی بەرایی کورد لە شەڕی دژی داعش بریتی بوون لە:**

1- حکومەتی عێراق، لەو شەڕە بەرپرسیار بوو، هەر خۆشی دەبووایە شەڕەکە بکات.

2- زۆربە ی خەڵکی کوردستان لەگەڵ شەڕدا نەبوون ، سەرکردایە تی کورد گوێی لە خەڵک گرت و خۆی تێکەڵاوی شەڕەکە نەکرد.

3- بەڵێنەکانی داعش کە گوایە هێرش ناکاتە سەر کوردستان، لەبەرچاو گیران.

4- بەهۆی نا ئۆمیدبوونیان لەلایەنی شیعە، هەرێمی کوردستان خەریکی نزیکبوونەوە بوو لە عەرە بی سوننە. بەشداریی هەرێمی کوردستان لە شەڕەکە، پەیوەندی کورد و عەرەبی سوننەی ئاڵۆز دەکرد.

5- دەبووایە بالانسی هێز لەنێوان شیعە و سوننە لە عێرق ڕابگیرێت. بەشداریکردنی کورد لەو شەڕە دەبووە هۆی لاوازکردنی سوننە، ئەمەش دژی بەرژەوەندییەکانی کورد بوو.

6- بە بڕوای سەرکردایەتی کورد توانای شەڕی هەرێمی کوردستان لەو کاتەدا لە ئاستێکدا نەبوو کە بتوانێ شەڕێکی سەرکەوتووانە لە دژی داعش بکات. نەشدەکرا هەیبەتی هێزە چەکدارەکانی کوردستان، بەدەستپێشخەری بشکێنن.

7 – سەرکەوتنی خێرای داعش چاوەڕواننەکراو بوو، هەرێمی کوردستان پلانی پێشوەختی بۆ بارودۆخێکی وا نەبوو.

## دانانی ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی کورد

جێی گومان نییە کە بەغدا بەرپرسیار بوو لە بەهێزبوونی لە ناکاوی داعش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

- شەڕنەکردنی سوپای عێراق و ڕادەستکردنی چەکەکانیان بەو گرووپە.
- پەراوێزخستنی هەرێمی کوردستان لە مەلەفی بەرگریی لە شاری مووسڵ.
- گوێ نەدان بە هۆشدارییەکانی سەرکردایەتی کورد سەبارەت بە هاتنی ئەو هێزە بۆ ناوچەکە.
- پاڵپشتی نەکردنی هێزی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و زۆر هۆکاری دیکە.

بەڵام گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە نابێت هۆکارەکانی یەکەم و چوارەم ببنە بنەمای دانانی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان. لە دانانی ستراتیژی بەرگریی هەرێمی کوردستان دەبووایە زۆرترین بایەخ بدرابایە بە زیادبوونی بەرچاوی توانای سەربازیی داعش و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان. بە واتایەکی دیکە هاتنی داعش بەو هەموو چەکە پێشکەوتووە بۆ سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، مەترسیی مان و نەمانیان هەبوو لەسەر کوردستان. لەبەر ئەوە نەدەبووایە هەرێمی کوردستان ڕابوەستێ تاوەکو هێزەکانی داعش پێگەیان پتەو بکەن و هێرش بکەنە سەر کوردستان ، ئینجا هەڵوێست وەربگرێت.

بەشێوەیەکی گشتی سایکۆلۆژی کورد بەرگریکارانەیە، هەڵوێستی بەرایی هەرێمی کوردستانیش بەرامبەر بە داعش تا ڕادەیەک لەژێر کاریگەریی ئەو سایکۆلۆژییەدا بوو. گرینگە لەم قۆناغە هەستیارەدا پێداچوونەوە بەو سایکۆلۆژییەتە بکرێت و لەڕێگای بە دامەزراوەکردن و دیراسەی ڕووداوەکانی هاوشێوە زاکیرەی نەتەوەیی پتەو بکرێت. هەروەها بە پەرەپێدانی کەلتووری بەرپرسیارێتی هەڵگرتن، بنەمای ئەزموون وەرگرتنی نەتەوەیی لە ڕووداوەکان بەهێز بکرێت.

پەلاماری داعش دەبێ کاربەدەستانی کوردستان هان بدات کە لە بارودۆخی وا پڕ لە مەترسیی بەشێوەیەکی سیستماتیک و دراسەکراو، ستراتیژیی بەرگری نەتەوەیی درێژ خایەن و پرۆئەکتیڤ (proactive) بۆ هەموو ئەگەرێکی دیکە دابڕێژن. وەک هەنگاوێکی بەراییش دەبێ بۆ بڕیاردان لە بەشداریکردن و نەکردنی هەرێمی کوردستان لە شەڕی ئازادکردنی مووسڵ، لە جیاتی زیاتر لە پێویست گوێدان بەوەی کە خەڵکی ئاسایی لەوبارەوە چۆن بیردەکەنەوە ، بە وردی دیراسەی کاریگەریی درێژماوەی بڕیارەکانیان لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان بکەن.

هەروەها دەبێ هەرێمی کوردستان لە نزیکەوە بڕوانێتە هەڵوێست و کردەوەی دوژمنکارانەی هێزەکانی دیکە لە عێراق و ناوچەکە. ئەو هێزانەی کە لە ناوەڕۆکی سیاسی- کۆمەڵایەتیاندا هاوشێوەی داعشن، لە داهاتوودا دەبنە مەترسی جددی بۆ سەر هەرێمی کوردستان. ناکرێت لەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانەوە هەیە، چاوەڕوانی سورپرایزی دیکە بین.

***دکتۆرا لە سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان – زانکۆی سیدنی ئوسترالیا مامۆستای سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئابووری سیاسی لە زانکۆی کوردستان- هەولێر.**



گۆران محەممەد

# کارەبا

لەبن وێنەیەکی گەورەی خۆیدا، هەواڵێکی بچووکی بڵاوکردووەتەوە و دەڵێ: کردنەوەی وێستگەی تاسڵووجە، نیو کاژێر کارەبای نیشتیمانی زیاد دەکات! ئەگەر جەنابی وەزیری کارەبا بە یەک ساڵ، نیو کاژێری بەرهەم بوو، یانی مامۆستا سەلاح چارەکە سەدەیەکی دەوێ تا کارەبا فوول دەکا، ئەمە ئەگەر ژمارەی دانیشتووانی کوردستان، لەو چارەکە سەدەیەدا وەکخۆی مایەوە.

سوڵتان سولەیمانی قانوونی کە تەقریبەن دەکاتە باپیرە گەورەی بیروباوەڕی وەزیری کارەبا، بە چارەکە سەدەیەک نزیکەی کیشوەرێکی داگیر کرد، مامۆستاش بەتەمایە بە چارەکە سەدەیەک، گەڕەکێک ڕووناک بکاتەوە، ئاخر بەوەدا لینکی (ماستەر پلان)ی وەزارەت، بەتاڵ و حەتاڵە و یەک وشەی تێدا نییە، ئومێد زۆرە کە کارەبا هەرگیز چاک نەبێت.

ئەگەر کارەباتان هەبوو، سەرنجێکی ژیاننامەی جەنابی وەزیر لە سایتی وەزارەتدا بدەن. ئاخر لەو لاپەڕە دووروودرێژەی لەبارەی خۆیەوە ڕازاندوویەتیەوە، یەک ڕستە بەلای منەوە گرنگ بوو، ئەویش لێی حاڵی نەبووم، ئاخر من دەمویست بزانم وەزیر پسپۆڕییەکەی چییە؟ کتومت ئەمەی نووسیوە: (پسپۆڕی زانستی ورد: ئیدارەی جەودەی شامل). جا قوربان ئەگەر ئێوە تێگەیشتن، بەخێری خۆتان منیش حاڵی بکەن، ئاخر پسپۆڕی زانستی ورد! نە دارشتنەکەی کوردییە نە واتاکەشی زانستی، بریا پسپۆڕی زانستی درشت بوویتایە و دوو کاژێر کارەبات بدابا، ئاخر بە دایکم بڵێم برادەرێکم هەس پسپۆڕە لە زانستی ورد، لەوانەیە لە باشترین دۆخدا بڵێ ڕۆڵە دە بانگی بکە ئەو برنجەم بۆ ببژێرێ چاوم حوکمی نەماوە.

دوایی پێمان ناڵێی ئەم کاک (شامل)ە کێیە وا تۆ ئیدارەی جەودەکەی دەکەی؟ باشە لە کوردستاندا جەودە کوا تا ئێوە ئیدارەی بکەن؟ ئاخر تۆ کە ئیدارەی مولیدەی گەڕەکت پێنەکرێ، شەڕ بە جەودەی شامل بۆ دەفرۆشی کاکی برا.

بەدران حەبیب، کە دەزگای ئاراسی هەبوو، لە ژوور سەرییەوە نووسیبووی: تکایە دیوانی شیعر چاپ ناکەین، چونکە هەموو کورد شاعیرن.

لە ژیاننامەی جەنابی وەزیریشدا نووسراوە کە جەنابیان چەند دیوانە شیعرێکیان بەچاپ گەیاندووە، هەرچەندە نەیانگوتووە داخۆ چاپخانەکە بەکارەبای نیشتیمانی کاری کردووە یان بە مولیدە.

دەشڵێن دۆخی میدیای کوردی بۆ شڕە؟ ئاخر دەرکەوت جەنابی وەزیری کارەبا، ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیشە، سا مادام ئیشەکە وایلێهات، دەی وە برایەتیمان قەسەم، ڕەحمان غەریب ببێتە وەزیری کارەبا لە ئێوە باشتر بەڕێوەی دەبات.

ئەگەر وەزیر لەسەر پۆستەکەی مایەوە، پێشنیازی گۆڕینی ناوی وەزارەتەکەی بۆ یەکێ لەمانەی خوارەوە دەکەم: وەزارەتی هیچ، وەزارەتی هەرئەوەم یاری، وەزارەتی ئاخ سەیر ئەبێ وابێ، وەزارەتی دەبڕۆ وازمان لێبێنە، وەزارەتی تەل بۆ چۆلەکە، وەزارەتی شەرمدەکەم خۆم نیشان بدەم، وەزارەتی پێم عەیبە باسی خۆم بکەم، وەزارەتی کاک سڵاح و بەس.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# پارتی و پەتای نەوت

بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان مەسەلەی نەوت و سەربەخۆیی ئابووری لە پێناو بێمنەتی لە بەغدا لەلایەک مەسەلەیەکی ستراتیژییە و لە لایەکەی دیکەشەوە سەرچاوەیەکی گەورەی داهاتێکی نادیارە. ڕووی قسەکە لە مەسەلەی نەوتدا لە پارتییە نەک حکومەتی هەرێمی کوردستان یان یەکێتی نیشتمانی و حیزبە بەشداربووەکانی دیکەی ناو حکومەت. چونکە پارتی لە 2005 ەوە کۆنترۆڵی کەیسی نەوتی کردووە، ئەگەرچی لە دوای 2009 و لە کابینەی شەشەمدا حکومەت دەستاودەستی پێکرا، بەڵام لە ماوەی ئەو دوو ساڵەشدا کە حکومەت بەدەست یەکێتی نیشتمانییەوە بوو، بە هۆی ڕێککەوتنی پێشوەختەی نێوان پارتی و یەکێتی لەوبارەیە (کە هەردوولایان لە هەموو داهات و دەستکەوتێک شەریک و برابەش بن) کەیسی نەوت هەر لەدەست پارتیدا مایەوە و سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتە کەمترین دەسەڵاتی لەو ڕووەوە هەبوو.

ڕاستە ئەنجومەنێکی نەوت و گازیش لە کوردستان هەیە و تەنانەت یاسای نەوت و گازیش لە پەرلەمان دەرچووە، بەڵام لە کۆی گشتیدا ئەوە پارتییە کە تەحەکوم بە سیاسەتە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە دەکات. بەڵگەش ئەوەیە کە لە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی پارساڵدا پارتی یەکلایەنە خۆی کردە خاوەن و جێبەجێکاری سیاسەتە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان هەر لە دەرهێنانەوە بگرە تا هەناردەکردن و فرۆشتنی. کەس لە حکومەتدا و تەنانەت یەکێتی کە شەریکی پارتی بوو (سەرباری ئەوەی کە بەشێکی زۆری سەرچاوەکانی وزە لە هەرێمی کوردستان لە زۆنی سەوز و لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتیدان) نەیدەویست مەسەلەی نەوت وەکو دەستکەوتێک بۆ خەڵکی کوردستان هەژمار بکرێت، چونکە لەلایەک باش ئاگایان لەوە بوو کە داهاتی نەوت کەمترین ڕەنگدانەوەی بەسەر ژیانی خەڵکەوە هەبووە و لەلایەکی دیکەشەوە بەردەوام بەڵگەی گەندەڵی و ناشەفافییەت لەوبارەیەوە لە هەموو لایەکەوە دەخرانە ڕوو. بۆیە یەکێتی وەک پارتی نەکرد، بەشی خۆی وەرگرت و بێدەنگی لێکرد.

سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان کە پارتی سەرکردایەتی دەکات، سەرکەوتوو نەبووە. هۆکارەکەشی زۆر سادەیە، تا ئێستا هەر لە بواری ریسککردنە بە بژێوی و مەعیشەتی خەڵکەوە، بێئەوەی توانیبێتی ببێ بە بەدیلی سەرچاوەی داهات و بژێوی بۆ خەڵک. بە گوزارشتێکی ئاسانتر لە دابینکردنی پێداویستیی سەرەتایی خەڵکەوە بگرە تا دەگاتە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، سەرکەوتوو نەبووە، تەنها بەشێکی کەمی کۆمەڵگا واتا بەرپرسان و دەستوپێوەندەکانیان لێی دەخۆن و سامانی ملیۆن و ملیار دۆلارییان پێکەوە ناوە. پرۆژەکانی پەیوەست بە کەرتی نەوت، لە پالاوگەوە بگرە تا گواستنەوە، فرۆشتن و پارێزگاریکردن لە دامەزراوە نەوتییەکان لە کۆنترۆڵی بەرپرسانی حیزبیدان و مانگانە بە ملیۆنان دۆلاریان پێشوەختە دەستدەکەوێ و لای کەسیش جوابگۆ نین، چونکە وەکو ئیمتیاز و بەهای بێدەنگبوونیان وەریدەگرن.

ئینجا ئەوەی بارودۆخەکەی بەو شێوەیە هێشتووەتەوە، ئەوەیە کە هیچ چاودێرییەک بەسەر وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە نییە. واتا ڕاستە وەزیر بانگ دەکرێتە پەرلەمان، بەڵام پەرلەمانتاران جگە لەو داتایانەی کە وەزیر دەیانداتێ هیچ شتێکی زیاتریان لەبەر دەست نییە تا پێی بەراورد بکەن، بۆیە سیاسەتی نەوت و کارپێکردنی نەبووەتە بابەتێکی نیشتمانی.

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیتر دەبێ لەمڕۆ بەولاوە بیرێکی جددی لەمە بکاتەوە. وڵات لە قۆناغی شەڕدایە، بێکاری و بێدەرامەتییەکی زۆر ڕووی تێکردووین، بۆیە کوردستان پێویستیی خێرای بە پێداچوونەوە بە سیاسەتی نەوت و وزە هەیە. هەر نەبێ تا ماوەیەکی دیکە لەگەڵ بەغدا هەڵبکات تا ئەم قۆناغە دەرباز دەکەین و، ئەوەش بە بەهای بێبەشبوونی خەڵکانێکی کەمە لەو خێر و بێرەی دەستیانکەوتووە، چونکە خەڵک بەرپرسیارێتیی خۆی جێبەجێ کردووە و هەق نییە لەبەر خاتری کەس لەوە زیاتر برسی بکرێن.



غیاسەددین نەقشبەندی

# دەستەی مامۆتک یان پیاوکوژی ئاغا

بۆ دەربازبوون لەقەیران و چارەسەرکردنی گرێی ئاڵۆز و نەهێشتنی ئاستەنگ، لەپێناو گەیشتنی مرۆڤایەتی بە ژیاری پێشکەوتوو، کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان هەمیشە پێویستیان بە مرۆڤی زاناو مامۆتک و ردێنسپی هەبووە، ئەو مرۆڤانەش لە دیرۆکدا ڕۆڵی زۆر گرنگیان هەبووە و گەیشتوونەتە پلەو پایەی بەرز کە زۆرجار لە دەسەڵاتدارەکە زیاتر دەسەڵاتیان پەیدا کردووە. ئەو مرۆڤە سەیرانەی دەوروبەری دەسەڵات شێوازی جیاوازیان بەخۆوە بینیوەو کارتێکردنیان لەسەر تەواوی دیرۆک و بڕیارە چارەنووسازەکان هەبووە، شێوازیشیان بەگوێرەی جۆری دەسەڵات گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، هەتاکو گەیشتووەتە بیرۆکەی دامەزراندنی دەستەی ڕاوێژکاری و کۆهزر "Think-Tank" کە دیرۆکێکی کۆنی هەیە و لەگەڵ هەموو قۆناغەکانی ژیان وەکو پێداویستییەکی گرنگ بۆ دەسەڵات ڕۆڵی خۆی بینیوە، ئەگەرچی بەناوی جیاوازەوە ناسرابێت، بەڵام لە دەستەی ئەرکانی جەنگ و دەستەی ردێنسپییەکان و ئەنجومەنی پیران و زانایان بۆ گشت کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاینی، هەموو سوڵتان و حاکم و میر و ئیمپەراتۆرەکان خەڵکی شارەزایان لەدەوروبەری خۆیان کۆکردووەتەوە و ڕاوێژیان پێکردوون.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، هەموو دەزگایەکی گرنگ کۆهزری خۆی هەیە: پێنتاگۆن، دۆما، دەستەی پیران، تەنانەت وەزارەتەکانیش و... هتد. هەریەکە کۆ هزرێکی تایبەتیی خۆی هەیە کە لە کۆمەڵێک پیاوی زاناو عاقڵ پێکهاتوون، ناهێڵن دەسەڵاتدار بڕیاری هەڕەمەکی و هەڵە بدات و بیروڕای نوێ و سەرکەوتووی پێدەدەن.

ئێمەی کورد لەو بوارەداو لەبەر نەبوونی دەوڵەت، تاقیکردنەوەیەکی هەژارو لاوازمان هەیە، ئەگەرچی لەدەوروبەری میرنشینەکان هەمیشە ئەو جۆرە مرۆڤانە هەبوون، بەڵام لەبەرئەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەقۆناغی فیوداڵیزمەوە تێنەپەڕیون، بۆیەش دەبینین ئەو دەستە مامۆتکانەش وەکو کۆمەڵگای کوردستان هەر لەناو قۆناغی دەرەبەگی ماونەتەوە و لەجیاتی مرۆڤی زانا و شارەزا، کوژەک و ڕەشەک و پیاوی ئاغا بوونەتە شیرەتدار، هەمیشە مرۆڤی گومانلێکراو و لەوانەشە سیخوڕ و خاوەن بەرژەوەندیی تایبەت لەدەوروبەری دەسەڵاتداران کۆدەبنەوە.

هەتا دەسەڵاتەکە زاڵتر و ڕەهاتر و بەهێزتربێت، مرۆڤی خوێڕیتر لەدەوروبەری خۆی کۆدەکاتەوە، چونکە دەسەڵاتی وڵاتپەروەر و شەفاف، مرۆڤی تایبەتمەند و مامۆتک و دەزگای ئەکادیمی و لێهاتوو دەکەن بە دەستەی ڕاوێژکاری خۆیان و هێز و توانایەکی یاسایی و بەرفراوانیان پێدەدەن، بۆ ئەوەی ڕەخنە لەدەسەڵات بگرن و نەهێڵن لە ڕێچکەی خۆی قاڕێ ببێت و هەڵە کەمبکرێتەوەو بڕیاری ڕاست و دروست بە خاوەن بڕیار دەربکەن.

لەگەڵ پەیدابوونی سیستمی مۆدێرن و سەرکەوتوو، دەزگای مۆدێرن و پێشکەوتوو پەیدابووە کە بەمیتۆدی زانستی توێژینەوەیان کردووە و بوونەتە هۆیەکی سەرەکی ئەو پێشکەوتنە، هەمیشە هەوڵیانداوە ببنە زێرەڤانی بڕیارەکانی حکومەت. میتۆدی توێژینەوەی ئەو دەزگایانە دەبێتە پێوەری هەڵسەنگاندنیان، ئەگەر تەنها بۆ ڕازیکردنی بڕیاربەدەستەکە بێت، ئەوە زیانێکی زۆر بە دیرۆک و پاشەڕۆژی دەسەڵاتدار و وڵاتەکە دەگەیێنن لەپێناو ئەوەی دەسەڵاتدار بەرژەوەندییەکانی ئەوان بەڕێوەببات و تەنها لە ئەڵقە داخراوەکەی ئەواندا کاربکات، لە ئەنجامدا وەک ئەوەی لەمێژوودا ئاشکرایە، دەسەڵاتدارەکە دەگاتە قۆناغی نەدیتنی ڕاستییەکان و بەرچاوی شێلودەبێت و بێگومان وازی لێناهێنن هەتاکو دەسەڵاتەکەی لاوازدەکەن و دەیکەن بە دوژمنی میللەت و دواتر لەناوی دەبەن.

لەکوردستان کە دەسەڵات تاڕادەیەک ڕەهایەو هێزی بڕیاردان تەنها لەدەست چەند کەسێکدایە، بەردەوام هەوڵدەدرێ دەوروبەری دەسەڵاتدار داخراوبێت، ئەوجۆرە کەسایەتییە سەیرانە دەبن بەکۆسپ لەڕێگای گەیشتنی هەرهزرێکی چاک و ئاڤاکەر بۆ خاوەن بڕیار، وا نیشانیان دەدەن کە ئەو وڵاتە کەسی پەروەر و دڵسۆزی تێدا نییە جگە لەوان، بۆیەش خۆیان دەبنە بڕیاردەری ڕاستەقینەو ئەوەی ئەوان بیانەوێت دەیکەن، چونکە ترسی لێپرسینەوەیان نییە و تەنها دەسەڵاتدارەکە لێیان ڕازیبێت کەسی تر هیچ نییە، ئەوەش کارەساتێکی زۆر گەورەیە لە پراکتیزەکردنی دەسەڵاتدا، چونکە تەنها خراپەکە خراپتر لێدەکەن و بیر لە چاککردنەوەو ڕاستەڕێکردنی دەسەڵات ناکەنەوە بەقەد ئەوەی بیریان لای ڕازیکردنی خاوەن بڕیارە. لەئەنجامدا زیانەکە بەدەسەڵات دەکەوێت و دەسەڵاتداریش لە میللەتی خۆی دووردەکەوێتەوە، ئینجا لە قۆناغی دووەم دەستدەکەن بەترساندن و تۆقاندنی دەسەڵاتدار لەو میللەتەی کە جاران بەخوێن بۆی ئیمزاکردبوو بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست، نموونەی ئەو شۆڕشانەش لە دیرۆکدا زۆرن کە بە شۆڕشی جەماوەری ناوبراون، کەچی دواتر شۆڕشەکەیان لە کەسایەتی دەسەڵاتدارێکی ڕەهادا تەسککردووەتەوە و بەرەو ڕێگای تۆتالیتاریزم بردوویانە و لەبەرچاوی خەڵک کردوویانەتە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری.

دەسەڵاتی کوردی هێشتان نەگەیشتووەتە ئەو ڕادەیە، بەڵام بەو ڕێگایەدا دەڕوات و مەترسییەکی زۆر لەسەر دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین و دیرۆکی پڕ سەروەری و خەباتی حیزبەکان هەیە، کاتی ئەوە هاتووە دەسەڵاتی کوردی لەو قەڵغانە دەربچێت و بۆ میللەت بگەڕێتەوە، چونکە میللەت خاوەنی گەورەترین هێز و دەسەڵاتە و نابێت لەنێوان میللەت و دەسەڵاتدا درزێک بمێنێت و شۆڕش ڕێگا ڕاستەکەی بونیادنان و پێشکەوتن بگرێتەبەر لەجیاتی ڕێچکەی لرفدان و لووشدانی دەسکەوتەکانی میللەت بۆ چەند کەسێکی گومانلێکراو و ڕابردوو پیس و بێ توانا.

ڕاستکردنەوەی دەسەڵاتەکە زۆر سوودی لەوە زیاترە کە لە ئەڵتەرناتیڤ بگەڕێین، بۆیەش دەبێ نەهێڵین حیزبە کوردستانییەکان لەپێناو چەند کەسێکی نامۆ و گومانلێکراو ژیانی میللەت و کێشەی کوردی بخەنە مەترسییەوە، چونکە جارێ زۆر ئیشمان بەو سەرکردایەتییە هەیەو جەنگی گەورەترمان لەپێشە بەر لە گەیشتن بە ڕزگاریی یەکجارەکی و سەربەخۆیی کوردستان.



عەبدوڵڵا ڕشاوی

# ڕەوتی پێکەوە لکاندنەوەی عێراق

لەمیدیای کوردیدا و هەر لەم (ڕووداو)ەشەوە، من و نووسەرانێکی دیکە، چەند وتارمان سەبارەت بە کۆتایی دەوڵەتی عێراق و پێویستیی جیاکردنەوەی سنوورەکانی نێوان کوردستان و عەرەبستانی عێراقی بڵاوکردەوە.

هەموو ئەو نووسینانەی ئێمە لەدوای هاتنی داعش دەستیانپێکرد، هەندێکی وەک پێشبینی و هەندێکی وەک داخوازی و هەندێکی وەک فاکت و هەندێکی دیکەی وەک دیفاکتۆ باسیان لە هەڵوەشانەوەی عێراقی بەناو دەوڵەت کرد.

ئێمە نووسیمان و داعشیش گورزی خۆی وەشاند و درزەکانی نێوان سوننە و شیعە و کوردیش ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵتر بوونەوە، بەڵام هەتا ئێستاش عێراق هەروەکو خۆی ماوەتەوە و ئازارەکانیشی زیاتر دەبن و خوێنی زیاتریشی لەبەر دەڕوات و لە ئاسۆشدا هیوایەکی ئەوتۆ دڵخۆشکەر نابینرێت، جگە لە جیابوونەوە.

پێشبینییەکان گوتران و دیفاکتۆی هەڵوەشانەوەش ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر وەک فاکتێک خۆی نیشانی ڕای گشتی جیهانی و نێودەوڵەتی دا، بەڵام هێشتاش هەر عێراق لە ژانێکی بێ پەرواداییە و خۆدزینەوەیەکی نائەخلاقی هەیە لە "ڕاستیی جیابوونەوە".

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ناوخۆیی ڕەوتێکی بەهێز بۆ پێکەوەلکاندنەوە و پێکەوە هێشتنەوەی ئەم پارچە لێکترازاوانە -کە خوێنیان لەبەر دەتکێ- بەگەرموگوڕی و بەپەرۆشەوە کاردەکات.

ئەو ڕەوتە کە ڕەوتی زۆرینەی باڵادەستە، هەم لەسەر ئاستی جیهان و هەم لەناوخۆشدا و هەم لەسەر ئاستی هەرێمایەتی، جگە لە پێکەوە مانەوە، هیچ سیناریۆیەکی دیکە شک نابات بۆ ڕاگرتنی خوێنبەربوونی ئەم جوگرافیایەی پێیدەگوترێ عێراق.

ئەم ڕەوتە باڵادەستە پێیوایە ئێمەی عێراقی دەبێت ئیرادەی پێکەوە ژیانمان هەبێت، بۆئەوەی بتوانین پێکەوە بەئارامی بژین!

ئەم ڕەوتە هەرگیز ناتوانن بیر لەوە بکەنەوە کە ئێمەی عێراقی دەبێت ئیرادەی لێکجیابوونەوەمان هەبێت بۆ ئەوەی بتوانین پێکەوە بژین.

ترسنۆکیەکی سەخت لەبیرکردنەوەی ئەم ڕەوتەدا هەیە کە ناتوانێت عێراقێکی هەڵوەشاوە لەخەیاڵیدا وێنا بکات، بەڵکو هەرگیز ناشتوانێت وەک ئەگەرێک بیری لێبکاتەوە و ئیشی بۆ بکات، تەنانەت ناشتوانێت وەک ئەڵتەرناتیڤێکیش بیبینێت و بیخاتە سەر مێزی قسەلەسەرکردن.

بەلای ئەم ڕەوتەوە بیرکردنەوە لە هەڵوەشانەوەی عێراق یان جیابوونەوەی بەشێکی، کوفرێکی موتڵەقە و خاوەنەکەی کافر دەبێت و دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا.

هەربۆیە تۆ نابینی لەناو بازنەی سیاسیی عێراقدا هیچ بیرکردنەوەیەک بە ئاراستەی جیابوونەوە هەبێت تەنها چەند دەنگێکی نەشاز نەبێت.

پێموایە دەبێت بۆ لەمەودوا ئەم دەنگانە زیاتر ببن و بۆچوونی خۆیان بگەیەننە ڕای گشتیی جیهانی و دەوڵەتان و بەهەمووانی بسەلمێنن بۆ عێراق جیابوونەوە چارەسەرە نەک پێکەوە مانەوە. (ڕووداو) دەتوانێت لەمەدا ڕۆڵ بگێڕێت.

لەپاش ئەزموونکردنی سەدان ساڵ لە حوکمی پادشایی و کۆماری و پاشان ماوەی دیکتاتۆرییەتی سەدام حوسەین و پاش ئەوەش 11 ساڵ لە حوکمی عێراق لەلایەن عێراقیەکانەوە لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، پاشان هاتنی داعش بەو بەهێزییە بۆ ناو عێراق — کە دەرکەوتنەکەیان لەوەی سووریا بەهێزتر بوو- هێشتاش ڕەوتی "پێکەوە ژیان" لە عێراقدا لەوە تێنەگەیشتووە کە ستراتیژێکی هەڵەی بۆ عێراق هەڵبژاردووە و پێویستە ستراتیژەکەی بگۆڕێت.

ئەم ڕەوتە دەبێت لەوە تێبگات کە پێکەوە لکاندنەوەی زۆرە ملێ، پێکەوە ژیان بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو نەهامەتی و جەنگ و ململانێ و هەڕەشەی بەردەوام دروستدەکات.

ئەم ڕەوتە دەبێت لەوە تێبگات کە "عێراقێکی هەڵوەشاوە" عێراقێکی ئارام دەبێت، نەک عێراقێکی پێکەوە لکێنراو.

عێراقی پێکەوە لکێنراو، عێراقی ئاژاوەو ململانێ و پێشبینییە خراپەکانە، ئەزموونەکان و پێشبینیەکان هەموو ئەمە دەسەلمێنن.

لەدوای جەنگی ئازادیی عێراقەوە هیچ دوو پێکهاتەیەک لە عێراقدا وەک شیعە و کورد هەماهەنگ و لێک نزیک نەبوون، بەڵام ڕووداوەکانی ئێستا ئەوەمان بۆ ناسەلمێنن کە برایەتی و ئاشتەوایی نێوان شیعە و کوردی عێراق بەردەوام دەبێت.

ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان پێیوایە بەناردنەوەی کورد و سوننە بۆ بەغدا کێشەی عێراقی چارەسەر کردووە، با دڵنیابێت زۆر بەهەڵەدا ڕۆیشتووە. ئەمە ئەوپەڕی ساویلکەییە.

بەپێچەوانەوە لۆژیک و ڕووداوەکانی ئەم دواییە و پێشبینیەکانیش پێمان دەڵێن ساڵانی هەنگوینیی نێوان شیعە و کوردیش -کە ڕۆژ بەڕۆژ لە عێراقدا بەهێزتر دەبن- هەرچەند درێژە بکێشێت، هەر کۆتایی دێت.

بۆیە وا باشترە بەئاشتی و بە ویستی هەموو لایەک کۆتایی بێت، نەک بە جەنگ.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# خەڵاتی داعش بۆ میلیشیا

هەرچەندە ئێستا لە دوو بەرەی دژ بە یەکدان، بەڵام پەیدابوونی داعش و پێشڕەوییەکانی بەرەو بەغدا دیارییەکی ئیلاهی بوو بۆ بەهێزبوونی میلیشیا شیعەکان لە عێراقدا. لەم ڕۆژانەدا کە لە ئێران یادی زۆرتر لە سی ساڵ دامەزراندنی هێزە خۆبەخشەکان (بەسیج) دەکرێتەوە، هێزە خۆبەخشە شیعەکان لە عێراق (میلیشیای شیعە) بەرەو یادی یەکساڵەی دامەزراندنیان دەڕۆن. دوو هێز لە دوو وڵاتی جیاوازدا، بەڵام دامەزراو بە هەمان بیرکردنەوە و هەمان مەبەست.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە کۆتایی ساڵانی حەفتای سەدەی رابردوو، دامەزرێنەرانی کۆمارە ئیسلامییە نوێیەکە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سوپای سەردەمی شاهەنشاهییان نەدا. ئەو سوپایەی ئەفسەرەکانی چەند مانگێک پێشتر خزمەتکاری "ئەعلا حەزرەت" بوون، دەستیان بەسەر سنگەوە دەنا بۆ "حەزرەتی ئیمام". بەڵام ئایەتوڵڵا خومەینی متمانەی بەو دەست لەسەر سنگانە نەکرد و فتوای سازکردنی سوپایەکی هاوتەریبی بەناوی بەسیج دا. ئەو سوپایە لەو گەنج و پیرە خۆبەخشانە پێکهات کە خەڵکی ئێرانیان هاندەدا بەشداری لە شەڕی دژی رژێمی سەدام بکەن.


ئەوکات پێشبینی دەکرا لە ئایندەی زۆر نزیکدا ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئێران دەتوانن چەک هەڵبگرن بگاتە بیست ملیۆن کەس، بۆیەش خومەینی ناوی لەو سوپا خۆبەخشە نا (ئەرتەشی بیست ملیۆنی). ئەرتەشێک کە دوای زۆرتر لە سی ساڵ، ئێستاشی لەگەڵدابێت جێدەستی بەسەر رووداوە سیاسی و ئەمنی و تەنانەت ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیشەوە لە ئێران دیارە.

ئێستا بەسیج لە نێوەوەی ئێران لە سەرکوتکردنی جووڵانەوە نارەزاییئامێزەکان، لە ئامادەکردنی گرووپە میلیشیاییە شیعەکانی دەرەوەی ئێران و لە هەر ئەرکێکی دیکەدا کە ئامانج لێی پاراستن و فراوانکردنی هەژموونی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێت بەشداری دەکات. واتە هێزێکە چیدیکە وەکو هێزێکی کاتیی دروستکراو بۆ قۆناخی جەنگی ئێران و عێراق تەماشای ناکرێت.

لە عێراقیش نموونەیەکی هاوشێوەی ئێران دووبارەبووەوە. ئەویش دوای ئەوەی داعش هەڕەشەی جدیی لەسەر ئاسایشی بەغدا دروستکرد و بەکۆمەڵ گەنجی عێراقیی شیعەی کوشتن، ئایەتوڵڵا خومەینی نا، بەڵکو ئایەتوڵڵا سیستانی فتوای پێکهێنانی (حەشدی شەعبی)ی دا، کە مانا عەرەبییەکەی دەقاودەق هەمان مانای بەسیجە فارسییەکەیە. جیاوازییەکە تەنیا ئەوەیە کە بەسیجییەکان وێنەی خومەینییان بەرزدەکردەوە، بەڵام میلیشیا شیعەکان وێنەی سیستانی بەرزناکەنەوە و لەجیاتی ئەو وێنەی خامنەییان بەرزکردووەتەوە.

لەماوەی رابردوودا بۆ دوو کاری رۆژنامەڤانی چوومەتە نێو میلیشیا شیعەکانی عێراق. هەردووجار بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەی کە: ئایا ئەوانە لە ئایندەدا دەبنە مەترسی بۆ سەر باشووری کوردستان یان نا، چوومەتە لایان. ئەوانم وەکو مرۆڤی میواندار و بەڕێز ناسیوە کە لەسەر ئاستی خوارەوە برایەتی و دۆستایەتیی پێشمەرگەیان پێخۆشە. بەدووریشیان زانیوە کە رۆژێک لە رۆژان لوولەی تفەنگەکانیان لە کوردستان بکەن، بەڵام هیچ جارێک بەشی ئەوەندە دڵنیاییم لە سەرکردەکانیان وەرنەگرتووە کە وابکات بێگومان بم لەوەی ئیرادەی فەرماندەکانیان و ئەجێندای سیاسییەکانیان بەسەر خۆشەویستیی سەربازەکانیاندا بەرامبەر پێشمەرگە سەرناکەوێت.

ئەزموونی بەسیج لە ئێران و حیزبوڵڵا لە لوبنان پیشانیدەدەن کە لە هەر وڵاتێکدا شیعە لەگەڵ پێکهێنەرەکانی دیکە بژیت، متمانەی تەواو بە سوپای ئەو وڵاتە ناکات و هەمیشە سوپایەکی هاوتەریبی شیعە دروستدەکات. بۆیە دڵنیام لە عێراقیشدا حەشدی شەعبی دەبێتە شتێکی هاوشێوەی ئەو دوو هێزەی ئێران و لوبنان. رەنگە لە ئایندەدا ئەوەش بە کورد بگوترێت کە مادام قبوڵمان بێت پێشمەرگە لە چوارچێوەی سیستمی بەرگریی عێراقدا هێزێکی دەستووری بێت، کەواتە دەبێ قبوڵمان بێت حەشدی شەعبیش بۆ شیعەکانی عێراق هەمان رەوشی هەبێت. ئیتر ئەوکات خوا رەحممان پێبکات ئەگەر ئەو دوو هێزە، لە ئایندەدا دەستوورییە، لە شەڕی داعش ببنەوە و شیر و تیر لەیەکدی بسوون.






بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# پاپا چی بە ئەردۆغان گوت؟

کاتێک هەواڵی سەردانی پاپا فرانسیس بۆ تورکیا لەو وڵاتەدا بڵاوبووەوە، نەیارانی ئەردۆغان هەوڵیان دا پاپا بکەنە نوێنەری خۆیان بۆ گەیاندنی نارەزاییەکانیان پێی. ویستیان لە رێگەی پاپاوە نیشانەی پرسیار لەسەر رەوایی سەرۆک کۆماریی ئەردۆغان و کۆشکە نوێیەکەی دابنێن.

هەندێک گوتیان نابێت پاپا سەردانی ئەردۆغان بکات، هەندێکی دیکە گوتیان بابێت بچێتە کۆشکی ئاکسەرای. بەڵام پاپا فرانسیس گوێی لە هیچ یەکێک لەم قسانە نەگرت و گەرموگوڕانە سەردانی ئەنقەرە و ئیستەنبوڵی کرد.

لەگەڵ ئەردۆغان زۆر دۆستانە چوونە بەردەم کامێراکان و دەستیان خستە ناو دەستی یەکەوە. پاپا سوپاسی تورکیای کرد کە دەرگای کردووەتەوە بۆ پەنابەران. گوتیشی "تەنها هاوکاری مرۆیی بەس نییە، پێویستە سەرچاوەکانی ئەم کارەساتانە بنەبڕ بکرێن"، وەک بڵێی پشتگیری لە خواستەکەی ئەردۆغان بکات بۆ رووخاندنی بەشار ئەسەد.

بە کورتیەکەی پاپا بە ئەردۆغانی گوت: من کارم بەو ململانێ ناوخۆییانە نییە کە لەناو تورکیادا هەن و لە نێوان ئێوە و ئەوان پشتگیری لە ئێوە دەکەم. هاوبۆچوونیشم لەگەڵتان لەسەر بابەتی دایەلۆگی نێوان شارستانییەکان.

گرنگتر لە پەیامەکانی پاپا، ئەو پەیامانە بوون کە ئەردۆغان لە پێشوازیکردنی پاپادا دای بە هەموو جیهان. پێش هەموو شتێک یەکەمین کەسایەتی بیانی بوو کە لە کۆشکی نوێی سەرۆک کۆماری (ئاک سەرای) پێشوازی لێکرد. لە پرێس کۆنفرانسە هاوبەشەکەشیاندا گوتی "لەگەڵ پاپا لەسەر هەموو ئەو بابەتانەی قسەمان لەبارەوە کردن هاورا بووین".

نازانم ئێوە ئەم قسەیە ناو دەنێن چی، بەڵام من پێموایە سەرەتایەکە بۆ نۆژەنکردنەوەی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا. تورکیا لە ساڵانی 2009-2010 روویکردە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. راستە هێشتا دەیانگوت یەکێتی ئەورووپا بەشێکە لە ئامانجە ستراتیژییەکانیان، بەڵام بەڕوونی ئەولەویەتیان دا بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لە سەرەتاکانی بەهاری عەرەبیشدا سەردانەکانی ئەردۆغان بۆ ئەو وڵاتانە و هەوڵدانی بۆ وەرگرتنی رۆڵی سەرکردە بەشێک بوون لە سیاسەتی بوون بە هێزی بڕیاردەر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ژمارەیەک لە بیرمەندە تورکەکانیش ئەوکات دەیانگوت "ببین بە سەرکردەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر باشترە لەوەی ببینە پاشکۆی ئەورووپا".

بەڵام پێشهاتەکانی ئەم دواییەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتیش شکستهێنان لە خستنی ئەسەد، بوونە هەوێنی دروستبوونی وەرچەرخاندنێکی نوێ لە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەدا. لێدوانەکانی ئەردۆغانیش لە پێشوازیکردنی پاپادا ئاماژەی بەهێزبوون بۆ ئەو وەرچەرخاندنە.

دەکرێت بڵێین ئەنقەرە تێگەیشت لەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو بەهەشتە ئەمینە نییە کە تورکیا بتوانێت ببێتە سەرکردەی و لەو رێگەیەوە بەرەو بە تواناکانی بدات. تورکیا ناچارە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بەردەم دەرگای ئەورووپا و هەوڵی بوون بە بەشێک لە یەکێتی ئەورووپا بدات.

ناڵێم بە تەواوی دەست لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەشۆن. نەخێر لەلایەکەوە هەر لە هەوڵی دروستکردنی کاریگەری دەبن لەسەر ناوچەکە، بەڵام هیچ نەبێت واز لە ئیدیعای برا گەورەیی و رۆڵ مۆدێلی دەهێنن. لە بری ئەوە یەکێتی ئەورووپا دەخەنەوە ئەولەویەتی خۆیان.

لایەنێکی دیکەی سەردانەکەی پاپا پەیوەندی بە تێزی دایەلۆگی نێوان شارستانیەتی و ئاینەکان هەیە کە ئەردۆغان داکۆکیکارێکی سەرسەختێتی. پاپا فرانسیس لە 13/3/2013وە کە هەڵبژێردرا بە پاپای نوێی ڤاتیکان، پەیامی ئەرێنی داوە بە ئاینەکانی دیکە. ئەمەش نیشانەیەکە بۆ پشتگیریکردن لە پرۆژەی دایەلۆگی نێوان شارستانییەکان.

بێگومان گرنگە سەرکردەی روحانی جیهانی کاتۆلیکی پشتگیری لە بیری دایەلۆگی نێوان شارستانییەکان و پێکەوەژیانی نێوان ئاینەکان بکات. بەڵام لێرەدا پرسیارێکی گەورە رووردەکاتە جیهانی ئیسلامی: ئایا ئێمە کە هێشتا نەمانتوانیوە لە نێوان خۆماندا رێکبکەوین، ئامادەین بۆ لێکگەیشتن لەگەڵ جیهانی مەسیحی؟ بە واتایەکی دیکە ئێمە کە هێشتا دەناڵێنین بە دەست شەڕی نێوان مەزهەبەکانەوە، چۆن بتوانین ئاشتی نێوان ئاینەکان بەدیبهێنین؟ پێویستە بیرمەندە ئیسلامییەکان کە پشتگیری لە تێزی دایەلۆگی نێوان شارستانییەکان دەکەن کارێکی جددی لەسەر ئەم پرسیارە بکەن.

ئەگەر بگەڕێمەوە سەر وەڵامی ئەو پرسیارەی لە سەردێڕەکەدا پرسیم، بە کورتییەکەی پاپا بە ئەردۆغانی گوت پشتگیری لە خۆت و سیاسەتەکانت دەکەم، ئەردۆغانیش لە رێگەی پاپاوە بە ئەورووپا و رۆژئاوای گوت ناکۆکیم لەگەڵ ئێوە نییە. ئەگەر ئەم پەیامانە بە کردەوە رەنگبدەنەوە لەسەر سیاسەتی تورکیا و یەکێتی ئەورووپا، من زۆر بە دووری نازانم لە ماوەی داهاتوودا ئەنقەرە هەنگاوێکی زیاتر بچێتە پێشەوە لە ئەندامبوون لەو یەکێتییە. ئەمەش دواجار کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر هەم چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا و هەم پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و هەولێر.

دەمەوێت بڵێم، تورکیای ئەندامی یەکێتی ئەورووپا زۆر باشترە بۆ ئێمە بە بەراورد لەگەڵ تورکیای سەرکردەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.



مەهدی ئەبووبەکر

# هەلێکی گەورە لەبەردەم (رووداو)دا

سەرم لە ژاوەژاوی بەناو رەخنەگرتن لە تۆڕی میدیایی رووداو دەرناچێت. دەڵێن گوایە بە پارەی نەوت دامەزراوە، بەڵێ بە پارەی نەوت، ئەو نەوتەی لە ماوەی 90 ساڵی رابردوودا تەنیا کارەساتی بۆ ئەم وڵاتە بەرهەمهێناوە.

ئەوانەی ئەو "رەخنە" بێ مانایە دەگرن، ئایا پرسیاریان لە خۆیان کردووە، کەناڵەکانی تری میدیا لە کوردستاندا، چۆن و بەپارەی چی و کێ دامەزراون؟ ئایا پرسیاری ئەوەیان کردووە، راگەیاندنەکانی تر خەرجیی مانگانە و مووچەی کارمەندەکانیان چۆن و بە پارەی چی دابین دەکەن؟ وەڵامی ئەو دوو پرسیارە لە وەڵامی پرسیاری (1+1) ئاسانترە، چونکە سەرجەم کەناڵەکان حیزبین و حیزبەکانیش پارە لە خەزێنەی حکومەت دێننە دەرەوەو دەیکەن بە گەرووی راگەیاندنەکانیاندا.

واتە خەرجیی ئەوانیش هەر لە پارەی نەوت و داهاتەکانی دی دابین دەکرێت، خۆیان گوتەنی: لە قوتی خەڵک دەبڕدرێت و بەوان دەدرێت. هەر کەسێکیش وەڵامێکی پێچەوانەی هەیە، ئەوە دیارە حیزبەکەی ئەو یان پارە لە وڵاتێکی بێگانە وەردەگرێت یاخود حیزبەکەی بازرگانی دەکات و لە رێگەی بازرگانییەوە پارە پەیدا دەکات. حیزبێکیش پارە لە وڵاتێکی بێگانە وەربگرێت یان بازرگانی بکات، لە یەکەمیاندا دەبێتە جاسوس و لە دووەمیاندا دەبێتە کۆمپانیا.

کەواتە بۆچی تەنیا باسی (رووداو) دەکرێت؟ بۆچی تەنیا ئەو کەناڵە کەوتووەتە بەردەم سێرەی تفەنگ و نیشانەی لێدەگیرێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارەیان تۆزێک ئاڵۆزە، چونکە زۆربەی "رەخنەگرەکان" پیاوی حیزبەکانن و دەیانەوێ بڵێن: پارتی دەستی بەسەر داهاتی نەوتدا گرتووەو کەناڵی رووداویشی بەو داهاتە دروستکردووە. ئاڵۆزی و پارادۆکسەکە لێرەدایە، چونکە خودی ئەو حیزبانەی پیاوەکانیان بۆ "رەخنەگرتن" لە رووداو هاندەدەن، خۆیان بەدوای پارتیدا راکەڕاکیانە، خواخوایانە پارتی چاوێکی خێری لێیان بێت و پۆستێک یان بڕێک پارەیان لە مست بکات، لەوەش سەیرتر ئەوەیە خودی ئەو کەسانەی "رەخنە" دەگرن، خۆیان شەڕەشان و پێشبڕکێیانە تا لە شاشەی رووداوەوە دەربکەون!

سەرئەنجام لەناو ئەو ئاڵۆزییەدا دەگەینە ئەو بڕوایەی "رەخنەکان" ترسن لەوەی رووداو شاشەیەکی جیاواز، بەناوەڕۆکێکی جیاوازەوە بخاتەڕوو. ترسە لەوەی ئەوانی "رەخنەگر"ی بێ پرۆژەی میدیایی و سیاسی، بەرگەی ئەو جیاوازییە نەگرن و لەبەردەم پرۆژە میدیاییەکەی رووداودا شکستبهێنن.

باشە رووداو لەم ساڵ و چەند مانگەی تەمەنیدا، شاشەیەکی جیاوازی خستووەتەڕوو تا ببێتە دێوەزمە و ئەو فۆبیا گەورەیەیان لا دروست بکات؟ زانستی راگەیاندن پێماندەڵێت: بەڵێ رووداو شاشەیەکی جیاوازە، بەڵام هێشتا ماویەتی! هەرچەندە ئەو شاشەیە، بەچەند فرسەخێک لە پێش کەناڵەکانی ترەوەیە لەرووی رومالکردنی هەواڵ، فیچەر و بەدواداچوونی هەواڵ، پێشکەشکردنی زانیاری، بەرنامەی جیاواز و چاوپێکەوتنەکان، بەڵام هێشتا کەمی کردووە و زۆری ماوە.

ئاشکرایە میدیاکان جگە لە ئەرکی پیشەیی راگەیاندن، ئەرکێکی کۆمەڵایەتی، کەلتووری و سیاسیشیان لەئەستۆیە، هەر راگەیاندنێکیش بە گوێرەی فەلسەفەی سیاسیی خۆی ئەو ئەرکە رایی دەکات. کەناڵی رووداو، بەگوێرەی ئەو فەلسەفە سیاسییەی بانگەشەی بۆ دەکات، دەبێت ئەرکە کۆمەڵایەتی، کەلتووری و سیاسییەکەی بریتی بێت لە: ئاشتی کۆمەڵایەتی، دروستکردنی کەلتووری لێبووردەیی، یەکترقبوڵکردن و رەتکردنەوەی توندوتیژی. لەڕووی سیاسیشەوە هەوڵ بۆ پەرەپێدانی ئازادیی سیاسی و فرەیی بیرکردنەوە و جێگیرکردنی دیموکراسی بدات.

لەم رەوشە سیاسییەی ئێستای کوردستاندا، هەلێکی گەورە لەبەردەم رووداودا رەخساوە تا ببێتە کەناڵێکی نیشتمانیی سەرتاسەری، کەناڵێک "هەموو" هاووڵاتییەک خۆی تێدا ببینێتەوە. "هەموو" بۆچوونە سیاسییەکان خۆیانی تێدا ببیننەوە. "هەموو" ئاین، تائیفە و نەتەوەکان، خۆیانی تێدا ببینن.

لەم رەوشە سیاسییەدا، گۆڕەپانەکە تەنیا یەک یاریزانی تێدایە، ئەویش تەنیا دەسەڵاتە و یاریزانی بەرامبەر کە ئۆپۆزسیۆنە مەیدانەکەی چۆڵکردووە و داویەتیە پاڵ دەسەڵات، بۆیە راستەوخۆ هەموو کەناڵەکانی راگەیاندنیش بوون بە کەناڵی دەسەڵات، واتە چۆن پرۆسە سیاسییەکە لاسەنگ بووە، ئاواش مەیدانی راگەیاندن لاسەنگ بووە، ئەوەش هەلە زێڕینەکەیە کە رووداو دەتوانێت (ئەگەر بیەوێت) بیقۆزێتەوە و پارسەنگی ئەو لاسەنگییە میدیاییە سیاسییە بداتەوە. چۆن؟ رووداو دەتوانێت ببێتە سەکۆی ئەوانەی لە ئەنجامی پرۆسە سیاسییەکەدا بێ سەکۆ ماونەتەوە، چونکە راگەیاندنێک ئەگەر تەماحی بوون بە راگەیاندنی نیشتمانی هەبێت، پێویستە سەکۆی "هەمووان" بێت و هەڵاوێردی سیاسی، ئاینیی، مەزهەبی و نەتەوەیی نەکات. بەنیشتمانیبوونی رووداویش هەم وەڵامێک دەبێت بۆ "رەخنەکان"، هەم هەنگاوێکی گەورەش دەبێت بۆ چەسپاندنی قەوارەی سیاسیی کوردستان، چونکە راگەیاندنی نیشتمانی، یەکێکە لە بنەماکانی دروستکردنی یەکێتی نیشتمانی. ئایا رووداو ئەوە دەکات یان نا؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لای رووداوە.



دەیڤد رۆمانۆ

# ئەردۆغان.. مامێکی شێت یان سەرکردەیەکی وردژمێر؟

بەم دواییە رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا هێندەی لە لاپەڕەی سەرەکی رۆژنامەکانی تورکیادا دەردەکەوێت، ئەوەندەش لە لاپەڕەی رۆژنامە نێودەوڵەتیەکاندا دەردەکەوێ. بەڵام لە رۆژنامە نێودەوڵەتیەکاندا زۆرجار لەبەرئەوە دەردەکەوێت کە یان هەواڵێکی شەرمهێنەر وابەستەی چیرۆکەکەیە، یان ئەوەتا شتێکی بێ مانا رادەگەیەنێت، یان لێدوانێکی توندی داوە.

دوا وتەی بەڕێز ئەردۆغان ئەوەیە کە ژنان لەگەڵ پیاوان یەکسان نین. پێش ئەوەش بەڕێز ئەردۆغان دانایی خۆی لەمەڕ دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکا لەلایەن کەشتیوانە موسڵمانەکانەوە خستبووەڕوو. بەپێی داناییەکەی بەڕێز ئەردۆغان کەشتیوانە موسڵمانەکان نزیکەی 300 ساڵ پێش کۆلۆمبس ئەمریکایان دۆزیوەتەوە و کاتێک کە لەوێ بوون مزگەوتێکیشیان لە کووبا دروستکردووە. پێش ئەوەش بیستمان کە باڵیۆزی ئەمریکا لە ئەنکەرە لە پیلانێکدا هەوڵی لەکارلابردنی ئەردۆغانی داوە و پێشتریش ئەوەمان بەرگوێ کەوت کە لۆبی سووی بانکەکان هەوڵی رووخاندنی تورکیا دەدات و کوڕ و کچی خوێندکار نابێت لەهەمان بەشە ناوخۆیی بمێننەوە و ئیسرائیل لە هیتلەر خراپترە و موسڵمان ناتوانێت جینۆساید بکات، یان پێویستە هەر ئافرەتەی سێ منداڵی ببێت و هێزەکانی بێزەنتاین سەلجوقەکانیان لە ساڵی 1071 بۆمبباران کردووە (هەرچەندە چەند سەد ساڵێک دوای ئەو بەرواره ئینجا بۆمب دروستکراو لە بەرەکانی شەڕدا بەکارهێنرا)، هەروەها خۆپێشاندەرە ئاشتیخوازەکانی ئیستەنبوڵ "دز و جەردە"ن. پاشان چەند ئەندامێکی دیکەی پارتەکەی و نزیکی خۆی لە هەندێک لێدوانی هاوشێوەی ئەوانەی ئەردۆغاندا رایانگەیاند کە ئافرەت نابێت لە شوێنە گشتیەکاندا پێبکەنێت (جێگری سەرۆک وەزیران بولەنت ئارنج ئەوەی گوتبوو). هەروەها "هێزی تاریک" هەوڵیانداوە بەڕێز ئەردۆغان لە رێگەی جوڵاندنی هزرییەوە (جوڵاندنی تەن لە رێگەی هۆشەوە) تیرۆر بکەن (یگیت بولوت، سەرۆکی دەستەی راوێژکاری ئەردۆغان ئەوەی گوتووە).

لای زۆر کەس بەڕێز ئەردۆغان بەهۆی ئەم قسانەیەوە وای لێهاتووە وەکو ئەو مامە شێتە بێتە پێشچاو کە لە زۆر خێزاندا هەیە. شۆ کۆمیدیەکانی ئەمریکا ئێستا بابەتەکانیان هەر لەسەر ئەردۆغانە کە جاران لەسەر قەززافی بوو. کێ گوتە کۆمیدیەکانی قەززافی لەبیر نییە. هەمووومان چارەسەری قەزافی بۆ کێشەی فەلەستین و ئیسرائیلمان لەبیرە کە بۆخۆی پێیدەگوت ئیسراتین. یان "بیردۆزی رەنگ"ی سیاسەتە نێودەوڵەتیەکەیمان لەبیرە. بەهەرحاڵ، ئێستا هەندێک لە چاودێران پێیانوایە کە ئەردۆغان هەم لە رۆژەڤ دابڕاوە و هەم چیدی لەلایەن راوێژکارەکانیەوە ئامۆژگاری ناکرێت و دەزگاکانیش ئامادە نین رووبەڕووی بوەستنەوە.

لە چەند ساڵی سەرەتای سەرۆک وەزیرانیدا، ئەردۆغان ناچار بوو وریایانە ئاگای لە وشەکانی بێت. پارتی داد و گەشەپێدان هێشتا نوێ بوو لە گۆڕەپانی سیاسیدا و دادگای باڵای تورکیا ئامادە بوو ئەو پارتە دابخات هەرکاتێک بیەوێت، سوپاش ئامادە بوو هەرکاتێک هەنگاوێکی هەڵە بنێت لە کار لایبدەن و زۆر چاودێری نێودەوڵەتی هێشتا گومانیان لە نیازی پارتی داد و گەشەپێدان و ئەردۆغان هەبوو. بەڵام لە دوای 2007ەوە بڕوابەخۆبوونی بەڕێز ئەردۆغان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە. پارتەکەی هەڵبژاردن لە دوای هەڵبژاردن سەرکەوتنی بەدەستهێنا. لە کەیسێکی دادگا بۆ داخستنی ئەو پارتە رزگاری بوو. سوپا دوورخرایەوە بۆ نێو سەربازگەکانی خۆی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش گەیشتە بڕوایەک کە ئەردۆغان کەسێکی میانڕەوە و سیاسەتەکانی مەیلەو کاپیتالیزم و کۆنزێرڤاتیزمە. دوای ئەوەی کە ئەردۆغان خۆی لە رابردووی خۆی رزگارکرد، ئینجا بوو بە ئەردۆغانی راستەقینە. چیدی لەوە دوودڵ نییە کە بۆچوونی خۆی بخاتەڕوو. هەرچەندە بێئاگا و دوور لە راستی بێت، بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی هەر شتێک بیەوێت دەخاتە روو. سەرئەنجامیش، ئەو هەواڵە کۆمیدیانەی ئەمڕۆیان لێکەوتەوە کە زۆر تورک پێی شەرمەزارن و خەمی ئەو وێنەیەیانە کە ئەردۆغان بۆ تورکیا دروستی کردووە.

بەڵام جۆرێکی دیکەی تورکیش هەن. زۆربەی هاووڵاتیانی تورکیا هاوڕان لەگەڵ ئەردۆغان لەبارەی مەسەلەی ژنان، لەبارەی مەسەلەی چەتەکان، ئیسرائیل و مێژوو. لەبری ئەوەی شەرمیان بە وتەکانی سەرۆکەکەیان بێت، شانازی بە قسەکانی ئەردۆغانەوە دەکەن و هێندەی دیکە ئەردۆغانیان لا خۆشەویست دەبێت. سەرۆکی کاریزماتیک، ئەو سەرۆکانەن کە وێنەی شوێنکەوتووەکانیان لە خۆیاندا بەرپا دەکەن. لەم رووەوە ئەردۆغان کەسێکی شارەزایە و دەزانێت خەڵکەکەی حەزیان لێیە گوێیان لە چی بێت. ئەو دەنگدەرانەش کە بە قسەکانی ئەردۆغان تووڕەن دەربارەی مافی یەکسانی ژن، ئەو کەسانەن کە دەنگ بۆ ئەردۆغان نادەن لە هەر حاڵێکدا. کەوایە ئایا ئەردۆغان بە هەڵە قسەکانی دەکات و لێدوانی شەرمهاوەر دەدات، یان ئەوەتا لە شانۆیەکی ورد و داڕێژراودا کار لەسەر زیادکردنی دەنگەکانی دەکات؟ رەنگە هەردووکیان بێت. سەرکردەی وەکو ئەردۆغان چاودێری غەریزەی خۆیان دەکەن و ئاگایان لە حەز و خواستەکانی شوێنکەوتووانیانە. زۆرجاریش بڕوا بە قسەکانی خۆیان دێنن. بەڵام کاتێک کە متمانە بەخۆبوونی ئەو سەرکردانە لە پێویست زیاتر دەبێت، ئەوان ئیتر بەوردی چاودێری وتەکانی خۆیان ناکەن. لەسەرووی هەمووشیەوە، ئەوان چیدی گوێ لە راوێژکارەکانیان ناگرن، هەرچەندە راوێژکارەکان جیهانی دەرەوە لە خۆیان باشتر دەناسن. یان ئەوەتا کە ئەو راوێژکارانە چیدی قسە ناکەن، چونکە سەرکردەکانیان لێبووردە نابن لەبەرامبەر رەخنەدا. دەرئەنجامەکەش ئەوە دەبێت کە ماددەیەکی زۆر بۆ کۆمیدیا و گۆشەنووسەکان بەرهەم دێت.

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## سۆنیا ماچەکەی هەڵگرتووە بۆ هاوسەری داهاتووی

12 «

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

rudaw@rudaw.net Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی 07501130997 پارکی ئازادی نووسینگەی سلێ... هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات

